ڕێبوار تاڵەبانی: بۆ ئەنجامدانی کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک چاوەڕێی پارتی و یەکێتی دەکەین

سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک دەڵێت، بۆ ئەنجامدانی کۆبوونەوەی ئەنجوومەنەکە، چاوەڕێی بڕیاری لیژنەی هاوبەشی یەکێتی و پارتی دەکەن. ئاماژەشی دا، سووتاندنی گەنمی جووتیارانی کورد، دەستی داعش و حەشدی شەعبیشی تێدایە. **(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)**

تا ژیان بەردەوام بێ، خەبات بەردەوامە

XEBAT

خەبات

ڕۆژنامەیەکی سیاسیی ڕۆژانەیە
ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستانە

ژمارە (5756) پێنج شەممە 23ی ئایار2019 «16» لاپەڕە «500» دینار

هەولێر... دوازدە لایەنی سیاسیی هەرێمی کوردستان لەبارەی ڕەوشی ناوچە کوردستانییەکان هاتنە دەنگ

12 پارت و لایەنی سیاسیی هەرێمی کوردستان، بەمەبەستی ناڕەزایی دەربڕین لە بەرانبەر ڕەوشی ناجێگیر و ئاڵۆزی ناوچە کوردستانییەکان و هێرش بۆ سەر هاوواڵاتیانی کورد و هەوڵی تەعریبکردنەوە هاتنە دەنگ. **(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)**


نوێنەری نەتەوە یەکگرتووەکان لە وەڵامی نامەکەی نێچیرڤان بارزانی:

کاتی ئەوەیە چارەسەرێکی بنەڕەتی بۆ ماددەی 140 بدۆزرێتەوە

حکوومەتی هەرێم داوا دەکات بنکەی سەرەکی بەرنامەی مرۆیی نەتەوەیەکگرتووەکان لە بەغداوە بگوازرێتەوە هەولێر



لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا نێچیرڤان بارزانی سەرۆکوەزیرانی هەرێمی کوردستان کە هاوکات کاندیدی پارتی دیموکراتی کوردستانیشە بۆ پۆستی سەرۆکی هەرێمی کوردستان نامەیەکی تایبەتی بۆ ئەنتۆنیۆ گوتێرێش سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان نارد و لە نامەکەدا کە لە پێنج خاڵی سەرەکی پێشنیاریدا پێکهاتووە، دەربارەی کاری داهاتووی نەتەوەیەکگرتووەکان لە عێراقدا، سەرۆکوەزیرانی کوردستان لە نامەکەدا ڕایگەیاندووە، نێردەی تایبەتی سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراق، دەتوانێت ڕۆڵێکی سەرەکی بگێڕێت وەک ناوبژیوان بۆ دەستپێکردنی دایالۆگ لە نێوان حکوومەتی هەرێمی کوردستان و حکوومەتی عێراق بە مەبەستی چارەسەرکردنی کێشەکان و هەروەها جێبەجێکردنی ماددەی 140ی دەستووری عێراق، هەروەها داواشی کرد نەتەوە یەکگرتووەکان نوێنەرێکی تایبەت لە هەولێر دابنێت. **(لەمبارەیەوە ڕاپۆرتێک لە ل3 بخوێنەوە)**



مەسرور بارزانی لەگەڵ کونسوڵی گشتیی ئەمەریکا لە هەولێر کۆبۆوە

دوێنێ چوارشەممە، مەسرور بارزانی ڕاوێژکاری ئەنجوومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان پێشوازی لە ستیف ڤاگن کونسوڵی گشتیی ئەمەریکا لە هەولێر کرد. لەدیدارێکدا دوا پێشهاتەکانی دۆخی ناوچەکە بە گشتی و هەنگاوەکانی پێکهێنانی کابینەی نوێی حکوومەتی هەرێمی کوردستان تاوتوێ کرا. **(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)**

پێشمەرگە و سوپای عێراق لەسەر چەند خاڵێک ڕێککەوتوون

جێگری بەرپرسی میحوەری ڕۆژئاوای دیجلە ڕایگەیاند، ئەوان و هێزە عێراقییەکان لەسەر هاوئاهەنگی و دابینکردنی ئاسایشی ڕۆژئاوای دیجلە، ڕێککەوتوون. **(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)**



کچە کوردێکی ئێزدی

لەسەر لیستی پارتی بووە ئەندامی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق

بەرپرسی لقی 20ی شێخان بە «خەبات»ی ڕاگەیاند: دوای ئەوەی کە ئەنجامەکانی هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق ڕاگەیەندرا و کاندیدی لقی 20 شێخان "دکتۆرە خالیدا خەلیل" سەرکەوتنی بەدەستهێنا، بەڵام دوای چەند ڕۆژێک ئاگادارکرایەوە کە ئەو دەرنەچووەو گوایە کاندیدێکی دیکە سەرکەوتووە. **(زیاتر لە ل4 بخوێنەوە)**

ڕێککەوتنەکەی یەکێتی لەگەڵ ڕاکان جبووری زەرەر بە کوردی کەرکووک دەگەیەنێت

سەرکردەیەکی بزووتنەوەی گۆڕان بەهۆی ڕێککەوتنەکەی نێوان یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان و پارێزگاری ناشەرعیی کەرکووک، ئاشکرای کرد کە دۆخی شارەکە ئاڵۆزتر دەبێت و سەرسوڕمانی خۆشی لەوە دەربڕی کە چۆن یەکێتی ڕێککەوتن لەگەڵ «کەسێکی شۆڤێنی»دا دەکات؟ **(زیاتر لە ل4 بخوێنەوە)**

وەزیری پلاندانانی عێراق:

سااڵی داهاتوو لە مانگی تشرینی یەکەم سەرژمێری گشتیی لە عێراق ئەنجام دەدرێت

وەزیری پلاندانانی عێراق، نوری سەباح دلێمی ڕایدەگەیەنێت، کە هەموو ئامادەکارییە پێویستییەکانیان تەواو کردووە بۆ ئەنجامدانی سەرژمێری گشتیی لە سەرتاسەری وڵات لە تشرینی یەکەمی 2020. **(زیاتر لە ل4 بخوێنەوە)**

کەنەدا لە مەشقپێکردن بەهێزی پێشمەرگەی کوردستان بەردەوام دەبێت

هێمن هەورامی، جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان، پێشوازی لە پێگاسە تەیلەر، جێگری بەڕێوەبەری کاروباری عێراق لە وەزارەتی دەرەوەی کەنەدا و نانسی بیرگیرون، بەرپرسی نوسینگەی هەولێر لە باڵیۆزخانەی کەنەدا لە عێراق کرد. **(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)**

قیرێکی نوێ بۆ قیرتاوکردنی دووسایدی نێوان زاخۆ - دهۆک بەکاردەهێنرێت

کۆمپانیایەکی خۆمالّی بە هاوکاریی کۆمپانیایەکی ئیتالّی و بە چاودێریی شارەزایانی دوو کۆمپانیای تورکی و ئوردنی، بۆ یەکەمجار لەسەر ئاستی عێراق و کوردستان، قیرێکی نوێ بۆ قیرتاوکردنی دووسایدی نێوان زاخۆ – دهۆک بەکاردێنن. **(زیاتر لە ل7 بخوێنەوە)**



دیمەنی دڵڕفێنی گوڵاڵەسوورەکانی چیای ئاگری


هەولێر... پرۆسەی دانانی پێنج هەزار کامێرای چاودێری کەوتە واری جێبەجێکردنەوە

بەڕێوەبەری ڕاگەیاندنی پۆلیسی هەولێر دەڵێ، پرۆسەی دانانی کامێرای چاودێری لە شوێنە گشتییەکان، کەوتووەتە واری جێبەجێکردنەوە و پێنج هەزار کامێرا دادەنرێن.
(زیاتر لە ل6 بخوێنەوە)



مەسرور بارزانی لەگەڵ کونسوڵی گشتیی ئەمەریکا لە هەولێر کۆبۆوە

چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان بەغدا و هەولێر بەڕێگەی دیالۆگ و پەرەسەندنەکانی ناوچەکە خرایە بەرباس



دوێنێ چوارشەمە 2019/5/22 مەسرور بارزانی راوێژکاری ئەنجوومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان پێشوازی لە ستیڤ ڤاگن کونسوڵی گشتیی ئەمەریکا لە هەولێر کرد. لەدیدارێکدا دوا پێشهاتەکانی دۆخی ناوچەکە بە گشتی و هەنگاوەکانی پێکهێنانی کابینەی نوێی حکوومەتی هەرێمی کوردستان تاوتوێ کرا. هەروەها تیشکخرایە سەر پەیوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و ئەمەریکا لە هەموو ڕووەکەوە. هەر لەو کۆبوونەوەیە چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان بەغدا و هەولێر بەڕێگەی دیالۆگ و پەرەسەندنەکانی ناوچەکە خرایە بەرباس. لەلای خۆیەوە کونسوڵی گشتیی ئەمەریکا لە هەولێر پشتگیری ولاتەکەی بۆ بەرنامەی چاکسازی هەرێمی کوردستان و پتەوکردنی پەیوەندییە دووقۆڵییەکان و سەقامگیری ناوچەکە دووپاتکردەوە. دۆخی ئێستای ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان و هەماهەنگیی نێوان بەغدا و هەولێر و هاوپەیمانان، لایەنێکی دیکەی کۆبوونەوەکە بوو.

هەولێر... دوازدە لایەنی سیاسی لەبارەی ڕەوشی ناوچە کوردستانییەکان هاتنە دەنگ

12 پارت و لایەنی سیاسیی هەرێمی کوردستان، بەمەبەستی ناڕەزایی دەربڕین لە بەرانبەر ڕەوشی ناجێگیر و ئاڵۆزی ناوچە کوردستانییەکان و هێرش بۆ سەر هاوواڵاتیانی کورد و هەوڵی تەعریبکردنەوە هاتنە دەنگ. دوێنێ چوارشەمە لە پرێس کۆنفرانسێکدا12 پارت و لایەنی سیاسیی هەرێمی کوردستان بە فەرمی هەڵوێستی خۆیان لەبارەی ڕەوشی ناوچە کوردستانییەکان خستە ڕوو و داوایان کرد کۆمەڵگەی کوردستان بە فەرمی هەڵوێستی هەبێت یان بە ڕێپێوان و خۆپیشاندانی گشتی ئەو هەوڵانە ئیدانە بکەین و هەوڵی چارەسەری ئاشتییانە بدەین.

لەمبارەوە ئەحمەد شێروانی، ئەندامی مەکتەبی سیاسیی حزبی شیوعی کوردستان بۆ میدیاکان گوتی: ماوەیەک هەر لە شنگالەوە هەتا دەگاتە خانەقین و بەگشتی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان ڕووبەڕووی هێرشی دڕندانە بوونەتەوە و دەغڵودان و بەروبوومی جووتیارانی کورد دەسووتێندرێت و هێرش دەکرێتە سەریان و ئەمەش دووبارەبوونەوەی ڕەوشی ساڵی 1963 کە ئەوکاتەش ڕەوشی ئەو ناوچانە وابووە.

ئاماژەی بەوەش کرد: جارێکی دیکە لە ناوچە کوردستانییەکان تەعیرب دەستی پێکردووەتەوە، گوندەکان داگیر دەکرێن و هاوواڵاتیانی کورد دەردەکرێن، بۆیە ئێمە وەک بەرپرسیارێتیی میژوویی و هەستی نەتەوەیی لایەنە سیاسییەکان کۆ بوونەوە بۆ ئەوەی بە هەموو لایەکمان هەوڵ بدەین چیتر ئەو پێشێلکارییانەی ئەمڕۆ بەرانبەر بە نەتەوەکەمان و ناوچەکان دەکرێن، قبووڵ نەکەین. گوتیشی: سەرجەم لایەنەکانی بەشدار لەم کۆبوونەوەیە بڕیارمان دا ڕاگەیەندراوێک بڵاوبکەینەوە و یاداشت و داواکارییەک پێشکەش بە یونێتن، پەرلەمانی عێراق، پەرلەمانی کوردستان و حکوومەتی عێراق و سەرجەم ئەو نوێنەرایەتی و کونسوواڵخانانەی کەلە هەرێمی کوردستانن، بکەین.

ئەحمەد شێروانی، ئاماژەی بەوەش کرد: ئەگەر ئەو داواکاری و یاداشتانە بە لایەنەکان کاریگەریی خۆی هەبوو باشە، دەنا بڕیارمان داوە لە داهاتوودا یان ڕێپێوانێکی گشتی و سەرتاسەری ڕێک بخەین، یان لەبەردەم یونێتن و پەرلەمانی کوردستان گردبوونەوەیەکی ناڕەزایی ساز بکەین. جێی باسە ماوەی زیاتر لە دوو هەفتەیە لە زۆربەی ناوچە کوردستانییەکان عەرەبی اهورده بە پاڵپشتیی چەند لیوایەکی سوپای عێراق هێرش دەکەنە سەر زەوی و زار و دەغڵودانی جووتیارانی کورد و جیا لە بەتاڵانبردن دەغڵودان دەسووتێنن و هێرش دەکەنە سەرماڵ و خانوویان و داگیر دەکەن.

هەولێر... دوازدە لایەنی سیاسی لەبارەی ڕەوشی ناوچە کوردستانییەکان هاتنە دەنگ

جێگری سەرۆکی پەرلەمان لەگەڵ شاندێکی وەزارەتی دەرەوەی کەنەدا کۆبۆوە

کەنەدا لە مەشقپێکردن بەهێزی پێشمەرگەی کوردستان بەردەوام دەبێت



ڕۆژی 21ی ئایاری2019 هێمن هەورامی، جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان، پێشوازی لە پێگاسە تەیلەر، جێگری بەڕێوبەری کاروباری عێراق لە وەزارەتی دەرەوەی کەنەدا و نانسی بیرگیرون، بەرپرسی نوسینگەی هەولێر لە باڵیۆزخانەی کەنەدا لە عێراق کرد. لە دیدارێکدا هێمن هەورامی جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان، سوپاس و ستایشی ڕۆڵی ووڵاتی کەنەدای کرد لە مەشقپێکردن بەهێزی پێشمەگەی کوردستان و ئەو هاوکاری و کۆمەکییانەی کە پێشکەشی ئاوارەکانی دەکەن و هیواشی خواست هاوکارییە سەربازییەکانی کەنەدا بۆ هێزی پێشمەرگە بەردەوام بێت و جەختی لەهەبوونی پەیوەندییەکی بەهێز لەنێوان هەردوولا کردەوە بەتایبەت پەرلەمانی کوردستان لەگەڵ پەرلەمانی کەنەدا.

هەر لەدیدارەکەدا جێگری سەرۆکی پەرلەمان، جێگری سەرۆکی پەرلەمان، باسی لە بارودۆخی سیاسی و ئابووریی هەرێمی کوردستان و کاری ڕێکارەکانی پێکهێنانی کابینەی نوێەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان کردو ڕایگەیاند: لایەنە سەرەکییەکانی پێکهێنەری کابینەی نوێەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پابەندن بە ڕێککەوتنی نێوانیان و بۆیە پێشبینی دەکەین لە داهاتوویەکی زۆر نزیکدا هەموو ڕێکارە یاساییەکان تەواو بێت و سەرۆکی هەرێم و کابینەی نوێەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان دەستبەکارین و کاری لەپێشینەی پەرلەمانی کوردستان بریتی دەبێت لە هەبوونی دەستوورێک بۆ هەرێمی کوردستان، کە تیایدا ماف و ئازادییەکان بەرجەستە بکات و بەهەماهەنگی لەگەڵ حکوومەتی هەرێمی کوردستان لەچوارچێوەی یاسا چاکسازییەکی گشتگیر لە ڕووی کارگێڕی و دارایییەوە ئەنجام بدرێت. لای خۆیەوە پێگاسە تەیلەر، جێگری بەڕێوبەری کاروباری عێراق لە وەزارەتی دەرەوەی کەنەدا، خۆشحاڵی خۆی دەربڕی بەهەنگاوەکانی پێکهێنانی کابینەی نوێەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان. دەربارەی ڕۆڵ و کارەکانی حکوومەتی کەنەدا لە عێراق و هەرێمی کوردستان، جێگری بەڕێوبەری کاروباری عێراق لە وەزارەتی دەرەوەی کەنەدا ڕاشیگەیاند: داعش جموجۆڵیان هەستپێدەکرێت و ماون، بۆیە حکوومەتی کەنەدا بڕیاری داوە لەکارەکانی خۆی لە عێراق و کوردستان و هەروەها مەشقپێکردن بەهێزی پێشمەرگەی کوردستان و ئەو هاوکارییانەی کە پێشکەشی ئاوارەکانی دەکات بەردەوام بێت.

هاشم سیتەیی: بە هەوڵی سەرۆک بارزانی ڕێگای سحێلا و زوممار کرایەوە

پێشمەرگە و سوپای عێراق لەسەر چەند خاڵێک ڕێککەوتوون



جێگری بەرپرسی میحوەری ڕۆژئاوای دیجلە ڕایگەیاند، ئەوان و هێزە عێراقییەکان لەسەر هاوئاهەنگی و دابینکردنی ئاسایشی ڕۆژئاوای دیجلە، ڕێککەوتوون. هاشم سیتەیی، بە مالپەڕی فەرمیی پارتیی ڕاگەیاندووە: لە ڕێگای بارەگای سەربازیی سەرۆک بارزانی لە سحێلا، سەرۆکی هۆز و کەسایەتییەکانی عەرەب و کورد، چەندین داواکارییان گەیاندە سەرۆک بارزانی، سەرۆکیش بەڵێنی پێ دان هەموو ئەو داواکارییانە جێبەجێ بکات و کاریش بۆ پاراستنی خەڵکی ئەو ناوچە بکرێت، وەک چۆن پێشتریش هاوکاریی خەڵکی ئەو سنوورانەی کردووە.

سیتەیی دەشڵێ، هەر بە هەوڵی سەرۆک بارزانی، ڕێگای سحێلا و زوممار کرایەوە و ئەمەش دەبێتە هۆکارێک بۆ ئەوەی جموجۆڵ و هاتوچۆ لەو ناوچەیەدا زیاتر بێت. گوتیشی: ئێمە و فیرقەی 15ی هێزە عێراقییەکان، دەربارەی چەندین خاڵی سەربازی و پەیوەست بە ژیانی خەڵکی ناوچەکە ڕێککەوتووین، یەکەم هەنگاویش کردنەوەی ڕێگای سحێلا و زوممار بوو، دواتریش هاوئاهەنگی دەکەین بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی جموجۆڵی داعش و پرکردنەوەی هەر بۆشاییەکی ئەمنی لەم ناوچەیەدا هەبێت.

ڕێبوار تاڵەبانی:

بۆ ئەنجامدانی کۆبوونەوەی ئەنجوومەن چاوەڕێی پارتی و یەکێتی دەکەین

هەر بڕیارێک لەدوای رووداوەکانی 16ی ئۆکتۆبەرەوە دراوەو دەدرێت یاسایی نییە و باتڵە

سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک دەڵێت، بۆ ئەنجامدانی کۆبوونەوەی ئەنجوومەنەکە، چاوەڕێی بڕیاری لیژنەی هاوبەشی یەکێتی و پارتی دەکەن. ئامارژەشی دا، سووتاندنی گەنمی جووتیارانی کورد، دەستی داعش و حەشدی شەعبییشی تێدایە. ڕێبوار تاڵەبانی، بە مالپەڕی فەرمیی پارتیی ڕاگەیاند: دوای ڕووداوەکانی 16ی ئۆکتۆبەر، بەردەوام بڕیاری نایاسایی دژی ناوچە کوردستانییەکان دەدرێت و هەر بڕیارێکیش دوای ئەو کاتە بدرێت، یاسایی نییە، چونکە ئەنجوومەن لەوێ ئامادەیی نییە، بۆیە بڕیارەکان یاسایی نین و باتڵن. تاڵەبانی گوتیشی: سووتاندنی گەنمی جووتیاران، تەنها لە کەرکووک نییە، بەڵکوو لە چەندین شوێنە و دەنگۆی ئەوە هەیە جگە لە داعش، دەستی بازرگانانیشی تێدا بێت، بۆ ئەوەی بازاڕ قۆرخ بکەن بۆ خۆیان و باس لەوە دەکرێت کە لە سنووری کەرکووک، حەشدی شەعبیش لەگەڵ داعش دەستی لە سووتاندنی گەنمی جووتیاراندا هەیە، بۆیە چەند خوێندنەوەیەکی بۆ دەکرێت. سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک باسی لەوەش کرد، پارێزگاری کەرکووک تا ئێستا دەوامی نەکردووە لە پەرلەمان و پێویستە بچێت دەوام بکات، چونکە ناکرێت پەرلەمانتار بێت و کاری پارێزگاریش بکات، لەبەر ئەوە پەرلەمانیش کەمتەرخەمە و پێویستە بانگهێشتی بکات و سەرەڕای کاری نایاسایی، نەچووەتە پەرلەمانیش دەوام بکات.



ڕێبوار تاڵەبانی دەشڵێ: بۆ ئەوەی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک کۆببێتەوە، چاوەڕێی بڕیاری لیژنەی هاوبەشی یەکێتی و پارتی دەکەین، بەڵام هەر چۆنێک بێت، پێویستە دۆخی کەرکووک ئاسایی بکرێتەوە و گفتوگۆ لەگەڵ حکوومەتی عێراق بکرێت، یەکەم کاری ئێمەش لە ئەنجامدانی کۆبوونەوە، ئاسایی کردنەوەی دۆخی کەرکووک دەبێت و هێزی سەربازی دەردەکرێت و دواتر هەڵوەشاندنەوەی بڕیارە نایاساییەکانی پارێزگار دەبێت.

تەرەمپ، ژنە بازرگانێک دەکاتە فەرماندەیی گشتیی هێزی ئاسمانیی ئەمەریکا



دۆناڵد تەرەمپ، سەرۆکی ئەمەریکا بۆ فەرماندەیی هێزی ئاسمانی ئەمەریکا ژنە بازرگان و باڵیۆزی پێشووی ئەمەریکا کاندید دەکات و دەڵێت: باربارا باریت دەبێتە فەرماندەیەکی سەرکەوتوو لە پۆستەکەیدا. تەرەمپ لە تویتێکدا ڕایگەیاند، ژنە بازرگان و باڵیۆزی پێشووی ئەمەریکا لە فینلاند، باربارا باریت، بۆ پۆستی فەرماندەیی گشتی هێزی ئاسمانی کاندید دەکات. باربارا باریت، سەرۆکی ئەنجوومەنی کارگێڕی کۆمپانیای "ئایرۆسپەیس کۆرپۆرەیشنە" و پێشتر فڕۆکەوانی هەڵسەنگاندن و پارێزەریش بووە، ماوەیەکی ئەندامی ئەنجوومەنی دامەزراوەی "ڕاند" بووە بۆ تویژینەوەی ئاسمانی و فڕۆکەوانی بۆ هێزەکانی ئەمەریکا. باربارا لە ساڵی 1950 لە شاری ئیندیانای ویلایەتی پەنسلڤانیا لەدایکبووە و هەروەها دەرچووی زانکۆی ئەریزۆنایە، لە سەردەمی جۆرج بوشی کوڕدا، لە ماوەی ساڵانی 2008 بۆ2009 باڵیۆزی ئەمەریکا بووە لە فینلاند.

نوێنەری نەتەوە یەکگرتووەکان لە وەڵامی نامەکەی نێچیرڤان بارزانی:

کاتی ئەوەیە چارەسەرێکی بنەڕەتی بۆ ماددەی 140 بدۆزرێتەوە

حکوومەتی هەرێم داوا دەکات بنکەی سەرەکی بەرنامەی مرۆیی نەتەوەیەکگرتووەکان لە بەغداوە بگوازرێتەوە هەولێر

هەرێمی کوردستان داوا دەکات بەرپرسێکی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ئاستی جێگری نێردەی سکرتێری گشتی لە هەولێر دابندرێت



خەبات/ شاخەوان برایم عەبدوڵڵا

لە چەند رۆژی رابردوودا نێچیرڤان بارزانی سەرۆکوەزیرانی هەرێمی کوردستان کە هاوکات کاندیدی پارتی دیموکراتی کوردستانیشە بۆ پۆستی سەرۆکی هەرێمی کوردستان نامەیەکی تایبەتی بۆ ئەنتۆنیۆ گوتێرێش سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان نارد و لە نامەکەدا کە لە پێنج خاڵی سەرەکی پێشنیازیدا پێکهاتووە، دەربارەی کاری داهاتووی نەتەوەیەکگرتووەکان لە عێراقدا، سەرۆکوەزیرانی کوردستان لە نامەکەدا رایگەیاندووە، نێردەی تایبەتی سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراق، دەتوانێت رۆڵێکی سەرەکی بگێڕێت وەک ناوبژیوان بۆ دەستپێکردنی دایالۆگ لە نێوان حکوومەتی هەرێمی کوردستان و حکوومەتی عێراق بە مەبەستی چارەسەرکردنی کێشەکان و هەروەها جێبەجێکردنی ماددەی 140ی دەستووری عێراق، هەروەها داواشی کرد نەتەوە یەکگرتووەکان نوێنەرێکی تایبەت لە هەولێر دابنێت.

نامەکە داوای جێبەجێکردنی ماددەی 140 دەکات

نێچیرڤان بارزانی لە یەکێک لە خاڵەکانی نامەکەیدا داوای جێبەجێکردنی ماددەی 140ی دەستووری عێراق دەکات، کە ماددەیەکی دەستوورییە و تایبەتە بە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان بۆ چارەسەرکردن و یەکلاکردنەوەی کێشەکان لە ڕێگەی جێبەجێکردنی دەستوورەوە، بە تایبەتی پرسی کەرکووک کە بەگوێرەی ماددەکە دەبێت ڕەوشی پارێزگاکە و ناوچەکانی، سەرەتا ئاسایی بکرێنەوە، واتە ئەو عەرەبانەی لە سەردەمی ڕژێمی بەعس بە سەرۆکایەتیی سەددام حوسێن، بە مەبەستی بە عەرەبکردنی کەرکووک، هێندراون بۆ پارێزگاکە و ناوچەکانی تر، بگەڕێندرێنەوە شوێنە ئەسڵییەکانی خۆیان و لە دوای ئازادیی عێراقیش زۆربەیان لە هەندێ قۆناغدا قەرەبووکراونەوە و گەڕێندراونەوە ناوچەکانی خۆیان، بەڵام لە دوای ڕووداوی 16ی ئۆکتۆبەری 2017 کە حکوومەتی عێراق بە ڕێککەوتن لەگەڵ گرووپێکی کوردی هاتەوە کەرکووک و ئەو عەرەبانەش جارێکی دیکە گەڕانەوە شارەکە و دووبارە هەڵمەتی داگیرکردن و بە عەرەبکردن دەستپێکردەوە. ئەمە جگە لەوەی ئێستا زەویواری هاوواڵاتیانی کورد بە ئاشکرا داگیر دەکرێت و هەروەها بەروبوومە کشتوکاڵییەکانی لە شێوەی گەنم و جۆ دەسووتێندرێن یان بە شەوان تاڵان دەکرێن، هاوکات عەرەبە هاوردەکان بە ئاشکرا هەڵدەوتنە سەر ماڵە کوردەکان لە گوندەکانی ژێر دەسەڵاتی حەشدی شەعبی و لەلایەن ئەو گرووپانەشەوە هاوکاری دەکرێن بۆ دەرکردنی هاوواڵاتیانی کورد. بۆیە بە مەبەستی ڕاگرتنی ئەو هەڵمەتی بە عەرەبکردنە نێچیرڤان بارزانی لە نامەکەیدا داوای لە نەتەوە یەکگرتووەکان کردووە ڕۆڵ بگێڕێت بۆ دەستپێکردنەوەی دیالۆگ بۆ چارەسەری کێشەکانی هەولێر و بەغدا بەتایبەتی جێبەجێکردنی ماددەی 140ی دەستووری عێراق.

هەر بەگوێرەی ماددەی 140ەبێت دوای ئاسایکردنەوەی دۆخی کەرکووک و ناوچەکانی تری، واتە گەڕاندنەوەی ناوچەکان بۆ دۆخی پێش هەڵمەتی بە عەرەبکردن، دواتر سەرژمێری تێدا ئەنجامبدرێت بۆ ئەوەی ڕێژەی هاوواڵاتیانی ڕەسەنی ناوچەکە بزاندرێت و پاش ئەنجامدانی سەرژمێریش قۆناغی ریفراندۆم (ڕاپرسی) دەستپێبکات کە بەڵای هەرێمی کوردستانەوە ڕاپرسی گرنگە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کەرکووک و ناوچەکانی تر کە بەگوێرەی ئەو ڕاپرسییە هاوواڵاتیانی کەرکووک دەخرێنە بەردەم هەڵبژاردەی ئایا دەیانەوێت لەگەڵ حکوومەتی عێراقدا بن یان سەر بە هەرێمی کوردستان بن.

حکوومەتی عێراق ترسی لە جێبەجێکردنی ماددەکە هەیە

حکوومەتی عێراق بەردەوام پاشەکشەی لە جێبەجێکردنی قۆناغەکانی جێبەجێکردنی ماددەی 140 کردووە، بە ڕەخساندنی ژینگەیەک کە نەتواندرێت هەنگاوەکانی ئەو ماددەیە بە ئاسایی بچنە پێش بە مەبەستی جێبەجێکردن، چونکە لە زیانی بەغدایە، بۆیە بەغدا ترسی گەورەی هەیە لە ئەنجامدانی سەرژمێرییەکە و دواتریش ڕاپرسییەکە، بەغدا دەترسێت کەرکووکییەکان بڕیاری ئەوە بدەن بگەڕێنەوە سەر هەرێمی کوردستان بەوپێیەی زۆرینەی هاوواڵاتیانی ڕەسەنی شارەکە کوردن و بڕیاری گەڕانەوە بۆ سەر هەولێر ئەگەرێکی یەکجار ئاشکرایە.

بەرزکردنەوەی ئاستی نوێنەرایەتی نەتەوە یەکگرتووەکان لە هەولێر

بەگوێرەی ئەو نامەیەی نێچیرڤان بارزانی کە بڵاوکرایەوە، سەرۆکوەزیرانی کوردستان داواشی کرد ئاستی نوێنەرایەتیی نەتەوەیەکگرتووەکان لە هەرێمی کوردستان بەرزبکرێتەوە و بەرپرسێکی نەتەوەیەکگرتووەکانیش لە ئاستی جێگری نێردەی سکرتێری گشتی لە هەولێر دابندرێت و کەسێکیش وەک بەرپرسی کاروباری مرۆیی نەتەوەیەکگرتووەکان دیاری بکرێت، هەروەها بنکەی سەرەکی بەرنامەی مرۆیی نەتەوەیەکگرتووەکان لە بەغداوە بگوازرێتەوە بۆ هەولێر، چونکە 90٪ی ئاوارەکانی سووریا لە عێراق و 60٪ی هەموو ئاوارەکانی عێراق لە هەرێمی کوردستانن.

ئەو خاڵەی سەرۆکوەزیرانی کوردستان بە مەبەستی ئەوەیە هەولێر وەک ناوەندێکی سیاسی لەناو عێراقدا پێگەی دیاریکراوی خۆی هەبێت و نەتەوەیەکگرتووەکان لە هەرێمی کوردستان بەرزبکرێتەوە و بەرپرسێکی نەتەوەیەکگرتووەکانیش لە ئاستی جێگری نێردەی سکرتێری گشتی لە هەولێر دابندرێت و کەسێکیش وەک بەرپرسی کاروباری مرۆیی نەتەوەیەکگرتووەکان دیاری بکرێت، هەروەها بنکەی سەرەکی بەرنامەی مرۆیی نەتەوەیەکگرتووەکان لە بەغداوە بگوازرێتەوە بۆ هەولێر و شارەکانی تری هەرێمی کوردستانن و حکوومەتی هەرێمیش بەردەوام ڕەخنەی لە حکوومەتی عێراق هەبووە بەوەی هاوکاریی هەولێر ناکات لە دابینکردنی پێداویستی ئەو پەنابەر و لێقەوماوانەی لە ئەنجامی شەڕی مەزهەبی و تیرۆر و برسێتی و ناسەقامگیری ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی حکوومەتی عێراق، ڕووەو هەرێمی کوردستان هەڵاتوون و پەنایان بۆ ژێر هەژمونی حکوومەتی هەرێمی کوردستان هێناوە.

نوێنەرێکی نەتەوە یەکگرتووەکان لە هەولێر

هەروەها لە نامەکەدا نێچیرڤان بارزانی داواشی کردووە بۆ دیاریکردنی کەسێکی تایبەت وەک نوێنەری نەتەوە یەکگرتووەکان لە هەولێر بۆ ئەوەی نەتەوە یەکگرتووەکان زیاتر پەیوەندی لەگەڵ هەولێردا هەبێت و ڕۆڵی باشتر ببینێت لە گەیاندنی دەنگی هەولێر بە نەتەوەیەکگرتووەکان، بە تایبەتی لە پرسی پێکەوەژیان و ئاوارەکان کە پێویستیان هاوکاری بەردەوامی نەتەوە یەکگرتووەکان و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی هەیە و حکوومەتی عێراقیش هاوکاری هەولێر ناکات، کە زۆرجار لە توانای حکوومەتی هەرێمدا نییە هەموو پێداویستییەکانی ئەو پەنابەر و لێقەوماوانە پڕ بکاتەوە، بە تایبەتی بەهۆی ئەو قەیرانە دارایییەی لە چەند ساڵی ڕابردوودا ڕووی لە هەرێمی کوردستان کرد، ئەمە جگە لەوەی هەولێر دەیەوێت پێگەی سیاسی خۆی دیار بکات لە ناوچەکەدا. هەر لە نامەکەدا نێچیرڤان بارزانی سەرۆکوەزیرانی کوردستان داواشی لە نەتەوە یەکگرتووەکان کرد فیدراڵیزمی هەرێمی کوردستان لە سەرجەم ڕاپۆرتەکانی نەتەوەیەکگرتووەکاندا ئاماژەی پێبکرێت و دانی پێدا بنرێت.

نەتەوە یەکگرتووەکان وەڵامی نامەکەی نێچیرڤان بارزانی دەداتەوە

سەبارەت بە دۆخی عێراق، نەتەوە یەکگرتووەکان کۆبوونەوە و جێنین هێنس پلاسخارد، نوێنەری تایبەتیی سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراق ڕاپۆرتێکی لەبارەی ڕەوشی عێراق پێشکەشکرد و دواتریش لە لێدوانێکدا بۆ ڕووداو ڕایگەیاند: پێویستمان بە پێکهێنانی حکوومەتی نوێی هەرێمی کوردستان هەیە بۆ ئەوەی بکەوینە پەیوەندی لەگەڵ حکوومەتی فیدراڵ، سەبارەت بە داواکەی نێچیرڤان بارزانیش بۆ جێبەجێکردنی ماددەی 140 نوێنەری تایبەتی سکرتێری نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراق گوتی: ماددەی 140ماوەیەکی زۆر درێژە لەسەر مێزی گفتوگۆیە و کاتی ئەوەیە کە چارەسەر بکرێت و چارەسەری بنەڕەتی بۆ بدۆزرێتەوە.

ئەمەش دوای ئەوە هات کە نێچیرڤان بارزانی لە نامەیەکی تایبەتدا داوای لە نەتەوە یەکگرتووەکان کرد ماددەی 140ی دەستووری عێراق جێبەجێبکرێت، هەروەها داواشی کرد نوێنەرێکی تایبەتی نەتەوە یەکگرتووەکان لە هەولێر دابنرێت، هاوکات لە ڕاپۆرتەکانی نەتەوە یەکگرتووەکانیش فیدراڵیزمی هەرێمی کوردستان ناوی بێت و بە فەرمی دانی پێدا بنرێت. ئەم نامەیەی نێچیرڤان بارزانی لە کاتێکدایە ماوەیەکە دووبارە هەڵمەتێکی بەرنامە بۆ داڕێژراو بۆ بە عەرەبکردنی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان دەستپێکردووەتەوە و عەرەبە هاوردەکان دەیانەوێت دەستبەسەر زەویوزار و بەروبوومی جوتیارانی کورد دابگرن، هاوکات ژمارەیەکی زۆریش لە عەرەبی هاوردە بە پاڵپشتی حەشدی شەعبی هەڵیانکوتایە سەر گوندی پەلکانە و لەگەڵ هاووڵاتی ڕەسەنی گوندەکە کە کوردن ڕووبەڕووی یەکتری بوونەوە، ئەمە جگە لەوەی لە ئێستادا گەنم و جۆی جوتیارانی کورد دەسووتێدرێت و لە هەندێ ناوچەی دیکەی دەرەوەی ئیدارەی کوردستان (سنووری 16ی ئۆکتۆبەر) گەنم و جۆری جوتیارانی کورد تاڵان دەکرێت.

نامەکەی نێچیرڤان بارزانی لە کاتێکدایە کە هەڵمەتێکی بەرنامە بۆ داڕێژراو بە مەبەستی بە عەرەبکردنی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان دەستپێکردووەتەوە و عەرەبە هاوردەکانیش بە پاڵپشتی حەشدی شەعبی دەیانەوێت بە تەواوی دەستبەسەر زەوی و بەروبوومی جوتیارانی کوردا بگرن



جێنین هێنس پلاسخارد نوێنەری تایبەتیی سکرتێری گشتیی UN لە عێراق



نێچیرڤان بارزانی سەرۆکوەزیرانی هەرێمی کوردستان

حکوومەتی عێراق بەردەوام پاشەکشەی لە جێبەجێکردنی ماددەی 140 کردووە بە ڕەخساندنی ژینگەیەک کە نەتواندرێت هەنگاوەکانی جێبەجێکردنی ئەو ماددەیە بە ئاسایی بچنە پێش، چونکە بەغدا ترسی گەورەی لە ئەنجامدانی سەرژمێری و دواتریش ڕاپرسی لە کەرکووک هەیە لەوەی کەرکووکییەکان بڕیاری گەڕانەوە بۆ سەر هەرێمی کوردستان دەدەن



منداڵانی ئاوارە یارسی دەکەن لە یەکێک لە کەمپەکانی هەرێمی کوردستان

دوای تێپەڕبوونی ساڵێک بەسەر ئەنجامدانی هەڵبژاردن

کچە کوردێکی ئێزدی لەسەر لیستی پارتی بووە ئەندامی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق



خەبات- ئالان شەهاب: بێهیوا نەبوو و سەرکردایەتی کەوا دکتۆرە خالیدا بەرپرسی لقی 20ی شێخان بە خەباتی ڕاگەیاند: دوای ئەوەی کە ئەنجامەکانی هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق ڕاگەیەندرا و کاندیدی لقی 20 شێخان "دکتۆرە خالیدا خەلیل" سەرکەوتنی بەدەستهێنا، بەڵام دوای چەند ڕۆژێک ئاگادارکرایەوە کە ئەو دەرنەچووەو گوایە کاندیدێکی دیکە سەرکەوتوو بووە.

ئەو بەرپرسەی پارتی گوتیشی: دکتۆرە خالیدا پارتی دیموکراتی کوردستان و بارەگای بارزانی هاتە ئاگادارکردن و بەردەوام سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان و بارەگای بارزانی لە سەر خەت بوون تاکو هۆکاری گۆڕینی ئەنجامی هەڵبژاردن و لادانی ناوی کاندیدەکەی پارتی، بۆیە سکاڵایان دایە دادگای فیدراڵی عێراق.

دوای ئەوەی دادگاش پێداچوونەوەی کرد، گەیشتنە ئەنجامێکی دروست و دڵخۆشکەر و ڕایانگەیاند کە دەرچووە، بۆیە لە ڕۆژی 2019/5/20 دادگای فیدرالی بڕیاریدا دکتۆرە خالیدا خەلیل ڕەشۆ وەک کچێکی ئێزدی ببێتە پەرلەمانتار لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لە سەر لیستی پارتی دیموکراتی کوردستان.

هەروەها پێویستە لە ماوەی 10 ڕۆژ لە بەرواری دەرچوونی بڕیارەکەوە، دوای سوێندخواردن دەستبەکاربێت لە کاری پەرلەمانتاری.

سەرکردەیەکی گۆڕان: ڕێککەوتنەکەی یەکێتی لەگەڵ ڕاکان جبووری زەرەر بە هاوڕەگەزانی کوردی کەرکووک دەگەیەنێت

سەرکردەیەکی بزووتنەوەی گۆڕان بەهۆی ڕێککەوتنەکەی نێوان یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان و پارێزگاری ناشەرعیی کەرکووک، ئاشکرای کرد کە دۆخی شارەکە ئاڵۆزتر دەبێت و سەرسوڕمانی خۆشی لەوە دەربڕی کە چۆن یەکێتی ڕێککەوتن لەگەڵ «کەسێکی شۆڤێنی»دا دەکات؟

نەسرەدین مەحمود، ئەندامی جڤاتی نیشتمانیی گۆڕان بە باسنیوزی ڕاگەیاندووە: بارودۆخی کەرکووک و ناوچەکانی سنووری ماددەی 140 بە گشتی، بەدۆخێکی تەواو مەترسیدارا هەنگاو دەنێت، جارێکی دیکە پرۆسەی تەعریبکردن لەو ناوچانە دەستی پێکردووەتەوە و لە لایەن چەکدارەکانی داعش و عەرەبە شۆڤێنییەکانەوە کاری نەشیاو بەرامبەر هاوڵاتییانی کورد دەغڵودانی کوردان دەسوتێنن، بۆیە ئەنجامدانی ڕێککەوتنێکی حزبی و شەخسی لەگەڵ ئیدارەی ناوچەکان، چارەسەری کێشەکان ناکات و جگە لە زیان، هیچ سوودێکی بۆ کورد نییە.

لەبارەی ڕێککەوتنەکەی نێوان یەکێتی و ڕاکان جبووری کە بەهۆیەوە یەکێتی ڕازی بووە تا هەڵبژاردنی داهاتووی ئەنجومەنی پارێزگاکان، ڕاکان جبووری بە ناشەرعی و وەک بەرهەمی دوای خیانەتی 16ی ئۆکتۆبەر لە پۆستەکەیدا ببینێتەوە، سەرکردەکەی گۆڕان گوتی: ڕێککەوتنەکەی یەکێتی لەگەڵ ڕاکان جبووری، دۆخەکە زیاتر ئاڵۆز دەکات و زەرەر بە هاوڵاتییانی کوردی کەرکووک دەگەیەنێت، چونکە هەر ڕێککەوتنێکی نیشتمانی ئەگەر بەشێوەیەکی شەفاف کۆدەنگیی سەرجەم لایەنە سیاسییەکانی لەسەر نەبێت، ئەو ڕێککەوتنە دەچێتە چوارچێوەی ڕێککەوتنێکی شەخسی و سەفەقاتی بازرگانییەوە، بۆیە ئەگەر هەر جۆرە ڕێککەوتنێکی هاوشێوەی ڕێککەوتنەکەی 16ی ئۆکتۆبەر بکرێت، کورد زەرەرێکی گەورە دەکات و دۆخی کەرکووک زیاتر ئاڵۆز دەکات، چونکە ئێستا دۆخی ئەمنیی کەرکووک ناسەقامگیرە و ئەو کوردانەی گەڕاونەتەوە بۆ کەرکووک، لەلایەن ڕاکان جبووریەوە مااڵەکانیان دەڕووخێنرێت.

حکوومەتی عێراق لە ئامادەکارییدایە دوای 33 ساڵ سەرژمێریی گشتی ئەنجام بدات

وەزیری پلاندانانی عێراق: ساڵی داهاتوو لە مانگی تشرینی یەکەم سەرژمێریی گشتیی لە عێراق ئەنجام دەدرێت



وەزیری پلاندانانی عێراق، نووری سەباح دلێمی ڕایدەگەیەنێت، کە هەموو ئامادەکارییە پێویستییەکانیان تەواو کردووە بۆ ئەنجامدانی سەرژمێری گشتیی لە سەرتاسەری وڵات لە تشرینی یەکەمی 2020. وەزیری پلاندانانی عێراق، نووری سەباح دلێمی لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانی لە وەزارەتی پلاندانان ڕایگەیاند: هەموو ئامادەکارییە پێویستییەکانمان تەواو کردووە بۆ ئەنجامدانی سەرژمێری گشتیی لە سەرتاسەری وڵات لە تشرینی یەکەمی 2020. دلێمی ئاماژەی بەوەش دا کە لەبارەی ئەنجامدانی سەرژمێری گشتییەوە دووچاری هیچ بەربەستێکی سیاسیی نەبوونەتەوە و گوتی: کەشی سیاسی عێراق بۆ ئەنجامدانی سەرژمێری گشتیی گونجاوە. ئامانجمان لەوەش پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریەکانە بە خەڵک هاوسەرۆکی گشتیی هەدەپە، سەزایی تەمەللی ڕایگەیاند، لە هەڵبژاردنی 23ی حوزەیرانی ئیستانبوڵدا جارێکی دیکە سەردەکەوین بەسەر ئەم دەسەڵاتەدا کە پێشتریش بەسەریدا سەرکەوتین، بەڵام تێرنابێت لە دۆڕان.

سەزایی تەمەللی لە گوتارێکدا لە بەردەم ئەندامانی فراکسیۆنی هەدەپە لە پەرلەمان ڕایگەیاند لە 20ی ئایاری 2016دا پەرلەمان بڕیارێکی داوە کە پێدەچێت تاریکترین و شەرمەندەترین بڕیاری میژووی خۆی بێت ئەویش هەڵگرتنی پارێزەندیەکان بوو و گوتی: هاوکارانمان سێ ساڵ لەمەوبەر بەبارمتەگیران، بەڵام خەبات لەناوەوە و دەرەوە بەردەوامی هەیە. هەموو پێکەوە بەردەوام دەبین لە خەبات.'هاوسەرۆکی گشتیی هەدەپە، سەزایی تەمەللی لەبارەی چاوپێککەوتن لەگەڵ عەبدوڵاڵا ئۆجالان دا ڕایگەیاند، پێویستە بە شێوەیەکی ڕێکخراو و بەردەوام بچنە دوورگەی ئیمرالی و لەگەڵ سزادراواندا چاوپێککەوتن ئەنجام بدەن.

سەزایی تەمەللی ئاماژەی بە بڕیاری دەزگای باڵای هەڵبژاردنەکانی تورکیا کرد بۆ هەڵوەشاندنەوەی ئەنجامی هەڵبژاردنی شارەوانییەکانی ئیستانبوڵ و گوتی: ئێستا پاساوێکی 200 پەڕەیبان نووسیوە. لەم نزیکانەدا دەیبینین کە چیتان خستووەتە ئەو 200 پەڕەیەوە. ناتوانن جێگەی ئەو نارەوایی و نایاساییە بکەنەوە لەو200 پەڕەیەدا. ئێمە هەموو ئەو هاوسەرۆکی گشتیی هەدەپە، سەزایی تەمەللی ڕایگەیاند، لە هەڵبژاردنی 23ی حوزەیرانی ئیستانبوڵدا جارێکی دیکە سەردەکەوین بەسەر ئەم دەسەڵاتەدا کە پێشتریش بەسەریدا سەرکەوتین، بەڵام تێرنابێت لە دۆڕان.

سەزایی تەمەللی لە گوتارێکدا لە بەردەم ئەندامانی فراکسیۆنی هەدەپە لە پەرلەمان ڕایگەیاند لە 20ی ئایاری 2016دا پەرلەمان بڕیارێکی داوە کە پێدەچێت تاریکترین و شەرمەندەترین بڕیاری میژووی خۆی بێت ئەویش هەڵگرتنی پارێزەندیەکان بوو و گوتی: هاوکارانمان سێ ساڵ لەمەوبەر بەبارمتەگیران، بەڵام خەبات لەناوەوە و دەرەوە بەردەوامی هەیە.

هەدەپە: لە هەڵبژاردنی 23ی حوزەیرانی ئیستانبوڵدا جارێکی دیکەش بەسەر ئەم دەسەڵاتەدا سەردەکەوین



عێراق هەوڵی دۆزینەوەی ڕێگەی دیکە دەدات بۆ هەناردەکردنی نەوت

عادل عەبدولمەهدی: لە کاتی هەڵگیرسانی جەنگ لە نێوان ئەمەریکا و ئێران هەوڵ دەدەین ڕێگەی دیکە بۆ هەناردەکردنی نەوت بدۆزینەوە



سەرۆکوەزیرانی عێراق، عادل عەبدولمەهدی ڕایگەیاند کە لە کاتی هەڵگیرسانی جەنگ لە نێوان ئەمەریکا و ئێران، هەوڵ دەدەن لەگەڵ تورکیا و هەرێمی کوردستان ڕێگەی دیکە بۆ هەناردەکردنی نەوت بدۆزنەوە. عادل عەبدولمەهدی لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانییدا سەبارەت بە ئەگەری داخستنی گەرووی هورمز ڕایگەیاند کە لە کاتی داخستنی گەرووی هورمز، چوارچێوەی پرۆژەیەکی ستراتیجییەتی دیکەی داناوە و گوتی: گرنگ ئەوەیە کە لە کاتی هەڵگیرسانی جەنگ لە نێوان ئەمەریکا و ئێراندا، لەگەڵ هەرێمی کوردستان و تورکیا کار بکەین بۆ ئەوەی ڕێگەیەکی دیکە بۆ هەناردەکردنی نەوت بدۆزینەوە.

عادل عەبدولمەهدی جەختیشی کردەوە کە لە ئاماژەیدا کە نیشانی دەدەن ڕژێمەکەی ئەسەد ڕەنگە دووبارە چەکی کیمیایی بەکاربهێنێت، بەو هێرشەی بە غازی کلۆر لە 19ی ئایاری 2019دا کرایە سەر باکووری خۆرئاوای سووریا. بەردەوامین لەسەر کۆکردنەوەی زانیاری لەبارەی ئەو ڕووداوە، بەاڵم ئەگەر ڕژێمەکەی ئەسەد چەکی کیمیایی بەکاربهێنێت ئەوا هۆشدارییەکانمان دووبارە دەکەینەوە لەوەی ئەمەریکا و هاوپەیمانانی وەاڵمی خێرا و گونجاویان دەبێت.

مۆرگان ئۆرتاگوس ئاماژەی بەوەدا کە ڕژێمی ئەسەد لە 24ی تشرینی دووەمی 2018دا بۆ تۆمەتبارکردنی ئۆپۆزسیۆن درۆی ئەوەی هەڵبەستووە کە لە نزیک حەلەب هێرشێکی کیمیایی ئەنجامدراوە و گوتی: ڕووسیا و ڕژێمی ئەسەد ناوبەناو بۆ ئەوەی هێرشە بەربەریە کیمییاییەکانی ڕژێمی ئەسەد پەردەپۆش بکەن ئەم جۆرە دەنگۆیە ناڕاستانە بااڵو دەکەنەوە.

ئەمەریکا: ڕەنگە ڕژێمەکەی ئەسەد دووبارە چەکی کیمیایی بەکاربهێنێت

ئەگەر ڕژێمی ئەسەد چەکی کیمیایی بەکاربهێنێت ئەوا ئەمەریکا و هاوپەیمانانی وەاڵمی خێرا و گونجاویان دەبێت

وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا ڕایگەیاند کە بۆیان دەرکەوتووە ڕژێمەکەی بەشار ئەسەد هێرشی نوێی کیمیایی لە خۆرئاوای باکووری سووریا ئەنجامداوە. گوتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا، مۆرگان ئۆرتاگوس لە ڕاگەیەندراوێکدا سەبارەت بە سووریا گوتی: ئەمەریکا لە نزیکەوە چاودێری ئۆپەراسیۆنەکانی باکووری خۆرئاوای سووریا دەکات کە لە لایەن ڕژێمەوە ئەنجام دەدرێت، هەروەها چاودێری ئاماژەکانی بەکارهێنانی هێرشی نوێی کیمیایش دەکات. مۆرگان ئۆرتاگوس گوتیشی: بەداخەوە بەردەوامین لە بینینی ئەو ناڕەوایی، نایاسایی و ساختەکارییانەمان بۆ میژوو نووسیوە. بەو شەرمەزارییەوە دەژین. هەرگیز باس لەو ساختەکاریە ناکرێت و بەرگی بە بەردا ناکرێت کە کردووتانە. هاوسەرۆکی گشتیی هەدەپە، سەزایی تەمەللی گوتیشی: چی دەکەین بەرامبەر ناڕەوایی و نایاسایی؟ لە هەرکوێ ناڕەوایی، نایاسایی و ستەم هەبێت، لەوێ لەگەڵ بەشخوراواندا دەبین بۆ نەهێشتنی ستەم و خەبات دەکەین لە پێناو ماف، یاسا و دادپەروەری. لە هەڵبژاردنەکانی 23ی حوزەیراندا هاوپەیمانی دیموکراسی دەهێنینە بوون و جارێکی دیکە ئەم دەسەڵاتە دووچاری شکست دەکەین کە جارێک شکستیهێنا، بەاڵم تێرنەبوو.

وردەکاریی گرژی و ئاڵۆزییەکانی نێوان ئێران و ئەمەریکا لە بەدواداچوونێکی «خەبات» دا

سعودیە: ڕێگە نادەین هیچ جەنگێک لە ناوچەکە هەڵبگیرسێت



بەدواداچوون: خەبات

گرژی و ئاڵۆزییەکانی نێوان ئێران و ئەمەریکا لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست بەگشتی پێیناوەتە قۆناغێکی ئاڵۆزتر و بەشێک لە سەرۆک و سەرکردەکانی وڵاتانی جیهان بەبەردەوامی لە پەیوەندیدان بۆ هێورکردنەوەی ئەو بارودۆخەی کە ئەگەری هەڵگیرسانی شەڕێکی ماڵوێرانکەری هەیە لە ڕووانیدا، بەتایبەتیش بۆ ئێران و وڵاتانی دراوسێ و ئەو وڵاتانەیش کە دەکەونە سەر کەنداوی عەرەبی.

سەرکۆماری ئێران، حەسەن ڕۆحانی لە پەیوەست بەم بارودۆخەی لە ئێستادا لەناوچەکە لەئارادایە و وەک کاردانەوەیەک بۆ هەڕەشە بەردەوامەکانی ئەمەریکا لە وڵاتەکەی دەڵێت: ئەمەریکا نەیتوانی لەبارەی ڕێککەوتننامەی ئەتۆمی هیچ کەسێک بخاتە پاڵ خۆی و ئەم پیلانگێڕییە مایەپووچ بوو.

سەرۆک کۆماری ئێران، حەسەن ڕۆحانی ئاماژەی بەوەکرد ئەمریکا لە بارەی ڕێککەوتننامەی ئەتۆمییەوە بە تەنها ماوەتەوە و جەختی لەوەکردەوە ئێران هەمیشە لەبەرانبەر کاربەدەستانی کۆشکی سپیدا سەرکەوتنی بەدەستهێناوە. ڕۆحانی گوتیشی: لە کۆتایی ڕێگاکەدا ئەمەریکا ناچار بوو بە کشانەوە لە ڕێککەوتننامەکە و شکاندنی بەڵێنەکەی، ئەوەش سەرچاوەی شانازیی میژوویی ئێرانە و ئێران هەمیشە لەبەرانبەر کاربەدەستانی کۆشکی سپیدا سەرکەوتنی بەدەستهێناوە.

حەسەن ڕۆحانی لە شارۆچکەی ماکو لە پارێزگای ئازەربایجانی خۆرئاوا، لەبارەی سزاکانی ئەمەریکا لەسەر وڵاتەکەی دواو تیشکی خستەسەر ئەوەی کاربەدەستانی کۆشکی ویستوویانە بابەتی ڕێککەوتننامەی ئەتۆمیی ببەنە تەنها بۆ ئەوەی ئەمەریکا بتوانێت بەرپرسیارێتی خۆی جێبەجێ بکات.

ئەجوومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان و سزای نێودەوڵەتی لە دژی ئێران بخەنە واری جێبەجێکردنەوە، بەڵام بەهۆی ئەوەی وڵاتەکەی لە ڕێککەوتننامەکە نەکشاوەتەوە، ئەم پلانە شکستیهێناوە.

سەرۆک کۆماری ئێران باسی لەوەشکردووە پلانێکی دیکەی ئەمەریکا ئەوە بووە لایەنەکانی دیکە هانبدرێن لە ڕێککەوتننامەکە بێنە دەرەوە و لەمبارەیەوەش ڕۆحانی گوتی: ئەمەریکا نەیتوانی لەبارەی ڕێککەوتننامەی ئەتۆمی هیچ کەسێک بخاتە پاڵ خۆی و ئەم پیلانگێڕییە مایەپووچ بوو. لە کۆتایی ڕێگاکەدا ئەمەریکا ناچار بوو بە کشانەوە لە ڕێککەوتننامەکە و شکاندنی بەڵێنەکەی. ئەوەش سەرچاوەی شانازیی میژوویی ئێرانە و ئێران هەمیشە لەبەرانبەر کاربەدەستانی کۆشکی سپیدا سەرکەوتنی بەدەستهێناوە.

ڕۆحانی جەختی لەوەش کردووەتەوە کە ئەمەریکا گەمارۆی خستووەتە سەر دەرمان و خۆراک و ڕێگریی لە چارەسەری پزیشکیی نەخۆشەکان کردووە و ڕایگەیاندووە: ئیسرائیل، لایەنگرانی تۆندئاژۆیی لە ئەمەریکا، وڵاتە دواکەوتووەکانی ناوچەکە و گرووپە نەیارەکانی ئێران، بەمەبەستی گەیشتن بە ئامانجەکانیان کاربەدەستانی کۆشکی سپی هەڵدەخەڵەتێنن. ئەمەریکا وایدەزانی دۆلارێک دەگاتە 50هەزار تمەن، بەڵام ئەم پیلانگێڕییەش شکستی خوارد.

سعودیە: ڕێگە نادەین هیچ جەنگێک لە ناوچەکە هەڵبگیرسێت

هاوکات هەر سەبارەت بەم گرژی و ئاڵۆزییانەی لەناوچەکە هەن، شانشینی عەرەبی سعودی هەڵوێستی خۆی ڕاگەیاندووەو لە کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی وەزیرانی سعوودیە کە بەسەرپەرشتی شا سەلمان بن عەبدولعەزیز سازکرا چەند مژارێکی گرنگ تاوتوێکراوە لەنێویاندا دواپین پێشهاتەکانی ناوچەکە و جیهان.

ئاژانسی هەواڵیی فەرمی سعوودیە بڵاویکردەوە کە لە کۆبوونەوەکەدا تیشک خراوەتە سەر ئەو دوو لووتکەیەی کە بڕیارە لە کۆتایی ئەم مانگەدا لەسەر ئاستی کەنداوی عەرەبی لە شاری مەککە ساز بکرێن.

لە کۆبوونەوەکەدا جەختکراوەتەوە لەسەر بەدیهێنانی ئاشتی لە ناوچەکە و لەوبارەوە ڕاگەیەندراوە، کە سعوودیە هەموو هەوڵێک دەدات بۆ ئەوەی هیچ جەنگێک لە ناوچەکەدا هەڵنەگیرسێت.

لە کۆبوونەوەکەدا باس لەوەش کراوە کە سەرجەم گەلانی ناوچەکە لەنێویشیاندا گەلی ئێران مافی ئەوەی هەیە بە ئاشتی و سەقامگیری لە ناوچەکەدا ژیان بەسەربەرێت.

لە کۆتایی کۆبوونەوەکەدا بانگەواز لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی کراوە کە ڕێوشوێنی تۆند لە هەمبەر ئێران بگرێتەبەر.

سەبارەت بە پرسی ئێران و سوریا پوتین پەیوەندی بە ماکرۆن و مێرکڵ دەکات

لە ڕاگەیەندراوێکدا کە لەلایەن ناوەندی ڕاگەیاندنی کۆشکی کرملینەوە بڵاوکراوەتەوە، ئاماژە بەوەکراوە کە ڤلادیمیر پوتین سەبارەت بە سووریا، ئۆکراینا و ئێران پەیوەندی تەلەفۆنی لەگەڵ هەریەک لە ئیمانوێل ماکرۆن و ئەنگێلا مێرکڵ ئەنجامداوە.

لە ڕاگەیەندراوەکەدا هەروەها ئاماژە بەوکراوە کە لە پەیوەندییەکاندا کێشەی سووریا تاوتوێکراوە و تێیدا هاتووە، پوتین زانیاری سەبارەت بە سەقامگیرکردنی دۆخی باکووری خۆرئاوای سووریا، پارێزگاریکردن لە هاووڵاتیانی سڤیل و لەناوبردنی هەڕەشەی تیرۆر لەڕێگەی ئەو ڕێکارانەی هاوبەشی لەگەڵ تورکیادا گیراونەتە بەر، خستووەتەڕوو. باس لەوەشکراوە کە لە پەیوەندییە تەلەفۆنییەکاندا پوتین جەختی لە چارەسەرکردنی قەیرانی ئۆکراینا لەچوارچێوەی ڕێککەوتننامەکانی مینسکدا کردووەتەوە و جەخت لە بەردەوامییدان بە ڕێککەوتننامەی ئەتۆمیی لەگەڵ ئێراندا کراوەتەوە و لە ڕاگەیەنراوەکەدا هاتووە: هەریەک لە ڕووسیا، فەڕەنسا و ئەڵمانیا دووپاتی پابەندیی خۆیان بە هاریکاریی ئابووریی و بازرگانیی لەگەڵ ئێراندا، کردووەتەوە.

عێراق نێوەندگیریی نێوان ئەمەریکا و ئێران دەکات

سەرۆک وەزیرانی عێراق، عادل عەبدولمەهدی وێڕای ئاماژەدان بەوەی کە بەمەبەستی خاوکردنەوەی گرژییەکانی نێوان ئەمریکا و ئێرانی دەکەوێتە سەر و ڕایگەیاند: عیراق وڵاتێکە کە کاریگەری ڕاستەوخۆی دەکەوێتە سەر لە ڕێککەوتن یان گرژیی نێوان ئەمریکا و ئێران. لەپێناو کەمکردنەوەی گرژیی و ئاڵۆزییەکان، لەگەڵ وڵاتە گرنگەکانی ئەوروپا لە کۆبوونەوەداین. خاوەنی دیدگا و تێڕوانینی هاوشێوەین لەگەڵ ئەوروپادا لەوبارەیەوە.

عەبدولمەهدی وێڕای ئاماژەدان بەوەی کە بەمەبەستی خاوکردنەوەی گرژییەکانی نێوان ئەمەریکا و ئێران لە ئایندەیەکی نزیکدا شاند ڕەوانەی هەردوو وڵات دەکەین. داوای لەسەرجەم لایەنەکان دەکەین هێمن بن و بەمەبەستی خۆ بە دوورگرتن لە مەترسیی، پابەندی ستاندارە نێودەوڵەتییەکان بن.

عەبدولمەهدی جەختی لەوەکردەوە کە ژمارەیەک لایەن لە عێراق، ئێران، ئەمریکا و ئیسرائیل هەوڵی هەڵگیرساندنی پێکدادان یان جەنگ لەنێوان ئەمریکا و ئێراندا دەدەن و ڕایگەیاند: ئامانجی ئەمانە، هێنانە ئاراوەی جیاکاریی و دابەشبوونە لە ناوچەکە و لەنێو وڵاتاندا.

محەمەد جەواد زەریف هۆشداری دەداتە ئەمەریکا

وەزیری دەرەوەی ئێران، محەمەد جەواد زەریف هۆشداریی لە کەوتنەوەی ڕووداو لە کەنداوی بەسڕە دەداتە ئەمەریکا.

محەمەد جەواد زەریف هۆشداریی دا لەوەی زیادکردنی هێزە سەربازییەکانی ئەمەریکا لە کەنداوی بەسڕە، ڕەنگە ببێتە هۆی کەوتنەوەی ڕووداو. لە لێدوانێکیدا بۆ کەناڵی سی ئێن ئێنی ئەمەریکی، جەواد زەریف ڕوونکردنەوەی لەبارەی گرژییەکانی نێوان وڵاتەکەی و ئەمریکا دا.

سەبارەت بەوەی کە ئەمەریکا بە بیانووی ئەو هەڕەشانەی لە ئێرانەوە سەرچاوە دەگرن، هێزە سەربازییەکانی خۆی لە کەنداوی بەسڕە زیادکردووە، زەریف ڕایگەیاند: جێگیرکردنی هێزێکی سەربازیی ئەوەندە زۆر لە ڕووبەڕێکی بچووکدا، ڕەنگە هەر لە خۆیەوە ببێتە هۆی کەوتنەوەی ڕووداوگەلێک.

وەزیری دەرەوەی ئێران جەختی لەوەکردەوە کە لە نێو ئیدارەی ئەمریکادا کەسانێک هەن نایانەوێت ئەم جۆرە ڕووداوانە بکەوێتەوە و ڕایگەیاند: بۆ ئەوەی ڕووداوێک ڕوونەدات وریایی تا ئەوپەڕی پێویستەو ئەمەریکا یارییەکی زۆر مەترسیدار دەکات.

لەبارەی ڕوونکردنەوەکەی سەرۆکی ئەمەریکا، دۆنالد ترەمپ کە ڕایگەیاندبوو وڵاتەکەی لەدوای کشانەوە لە ڕێککەوتننامە ئەتۆمییەکە، ئامادەیە بۆ دانوستان لەگەڵ ئێراندا لەپێناو ڕێککەوتنێکی نوێدا، محەمەد جەواد زەریف ڕایگەیاند: ئارەزوومەند نین لەگەڵ کەسانێک قسە بکەین، کە لە بەڵێنەکانیان پاشگەزبوونەتەوە، ناتوانێت لەڕێگەی هەڕەشەکردن لە هیچ ئێرانییەک بگەیتە هیچ شوێنێک، ڕێگای دانوستان بە ڕێزدا تێدەپەڕێت، نەک بە هەڕەشەدا.

هەروەهاش سەرۆکی لیژنەی سیاسەتی دەرەکی و ئاسایشی نیشتمانی لە پەرلەمانی ئێران، حیشمەتوڵڵا فەلاحەت-پیشە ئاماژەی بەوە کرد کە لەگەڵ ئەمەریکادا ناچنە هیچ جەنگێکەوە، بە جەنگی بە وەکالەتیشەوە.

لە لێدوانێکیدا بۆ ئاژانسی هەواڵیی کرێکارانی ئێرانی ILNA فەلاحەت-پیشە باسی لە گرژی نێوان تاران و واشنتۆن کرد کە لەم ڕۆژانەی دواییدا بە لێدوانی بەرانبەری ڕووی لە زیادبوون کرد.

سەرۆکی لیژنەی سیاسەتی دەرەکی و ئاسایشی نیشتمانی لە پەرلەمانی ئێران لە وەڵامی پرسیارێکدا لەبارەی ئەو لێدوانانەوەی باس لەوە دەکەن کە ئێران لە ڕێگەی ئەو گرووپە چەکدارانەی لە ناوچەکەدا لەژێر کۆنترۆڵیدان لەبری جەنگی ڕاستەوخۆ دژبە ئەمەریکا دەچێتە جەنگی بە وەکالەتەوە؟ ڕایگەیاند "بەهیچ شێوەیەک ناچینە هیچ جۆرە جەنگێکەوە. ناتواندرێت ئەوە بەیان بکرێت کە هیچ گرووپێک لە لایەن ئێرانەوە چووتە جەنگی بەوەکالەتەوە. فەلاحەت-پیشە ئەوەیشی خستەڕوو کە هەندێک کاراکتەری ناوچەکە خوازیارن لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست ئەمەریکا ڕابکێشنە جەنگەوە.



فلادیمێر پوتین: ڕووسیا، فەڕەنسا و ئەڵمانیا دووپاتی پابەندیی خۆیان بە هاریکاریی ئابووریی و بازرگانیی لەگەڵ ئێراندا، کردووەتەوە



عادل عەبدولمەهدی: بەمەبەستی خاوکردنەوەی گرژییەکان، لە ئایندەیەکی نزیکدا شاند ڕەوانەی هەردوو وڵات دەکەین



حەسەن ڕۆحانی: ئێران هەمیشە لەبەرانبەر کاربەدەستانی کۆشکی سپیدا سەرکەوتنی بەدەستهێناوە



محەمەد جەواد زەریف: زیادکردنی هێزە سەربازییەکانی ئەمەریکا لە کەنداوی بەسڕە، ڕەنگە ببێتە هۆی کەوتنەوەی ڕووداو

بەڕێرسی لقی دوو سەردانی خانەوادەی شەهید عەمید ئەسکەندەر دەکات



لە چوارچێوەی سەردان و بەرسەرکردنەوەی خانەوادەی سەربەرزی شەهیدانی کوردستان لە سنووری لقی دوو، ئەحمەد کانی ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی و بەرپرسی لقی دووی پارتی دێموکراتی کوردستان بە یاوەری ئاریان سەلاحەدین کارگێڕی لقی دوو، سەردانی خانەوادەی شەهید عەمید ئەسکەندەری کرد. لەو سەردانەدا، پاش ئەوەی لە گوزەرانیانی پرسی، بەرپرسی لقی دوو هاوخەمی خۆی بە خێزان و کوڕانی و براکانی و کەسوکاری شەهید گەیاند و گوتی: شەهیدبوونی عەمید ئەسکەندەر خەسارەتێک بوو بۆ هەموان، دووپاتیشی کردەوە کە لقی دووی پارتی دێموکراتی کوردستان هەمیشە لە خزمەت کەسوکاری شەهیدانە. لە بەشێکی دیکەی ئەو بەسەرکردنەوەکەدا، ئەحمەد کانی ئاماژەی بەو سەروەریە کرد کە هەمیشە بۆ خانەوادەی سەربەرزی شەهیدان ماوەتەوە بە شەهیدبوونی خۆشەویستانیان لەڕێگەی نیشتیمان، پێشیوابوو بەرکەوتنی ئەو سەروەریە ئومێدی ئەو دڵسۆز و خاکویستانەیە کە جگە لە شەهیدبوون، مردنێکی دیکە بە سەرفرازی نازانن، هەر بۆیە لەسەر ڕێبازی کوردایەتی شەهیدەکانیان بەردەوام دەبن.

هەولێر... پڕۆسەی دانانی پێنج هەزار کامێرای چاودێری کەوتە واری جێبەجێکردنەوە



بەڕێوەبەری ڕاگەیاندنی پۆلیسی هەولێر دەڵێ، پڕۆسەی دانانی کامێرای چاودێری لە شوێنە گشتییەکان، کەوتووەتە واری جێبەجێکردنەوە و پێنج هەزار کامێرا دادەنرێن. رائید هۆگر عەزیز، بە مانشێتی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستانی ڕاگەیاند: دەمێک بوو بڕیار درابوو کە پێنج هەزار کامێرای چاودێری لە شوێنە گشتییەکان دابنرێن، بەڵام چاوەڕێی بودجەمان دەکرد، ئێستاش بودجە تەرخان کراوە و دەست بە جێبەجێکردنی کراوە و لە هەموو شوێنە گشتییەکان کامێرای چاودێری دادەنرێت، ئەمەش هەنگاوێکی زۆر باشە بۆ کەمکردنەوەی تاوان و هەر تاوانێکیش ئەنجام بدرێت، لەڕێگەی ئەو کامێرایانەوە بە زووی ئاشکرا دەبێت. بە گوتەی هۆگر عەزیز، ژووڕێکی تایبەت بە چاودێریکردنی ئەو کامێرانە دانراوە و لە هەر شوێنێک تاوانێک ئەنجام بدرێت، بە زووی لایەنی پەیوەندیداری لێ ئاگادار دەکەنەوە، بۆ ئەوەی کۆنترۆڵی دۆخەکە بکەن و ڕێگری لە تاوانەکە بکەن، کە ئەمەش بۆ پۆلیس و هێزە ئەمنییەکان هاوکارێکی زۆر باش دەبێت.

وەزارەتی ئەوقاف خوانێکی بەربانگ بۆ مامۆستایانی ئایینی ڕێکدەخات




بەڕێوەبەری گشتی کارگێڕی و دارایی بە وەکالەت د. عبدالله گرتکی سەرۆکی یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان، جەمال خدر قادر پشکێنەری گشتی بە وەکالەت، قاسم ڕەسول بەرزنجی بەڕێوەبەری گشتی حەج و عومرە، خالد جەمال ئەلبێر بەڕێوەبەری گشتی کاروباری مەسیحییەکان، بەڕێوەبەرانی وەزارەت، سەید سدیق کەپرانی بەڕێوەبەری ئەوقافی هەولێرو مامۆستا نەجم، بەڕێوەبەری ئەوقافی دەوروبەری هەولێر، شوان زاهیر بەڕێوەبەری ئەوقافی شەقلاوە، سالار نوری بەڕێوەبەری ئەوقافی مەخمور و مامۆستایانی ئایینی هەولێر و دەوروبەری گوتەبێژ و بەڕێوەبەری ڕاگەیاندنی وەزارەت بەئامادەبوونی د. پشتیوان سادق وەزیری ئەوقاف وکاروباری ئایینی بە وەکالەت و نەوزاد هادی پارێزگاری هەولێر، د. دیار جەباری بەڕێوەبەری گشتی کارگێڕی و دارایی بە وەکالەت د. عبدالله گرتکی سەرۆکی یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان، جەمال بەرهەم و شەونخوونی و هەوڵە بەردەوامەکانی هەریەک لە د شوکریە ڕەسوڵ و د خەلیل ئیسماعیل و عەلی کەندی بەرز نرخاند و ئومێدی بەخششی پتری بۆ خواستن.

بریکاری وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان سەردانی مانگی نووسەران دەکات



دوێنێ د سالار عوسمان بریکاری وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان بە یاوەریی مەسعود مستەفا بەڕێوەبەری یاسایی و گۆران حوسێن بەڕێوەبەری سەنتەر و تیپەکان سەردانی هەریەک لە نووسەران د شوکریە ڕەسوڵ، د خەلیل ئیسماعیل و عەلی کەندی کرد. بریکاری وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان وێڕای پرسین لە بارى تەندروستییان و خواستنی هیوای سەلامەتی بۆ هەریەکەیان، بەڕێزەوە نادر ڕۆستی، وتەبێژی دەستەی گشتی گەشتوگوزاری هەرێم، ڕایگەیاند کە ئامادەکارییەکانی دەستەی گەشتوگوزار و بەڕێوەبەرایەتییەکان بۆ پێشوازیکردن لە گەشتیاران دەستپێکردووە، لەم هەفتەیەشدا کۆبوونەوەکانیان بەڕێوەبەری گشتی کارگێڕی و دارایی بە وەکالەت د. عبدالله گرتکی سەرۆکی یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان، جەمال خدر قادر پشکێنەری گشتی بە وەکالەت، قاسم ڕەسول بەرزنجی بەڕێوەبەری گشتی حەج و عومرە، خالد جەمال ئەلبێر بەڕێوەبەری گشتی کاروباری مەسیحییەکان، بەڕێوەبەرانی وەزارەت، سەید سدیق کەپرانی بەڕێوەبەری ئەوقافی هەولێرو مامۆستا نەجم، بەڕێوەبەری ئەوقافی دەوروبەری هەولێر، شوان زاهیر بەڕێوەبەری ئەوقافی شەقلاوە، سالار نوری بەڕێوەبەری ئەوقافی مەخمور و مامۆستایانی ئایینی هەولێر و دەوروبەری گوتەبێژ و بەڕێوەبەری ڕاگەیاندنی وەزارەت بەئامادەبوونی د. پشتیوان سادق وەزیری ئەوقاف وکاروباری ئایینی بە وەکالەت و نەوزاد هادی پارێزگاری هەولێر، د. دیار جەباری هەولێر و دەوروبەری هەولێر و کەسایەتی کۆمەڵایەتی خوانێکی بەربانگی بۆ مامۆستایانی ئایینی بەڕێز ڕێکخست، تیایدا دوای بانگی نوێژی مەغریب و ئەنجامدانی نوێژی بەکۆمەڵ مامۆستایان و میوانان ڕۆژیان شکاند و بەکۆمەڵ پێکەوە نانی ئێوارەیان خوارد. جێگەی ئاماژەیە سالانە وەزارەتی ئەوقاف لەسەر ئاستی هەموو پارێزگاکانی هەرێم بەبۆنەی مانگی ڕەمەزانی پیرۆز خوانی بەربانگ بۆ مامۆستایانی ئایینی بەڕێز و کەسایەتی کومەڵایەتی و ئایینی ڕێکدەخات.

دەستەی گشتیی گەشتوگوزاری هەرێم ئامادەکاری بۆ هاتنی گەشتیاران دەکات




بۆ پلاندانان و پێشوازی لە گەشتیاران دەستپێدەکەن.

گوتیشی: بۆ ئەو مەبەستە چەند لیژنەیەکی تایبەت دروست دەکرێن بۆ پێشوازی و بەدواداچوون و پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری، هەروەها پەیوەندی لەگەڵ لایەنەکان دەبەسترێت بۆ کارئاسانی هاتنی گەشتیاران لە دەروازە و بازگەکان.

ڕاشیگەیاند: جەژنی ڕەمەزانی ڕابردوو 250 هەزار گەشتیار ڕوویان لە ناوچە گەشتیاریەکانی هەرێمی کوردستان کردبوو، بەهۆی ڕەوشی کەشوهەواوە چاوەڕوان دەکرێت هاتنی گەشتیاران لە دەروازە سنوورییەکانەوە زیاتر بێت.

ڕۆستی داواشی لە خاوەنی چێشتخانە و ڕێستۆرانت و هۆتێلەکان کرد، لە ڕۆژانی جەژندا شوێنەکانیان بە ڕووی گەشتیاراندا بکەنەوە.

بڕیارە لقێکی زانکۆی ئۆڕاڵ ڕۆبێرتسی ئەمەریکی لە هەرێمی کوردستان بکرێتەوە



بەمەبەستی کردنەوەی لقێکی زانکۆی ئۆڕاڵ ڕۆبێرتسی ئەمریکی لە هەرێمی کوردستان، وەفدێکی زانکۆکە لەگەڵ وەزیری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی کۆبوونەوە. دوێنێ د. یوسف گۆران وەزیری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی پێشوازیی کرد لە وەفدێکی زانکۆی Oral Robertsی ئەمریکی. لەکۆبونەوەیەکدا کە د. ئامانج عەبدوڵا سەعید ڕاوێژکاری وەزیری خوێندنی باڵا ئامادەیبوو، تەمارە کوین بە نوێنەرایەتی زانکۆکە نامەیەکی ڕەسمی زانکۆی ئۆڕاڵ ڕۆبێرتسی ئەمریکی کە تایبەتە بە کردنەوەی لقێکی زانکۆکەیان پێشکەش بە وەزیری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی کرد. بە پێی ناوەڕۆکی نامەکە خوێندکاران و قوتابیانی وەرگیراو لە زانکۆکە بەشێکی خوێندنەکەیان لە هەرێمی کوردستان و بەشەکەی تریشیان لە ئەمریکا دەبێت.

لەبەرامبەردا د. یوسف گۆران وەزیری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی پێشوازی لەم دەستپێشخەریەی زانکۆکە کردو ڕونکردنەوەی پێویستی لەبارەی ڕێککارەکانی چۆنیەتی پێشکەشکردنی پرۆپۆزاڵ و پرۆسیسکردنی پێدانی مۆڵەتی فەرمی بۆ وەفدەکە خستەڕوو. لەلایەن خۆشیانەوە نوێنەرانی زانکۆی ئۆڕاڵ ڕۆبێرتسی ئەمریکی دوپاتیانکردەوە لە ئایندەیەکی نزیکدا پرۆپۆزاڵ و ڕێککارە پێویستەکانی کردنەوەی لقی زانکۆکەیان پێشکەش بە وەزارەت دەکەن.

گەرمیان... بۆ پاراستنی بەرهەمی جووتیاران ژووڕێکی عەمەلیات پێکدەهێنرێ

خەبات- سەربیە یوسف: ڕۆژی سێشەممە 2019/5/21 بە سەرپەرشتی سەلاح کوێخا سەرپەرشتیاری ئیدارەی گەرمیان و بە ئامادەبوونی بەڕێوەبەری دامەزراوە ئەمنییەکانی ئاسایش و پۆلیس و بەرگری فریاکەوتن و بەرگری شارستانی گەرمیان کۆبوونەوەیەک لەدیوانی ئیدارەی گەرمیان بەڕێوەچوو. هەڤاڵ ئیبراهیم، وتەبێژی ئیدارەی گەرمیان، بەخەباتی ڕاگەیاند: لەو کۆبوونەوەدا، سەلاح کوێخا ستایشی ڕۆڵی هێزە ئەمنییەکانی کرد لە پاراستنی سەروماڵی هاووڵاتیاندا و پێبڕایگەیاندن: شەرەفێکی گەورەیە کە ناوچەی گەرمیان بە شیوەیەکی زۆرباش ئەمنیەتی تیا بەرقەرارەو مایەی خۆشحاڵیمانە و تەواوی هاووڵاتیانی دەڤەری گەرمیان شانازی بەوەوە دەکەن کە هێزە ئەمنییەکان شەوو ڕۆژیان خستۆتە سەریەک بۆ پاراستنی سەلامەتی و ئارامی و ئەرکەکانیان بەباشی جێبەجێدەکەن. گوتیشی: سەرپەرشتیاری ئیدارەی گەرمیان هێزە ئەمنیەکانی ڕاسپارد پێویستە لەمەودوا زیاتر چاوکراوەبن و بەهیچ شێوەیەک ڕیگەنەدەن ئەو دەستانەی دەیانەوێت ئارامی ناوچەکە بشێوێنن مەرامەکانیان سەربگرێت. ئەوەشی خستەروو دواتر سەبارەت بە وەرزی دروێنەو حاڵەتەکانی ئاگرکەوتنەوە گفتوگۆ کراو ئاماژەکانی ئاگرکەوتنەوەی ڕۆژانی ڕابردوو لەلایەن بەڕێوەبەری بەرگری شارستانی گەرمیانەوە خرانە ڕوو، بڕیاردرا ژوورێکی عەمەلیاتی هاوبەش لە هێزەکانی پۆلیس و ئاسایش و بەرگری فریاکەوتن پیکبهێنرێت بۆئەوەی زیان بەبەروبومی جووتیاران نەگات. هەڤاڵ ئیبراهیم ڕاشیگەیاند: بۆ ئەو مەبەستەش هێزە ئەمنییەکان پلانی تایبەتیان دەبێت و لە تەواووی ناوچەکانی کەلارو کفری و ناحیەکانی مەیدان و قۆرەتوو پێباز هێزی ئەمنی هاوبەش دادەنرێت و چاودێری زەویییەکشتوکاڵییەکان دەکەن تاوەکو وەرزی دروێنە تەواو دەبێت.



قیرێکی نوێ بۆ قیرتاوکردنی دووسایدی نێوان زاخۆ - دهۆک بەکاردەهێنرێت

کۆمپانیایەکی خۆماڵی بە هاوکاریی کۆمپانیایەکی ئیتاڵی و بە چاودێریی شارەزایانی دوو کۆمپانیای تورکی و ئوردنی، بۆ یەکەمجار لەسەر ئاستی عێراق و کوردستان، قیرێکی نوێ بۆ قیرتاوکردنی دووسایدی نێوان زاخۆ - دهۆک بەکاردێنن. بەڕێوەبەری کۆمپانیا خۆماڵییەکە دەڵێت: ئەگەر حکومەتی هەرێمی کوردستان هاوکارییان بکات، دەتوانن سەرجەم ڕێگاکانی کوردستان بەو قیرە قیرتاو بکەنکە 20 ساڵ بەرگە دەگرێ.



زۆرجار لە ئاستی پێویستدا نین و زوو قیرەکەیان تێکدەچێ و زۆر جاریش ڕووداوی هاتوچۆیان لێدەکەوێتەوە.

لە ماوەی 9 ساڵی ڕابردوودا 36 هەزار و 913 ڕووداوی هاتوچۆ لە هەرێمی کوردستان ڕوویانداوە، بەو هۆیەوە 6 هەزار و 509 کەس مردوون و 77 هەزار و 306 کەسیش بریندار بوون.

لە هەرێمی کوردستان نزیکەی 6 هەزار کیلۆمەتر ڕێگەی دەرەوەی شار هەیە، نزیکەی تەنیا 650 کیلۆمەتر کە دەکاتە 11%ی ڕێگەکانی دەرەوەی شارەکان دووسایدن. زۆربەی ڕووداوەکانی هاتوچۆش لەم ڕێگایانە ڕوودەدەن.

هەفتەی ڕابردوو یەکەم وەجبەی قیری ئیتاڵی گەیشتە هەرێمی کوردستان و بڕیارە لە قیرتاوکردنی ڕێگای جووتسایدی دهۆک ژ زاخۆ بەکاربهێنرێ.

زکری بارزانی، بەڕێوەبەری کۆمپانیای دارین گروپ لە دهۆک کە تەندەری قیرتاوکردنی ڕێگەکەیان وەرگرتووە، بە ڕووداوی گوت: یەکەمجارە لەسەر ئاستی کوردستان و عێراق ئەم جۆرە قیرە بەکاردێ. هەفتەی ڕابردوو چەند ئەندازیارێکی ئیتاڵی کەڕەستەی پێویستی دروستکردنی قیریان بۆ کارگەی باتیکێ هێناوە، کە بە نوێترین تەکنەلۆژیا دروستکراوە، ئێستا دەستیان بە بەرهەمهێنانی قیر کردووە و سەرجەم کەرەستە خاوەکانی قیرەکە لە ئیتاڵیا هێنراون.

بە گوتەی زکری، دوو کۆمپانیای تورکی و ئوردنی چاودێری و سەرپەرشتی دروستکردنی قیرەکە دەکەن، یەکەمجاریش قیرەکە لە قیرتاوکردنی دووسایدی دهۆک ژ زاخۆ بەکاردەهێنرێ.

ڕێگای نێوان زاخۆ و دهۆک سێ ساڵ لەمەوبەر چاککراوەتەوە، بەڵام لە چەندین شوێن تێکچووە. ئێستا دووبارە چاکدەکرێتەوە.

زکری دەڵێت لە ماوەی 40 ڕۆژ تاوەکو دوو مانگ قۆناغی یەکەمی چاککردنەوەی ڕێگاکە کە 13 کیلۆمەترە تەواو دەبێت.

کۆمپانیای دارین، خاوەنی سێ کارگەی گەورەی قیرە کە بە تەکنەلۆژیای پێشکەوتوو دروستکراون. بەڕێوەبەری کۆمپانیاکە دەڵێت: ئەگەر حکومەتی هەرێمی کوردستان داوامان لێ بکات، دەتوانین لە ماوەی 10 ساڵدا سەرجەم ڕێگاکانی هەرێمی کوردستان قیرتاو بکەینەوە.

ستازین، ئەندازیارێکی ئەو کۆمپانیا ئیتاڵییەیە کە گرێبەستی لەگەڵ کۆمپانیای دارین کردووە، باسی تایبەتمەندیی ئەو قیرە دەکات کە هێناویانە و دەڵێت: ئەو قیرەی ئێمە بەکاری دێنین زۆر جیاوازە لەو قیرەی کە لە کوردستان بەکاردێ، قیرەکەی ئێمە مەتاتییە، واتە توانای کشانی هەیە، بە هاتوچۆی ئۆتۆمبێلی گەورەش تێکناچێ.

سەبارەت بە توانای بەرگەگرتنی قیرەکەش، ئەو ئەندازیارە گوتی: ناتوانم بۆ کوردستان پێشبینی بکەم کە بۆ چەند ساڵ بەرگە دەگرێ، چونکە نازانم ژمارەی هاتوچۆی ئۆتۆمبێلەکان لەسەر ئەو ڕێگایانە چەندە، بەڵام لە ئەمریکا بەکارهاتووە و بە 20 ساڵ هیچی لێ نەهاتووە.

پارێزگاری هەولێر و بەرپرسی نووسینگەی عێراقی ڕێکخراوی یونیسکۆ هەماهەنگیی زیاتری یەکتری دەکەن

خەبات- سەید فەخرەدین:

نەوزاد هادی پارێزگاری هەولێر لە دیوانی پارێزگادا و بە ئامادەبوونی دارا یەعقوبی سەرۆکی کۆمیسیۆنی بوژانەوەی قەڵای هەولێر، پێشوازی کرد لە پاوڵۆ فۆنتانی بەڕێوەبەری گشتی نووسینگەی ڕێکخراوی یونیسکۆ لە عێراق و شاندی یاوەری. لە دیدارێکدا و بەبۆنەی تازە دەستبەکاربوونیان وەکو بەرپرسی ڕێکخراوی یونیسکۆ لە عێراق خۆشحاڵی خۆی بەو دیدارەو پێشکەوتن و ئاوەدانی و سەقامگیریەی هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستان دەربڕی و هیوای خواست هەماهەنگی باشتر لەگەڵ پارێزگاو حکومەتی هەرێمی کوردستان بەردەوام بێت، پشتگیری لەکارو بەرنامەکانی ڕێکخراوەکەیان بکرێت. لەلایەن خۆیەوە پارێزگاری هەولێر پیرۆزبایی دەستبەکاربوونی لە بەڕێوەبەری گشتی یونیسکۆ لەعێراق کرد و هیوای سەرکەوتنی بۆ خواست و هەموو ئاسانکاری و پشتیوانییەکی کارو بەرنامەکانی ڕێکخراوی یونیسکۆ کرد، کە ڕۆڵێکی کارای هەبوو بۆ ناساندنی قەڵای هەولێر وەک شاکارێکی کەلەپوری و میژوویی جیهانی و چەند کارو بەرنامەی تری ڕێکخراوەکە لەهەولێر، هەردوو لا باسیان لە پێویستبوونی هەماهەنگی کردەوە بۆ کارا کردنەوەی بەرنامەکانی بوژاندنەوەی قەڵای هەولێر و هاندانی وڵاتانی یەکێتی ئەورووپا بۆ بایەخدان و پشتگیری هەولەکانی بوژانەوەی قەڵای هەولێر.



سلێمانی... بارەگایەکی نوێی یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان کرایەوە



لە شاری سلێمانی بارەگای نوێی ناوەندی بالای دەوروبەری سلێمانی کرایەوە و چەند چالاکییەکی دیکە بەڕێوەچوو. بە ئامادەبوونی مەیسەر عوبید، سکرتێری یەکێتی لاوان و کارگێڕانی مەکتەبی سکرتاریەت بارەگایی نوێی ناوندی بالای دەووروبەری سلێمانی کرایەوە بۆ زیاتر خزمەتی کردنی لاوان. هەمان ڕۆژ سکرتێر و کارگێڕانی مەکتەبی سکرتاریەت سەردانی هەریەک لە بەڕێزان لە مەکتەبی سکرتاریەتی ڕێکخراوی ئازادی لاوانی کوردستان و بارزان ئەحمەد کورە بەرپرسی ڕێکخراوە NGOکان و ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتیی نیشتمانیی کرد، کرد تێدا جەخت لە کاری هاوبەش هەماهەنگی زیاتر کرایەوە لە نێوان هەردوولا لە داهاتوو. هاوکات لە درێژەی چالاکییەکاندا لە شەوانی مانگی ڕەمەزانی پیرۆزدا لە شاری سلێمانی بە ئامادەبوونی سکرتێر و کارگێڕانی مەکتەبی سکرتاریەت ئەنجوومەنی سەرکردایەتی پارێزگای سلێمانی-هەڵەبجە و لقی چواری پارتی و سەرجەم ناوەندە بالاکانی سلێمانی- د.سلێمانی- چەمچەماڵ- هەڵەبجە- گەرمیان- ڕانیە- کەرکوک پێشبرکێیەکی زانستی ئەنجامدرا.

خورماتوو.. ئاگر لە دەغڵودانی جووتیارانی گوندێکی کوردنشین بەربوو



ئاگر لە دەغڵودانی جووتیارانی گوندێکی کوردنشینی سەر بە قەزای خورماتووی سەر بە پارێزگای سەڵاحەدین بەر بوو.

دوێنێ ئەگرەم محێدین، جووتیارێکی گوندی ئەلبو سەباحی کوردنشینی سەر بە قەزای خورماتووە، بە باسنیوزی ڕاگەیاند: دەستێکی ڕەش دەرنگانی شەوی ڕابردوو، ئاگریان لە دەغڵودانی زەوییە کشتوکاڵییەکانی گوندەکەمان بەر دا، ئەوەش بووە هۆی ئەوەی کە جووتیارانی گوندەکە زیانیان پێ بگات.

گوتیشی، هیچ تیمێکی ئاگرکوژێنەوە یا خود لایەنە پەیوەندیدارەکانیتر نەهاتونە بۆ کوژانەوەی ئاگرەکە. هەر بەپێی زانیارییەکان، ئێوارەی ڕۆژی سێشەممە 2019/5/21 ئاگر لە دەغڵودانی زەوییە کشتوکاڵییەکانی گوندی پیرئەحمەدی سەر بەخورماتوو بەر درا. ماوەی چەند ڕۆژێکە لە زۆربەی ناوچە داگیرکراوەکان ئاگر لە دەغڵودانی جووتیارانی کورد بەردەدرێت و ئەمەش لە کاتێک دایە کە تاکوو ئێستا بەشێکی زۆر لە دەغڵودانی ئەمساڵ دروێنە نەکراون.

شارۆچکەی حاجیاوا... دوو کەس بە تۆمەتی دزیکردن لە مزگەوت دەستگیرکران

گوتەبێژی پۆلیسی ڕاپەڕین دەڵێت: لە شارۆچکەی حاجیاوای سەر بە قەزای ڕانیە دوو کەس بە تۆمەتی دزیکردن دەستگیرکران و دانیان ناوە بە تاوانەکەیان. دەشڵێت دەرگای مزگەوتێکیان لێکدووتەوە و هەندێک کەلوپەلی ئاسنیان بردووە و فڕۆشتوویانەتەوە. شۆڕش ئیسماعیل، گوتەبێژی پۆلیسی ڕاپەڕین بە ڕووداوی ڕاگەیاند: دوای ئەوەی هەواڵدەرێک سەردانی بنکەی پۆلیسی ماکۆک دوو کەس دەستگیرکران کە هەردووکیان تەمەنیان لە خوار 18 ساڵە و لە ڕەگەزی نێرن و مزگەوتی گۆڕستانی گشتی حاجیاوا کراوە و دەرگاکانی مزگەوتەکە و هەندێک کەلوپەلی ئاسنی مزگەوتەکە لێکراوەتەوە. دەست بەجێ ڕێکاری یاسایی گیرایە بەر و مەلەفی لێکۆڵنەوە کرایەوە و بڕیاری دادوەر بەدەستهات بۆ دۆزینەوە و دەستگیرکردنی تۆمەتباران.

شۆڕش ئیسماعیل دەڵێت دوای هەواڵدان و بەدواداچوون لەلایەن هێزەکانمان لە بنکەی پۆلیسی ماکۆک دوو کەس دەستگیرکران کە هەردووکیان تەمەنیان لە خوار 18 ساڵە و لە ڕەگەزی نێرن و ئامادەبوونی سکرتێر و کارگێڕانی مەکتەبی سکرتاریەت ئەنجوومەنی سەرکردایەتی پارێزگای سلێمانی-هەڵەبجە و لقی چواری پارتی و سەرجەم ناوەندە بالاکانی سلێمانی- د.سلێمانی- چەمچەماڵ- هەڵەبجە- گەرمیان- ڕانیە- کەرکوک پێشبرکێیەکی زانستی ئەنجامدرا.

دانیشتووی حاجیاوان، لە بەردەمی پۆلیس و دادگا دانیان ناوە بە تاوانەکەیان کە هەستاون بە لێکردنەوەی دەرگاکانی مزگەوتی گشتی گۆڕستانی حاجیاوا هەندێک کەلوپەلی ئاسنیان بردووە و دواتر بە ئاسنەواڵە فڕۆشتویانە. گوتەبێژی پۆلیسی ڕاپەڕین دەشڵێت هەردوو تۆمەتبارەکە بە بڕیاری دادوەر بەپێی مادەی 444 لە یاسای سزادانی عێراقی ڕاگیراون و لێکۆڵینەوە لەگەڵیاندا بەردەوامە.

لە شەوانی مانگی ڕەمەزاندا نەخۆشخانەی فریاکەوتنی ڕۆژهەڵات بەسەردەکرێتەوە

خەبات- سەید فاتیح بەرزنجی:

بەمەبەستی لە نزیکەوە ئاگادار بوون لەڕەوشی خزمەتگوزاری تەندروستی لە نەخۆشخانەی فریاکەوتنی ڕۆژهەڵات، دوێنێ شەو دکتۆر سامان بەرزنجی بەڕێوەبەری گشتی تەندروستی هەولێر بەیاوەری یاریدەدەری بەڕێوەبەری گشتی تەندروستی هەولێرو بەڕێوەبەری کارگێڕی و ستافی پزیشکی سەردانی نەخۆشخانەکەیان کرد بۆ ئەوەی لە نزیکەوە ئاگاداری کێشەو کەموکوڕیی نەخۆشخانەکە بن تا چارەسەری کێشەو کەموکوڕەکان بکەن، دواتر بەڕێوەبەری گشتی تەندروستی هەولێر دەستخۆشی لە ستافی پزیشکان و کارمەندان کرد کە هەمیشە لە خزمەتی نەخۆشاندانەو بەڵێنی چارەسەرکردنی کێشەکانی پێدان.



پرسەو سەرەخۆشی

بەناوی خودای گەورە و میهرەبان

بەڕێز عوسمان ڕانیەیی

بەدڵگرانییەوە هەواڵی کۆچی دوایی خاتوو غەریبە حەمەدئەمین مەرگەیی دایکی بەڕێزتانمان پێگەیشت.

هاوبەشی خەمی خانەوادە بەڕێزەکەتانین و سەرەخۆشی ئاراستەی بەڕێزتان و خزم و دۆست و ئاشنایانتان دەکەین.

لەخودای گەورە داواکارین ئارامی و دڵنەوایی بە هەموو لایەک ببەخشێت و خوالێخۆشبوو بە بەهەشتی بەرینی خۆی شاد بکات.

انا لله وانا الیه راجعون

بارەگای بارزانی

***

بەڕێزان خانەوادەی حاجی ئەمین عەبدولعەزیز عومەر ئاغا هەسنی

خەمباربووین بە بیستنی هەواڵی کۆچی دوایی کەسایەتی دیاری دەڤەری زومار، خوالێخۆشبوو حاجی ئەمین عەبدولعەزیز عومەر ئاغای هەسنی.

لەم بۆنە خەمناکەدا سەرەخۆشی لە بەڕێزتان و تەواوی کەسوکار و دۆست و خزمانی خوالێخۆشبوو دەکەین و هاوبەشی خەمتانین. لەخوای گەورە داواکارین سەبووری و ئارامی بەهەموو لایەک ببەخشێت و خوالێخۆشبوو بە بەهەشتی بەرین شاد بکات.

اناالله وانا الیه راجعون

مەکتەبی سیاسی

***

بەڕێزان لە خانەوادەی حاجی ئەمین عەبدولعەزیز عومەر ئاغا هەسنی

بە بیستنی هەواڵی کۆچی دوایی کەسایەتی دەڤەری زومار، خوالێخۆشبوو حاجی ئەمین عەبدولعەزیز عومەر ئاغای هەسنی خەمباربووم.

خۆم بە شەریکی خەم و پەژارەتان دەزانم و پرسە و سەرەخۆشیم ئاراستەی بەڕێزتان و یەکە یەکەی کەسوکار و دۆست و هەڤاڵانی خوالێخۆشبوو و خزمانی دەڤەری زومار و هەسنی دەکەم.

لە یەزدانی مەزن داواکارم سەبووری و ئارامیتان پێ ببەخشێت و ڕوحی خوالێخۆشبوو بە بەهەشتی بەرینی خۆی شاد بکات.

اناالله وانا الیه راجعون

فازڵ میرانی

سکرتێری مەکتەبی سیاسی

پارتی دیموکراتی کوردستان



ڕێککەوتننامەی ستراتیژی لەپێناو کوردستانێکی بەهێز



ڕێبوار حەمەلاو شوانی

دەربازکردنی ئەزموونی کوردستان لە نێو گەمارۆ و شەڕو قەیران ،پێوستی بە کارایی و حیکمەت و خۆراگریی هەیە ، چوار ساڵی رابردوو بەرێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆکایەتی گشت کۆسپ و تەگەرەکان بەڵام زۆر ژیرانە لەلایەک ڕێگەی نەدا کوردستان بکەوێت و لەلایەکیش بەربەست و کۆسپ و گەمارۆکانی سەر هەرێمی کوردستان بە دیپلۆماسییەک کارا تێکشکاند و دوژمن و نەیارانی کوردی تووشی شۆک و سەرسوڕمان کردەوە.

پارتی دیموکراتی کوردستان بە هەستکردنی بە بەرپرسیاریەتی مێژوویی بەرامبەر ئەزموونی کوردستان و گەلی کورد و هەروەها لە پێناو پاراستنی یەکریزی و تەبایی نێو مالّی کورد و دوای پشوو درێژییەکی زۆر، لە کۆتاییدا ئیرادەی دیموکراسیخوازی مان سەرکەوت و کوردستان چووە قۆناغێکی گرنگ و چارەنووسسازەوە ..مێژوویەکی نوێی حوکمڕانی گەلی کوردستان لە پێناو پێشکەوتنی ئەزموونەکەمان دەستپێکرد بەرە و ئایندەیەکی پر هیوا و پرۆسەیەکی نوێ بونیاتنانی کوردستان ..دوای تێپەڕاندنی چوار ساڵی پڕ کێشە و قەیران و شەڕی تیرۆر و پاراستنی ئەزموونی دەستووری هەرێمی کوردستان ـ سەر ئەنجام ئیرادەی دیموکراسیخوازان سەرکەوت بە سەر سیستەمی 50بە 50دوای زیاتر لە 28 ساڵ بە سەر هەموو کۆسپ و تەگەرەکاندا سەرکەوت .ئەو سەرکەوتنە گەورە و مێژوویییە لە کاتێکدایە ، کە ناوچەکە بە قۆناغێکی هەستیار و چارەنووسسازدا گوزەر دەکات و گەلی کورد پێوستی بە حکومەت و کوردستانێکی بەهێزە لە هەمان کاتیشدا ، دوای چوار ساڵ نەبوونی خزمەتگوزاری و پەککەوتن و مانەوەی گشت پرۆژە و سێکتەرەکان ، بە ڕێککەوتننامەی ستراتیژی نێوان " پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی و گۆران " ئەزموونی حکومرانی کوردستان چووە قۆناغێکی گرنگ و چارەنووساز لە میژوویی گەلی کورد..لە ئەنجامدا پشوودرێژی و حیکمەتی و ئایندە بینی و بەرژەوندییە بالاکانی گەلی کورد ، دوای سەردانی بەرێز نێچیرڤان بارزانی و شاندی بالاّیی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ شاری سلێمانی ولایەنە سەرکییەکانی بەشدارببو لە سەرۆکایەتی هەرێم و حکومەتی کوردستان ڕێککەوتننامەی ستراتیژی لایەنە بەشداربووەکانی کابینەی نۆیەمی حکومەتی کوردستانی لێکەوتەوە و چاوەڕوان دەکرێت لە ماوەیەکی نزیکدا قۆناغێکی نوێی حوکمرانی دەستپێبکات. بەڵێنییەوە دوای پێکهێنانی حکومەتەوە، پارتی هەوڵی جیدیی دەبدات بۆ ئەنجامدانی و جێبەجێکردنی ئەو بەڵێنانەی بە خەڵکدراوە.

واتە بۆ ئەوەی بتوانرێ جارێکی دیکە و بە شێوەیەکی باشتر متمانەی خەڵک بەدەست بهێنرێتەوە، هەموو ئەو بەڵێنانەی بە خەڵکدرابوو لە کاتی هەڵبژاردنەکاندا دەبێت ببنە پرۆژە. خەڵکی چاوەڕوانی زۆر هەیە لەم حکومەتە بە سەقامگیریی سیاسی و بە باشتربوونی دۆخی ئابووری بەڵێنەکان جێبەجێ بکات و لە بواری چاکسازی و نەهێشتنی گەندەڵیدا حکومەتێکی بەهێز بێت، لەبەر ئەوەی پارتی براوەی یەکەمی هەڵبژاردنەکان بووە و پارتی حزبی یەکەمە و پێکهێنەری سەرەکیی ئەم حکومەتەیە، پێویستە ئەم حکومەتە ئەو بەڵێنانە جێبەجێ بکات کە پارتی بە خەڵکی داوە. من ئومێدم زۆرە لەم ڕووەوە، چونکە پارتی هەمیشە لەگەڵ خەڵکدا حزبێکی ڕاستگۆ بووە. یەکێک لە ئامانجە بنەڕەتییەکانی ئەم حکومەتە ئەوەیە کە بەربەستەکان تێپەڕێنێت، دەبێت حکومەتی ئەمبەر و ئەوبەری دێگەڵە نەمێنێت و حکومەتی هەرێمی کوردستان بێت و بڕیارەکان دەبێت جێبەجێ بکرێن. ڕەنگە کەسانێک هەبن کە بەرژەوەندییان لەوەدا بێت کە حکومەتەکە سست و لاوازبێت، ئەمەش یەکێک بووە لە هۆکارەکانی دواکەوتنی پێکهێنانی حکومەت، بەڵام ئەمجارە بڕیارە سێ لایەن بە شداری حکومەت بکەن و چیتر ئەم حکومەتە نیوە بە نیوە نابێت، بەڵکو حکومەتی هەموو کوردستان دەبێت. گەلی کورد لە ماوەی رابردوو قۆناغێکی سەختیان تێپەڕاند، بۆیە، ئیتر ئەرکێکی زۆر دەکەوێتە ئەستۆی کابینە و حکومەتی نوێی داهاتوو، بۆ نموونە: یەکێک لە هەنگاوەکانی حکومەت ئەوەیە کە هەوڵبدرێت هەڵی کار بۆ گەنجان بڕەخسێندرێت. ئێمە پشت بە خوا کێشەی مووچەمان تێپەڕاندووە، بەڵام حکومەتی داهاتوو ئەرکی قورسی دەکەوێتەسەرشان، بۆیە خەڵک مافی خۆیەتی هیوای زۆری هەبێت بەم حکومەتە، بە دڵنیاییەوە ئەم حکومەتەش کار بۆ هێنانەدی خواستەکانی خەڵک دەکات.

کۆبوونەوەی ڕۆژی 5/5/2019ی هەردوو شاندی دانوستاندکاری پارتی دیموکراتی کورستان و بزووتنەوەی گۆڕان لە شاری سلێمانی بە سەرۆکایەتیی بەڕێزان نێچیرڤان بارزانی جێگری سەرۆکی پارتی و عومەری سەید عەلی ڕێکخەری بزووتنەوەی گۆڕان کە تیایدا داکۆکی لەسە ڕێککەوتنی هەریەک لە پارتی و یەکێتی و بزووتنەوەی گۆڕان بۆ پێکهێنانی کابینەی نوێی حکومەتی هەرێمی کوردستان کرایەوە، حکومەتێک کە کار بۆ خۆشگوزەرانی و باشبوونی دۆخی دارایی و بەردەوامیی چاکسازی و چارەسەرکردنی کێشەکان لەگەڵ بەغدا و بەرەوپێشبردنی دۆخی هەرێمی کوردستان لە هەموو ڕووەکەوە و بە نیشتمانپەروەری دامەزراوەکان بکات. پارتی دیموکراتی کوردستان ، ڕێبازێکی خۆرسک و هەڵقوڵاوی ناخی نەتەوەییەکی تونی ڕزگاریخوازی و سەربەخۆیی خوازیی و ڕەتکردنەوەی ژێر دەستیی و بە هەموو توانایەکەوە و لە پێناو گەڕاندنەوەی مافەزەوتکراوەکانی بە گژی داگیرکەراندا چۆتەوە.بە دریژایی مێژوو و خەباتی نەپساوە و پرشانازیی ئەو هەمو ساڵانەو ئەو قۆناغە جیاجیایانەی بەسەر گەلی کوردستاندا تیپەڕیون بۆ دۆست و دوژمن ڕوون بۆتەوە کە پارتی و سەرکردایەتیەکەی بڕیار بەدەستی یەکەم و کۆتایی گەلن و بەبی ئەوان هیچ بڕیارێکی چارەنوسساز و یەکلاکەرەوە نادیرت و ناسەپیندریت، چونکە زۆرینەی گەل متمانەی خۆی پیبەخشیون و بە نوینەری ڕاستەقینەی خۆی دەزانن، هەر ئەو متمانە و گردبونەوەیەش سەلمینەری ئەو ڕاستیەیە کە پارتی و بارزانی بڕیار بەدەستن لە کوردستان.بە هەموو جۆرێک لە ناوخۆو دەرەوە دژایەتی و گەلە کۆمە لە دژی پارتی و سەرکردایەتیەکەی کراوەو هەمو هەوڵێک بۆ لەناو بردن و لاواز کردن و دوورخستنەوەی دراوە، بەڵام چونکە پارتی هەڵقوڵاوی ناو ناخی هەمو تاکیکی ئەو نیشتمانەیە و ڕەسەنایەتی سەرتاپای داپۆشیوە و زۆرینەی خەڵکی کوردستان ئاویتەی بووە و لاوازی پارتی بە نەمانی خۆیان دەزانن نەک لاواز بوون. ڕۆژ بەڕۆژ ڕۆژگار تیدەپەڕیت و پارتی ڕیشەی زیاتر بە خاکی پیرۆزی کوردستاندا دەچێتە خواری و گەیشتۆتە هەمو سوچێکی نیشتمان و تا دێت لە جاران زیاتر بە هێزتر و تۆکمەتر دەبیت.هەموو ئەو دەسکەوت و خەبات و قوربانیدانە بی دابڕان و پاشەکشەنەکردن وسازش نەکردنەی پارتی لەسەر مافە نەتەوەییە ڕەواکان سەلمینەری ئەو ڕاستیە حاشا هەڵنەگرێیە کە پارتی و بارزانی تاکە لایەنی متمانە پێکراوو بە توانای گەیاندنی میللەتن بە هەموومافە ڕەواکانی و هەرخۆشیان لایەنی بڕوا پێکراوی پاریزەری دەسکەوتەکانن ..ئیتر ئەو قۆناغەیە ، کە ویست و داخوازییەکانی گەلی کورد دوای چوار ساڵ ناخۆشی بەرەو پێشەوە ببات لە پێناو پاراستنی دەسکەوتەکان و بەرەو یەکهەڵوێستی و یەکدەنگی بەرەو کوردستانێکی گەشەسەندوو و ئایندەیەکی پر ئومێد.



قارەمان حەیدەر ڕەحمان

هیوایەکی زۆر لە داهاتویەکی نوێ

قەوارەی سیاسی هەرێمی کوردستان لەماوەی 28 ساڵی تەمەنی خۆیدا، گەیشتە ئەو قۆناغەی بتوانێ ڕکابەرەکی و ململانێی سیاسی و ئابووری و فەرهەنگی لەگەڵ بەشێک لەقەوارە سیاسیەکانی دەوروبەری خۆی لەناوچەکە بکات و دیمەنێکی پێشکەوتووی شارستانی پیشانی دونیای دەرەوە بدات. دوای تێپەڕاندنی ئاستەنگی گەورەی بەردەمی لە ڕووی سیاسی و ئابووری و کارگێڕیدا.

ئەو پێشکەوتنانەی دوای ڕاپەڕینی گەلی کوردستان بەدەستهاتوون، پشکی هەموو خەڵکی کوردستانی تێدایە. لەپێشمەرگەیەک، لە مامۆستایەک و فەرمانبەری فەرمانگەیەکی حکومەت و تەنانەت دایک و باوکێک کە هەوڵیانداوە منالەکانی خۆیان لەسەر خۆشەویستی نیشتمان پەروەردەیان بکەن. بەڵام پارێزەری ڕاستەقینە و داهێنەری گەورەی کوردستانێکی ئارام و سەقامگیر و شارستانی، کوردستانێکی جیاواز لەچۆنیەتی بیرکردنەوە بۆ بونیاتنانی داهاتویەکی گەش بۆ نەوەی ئێستا و دواڕۆژ دەگەڕێتەوە بۆ ئەو عەقلیەتەی دونیای جوانی داهاتووی کوردستانی بەچاوی پڕ لە ئومێدەوە دەبینی.

سەرکردایەتی و سەرکردەی هەموو حزبە کوردستانیەکان، لەتای تەرازووی دڵسۆزی و ئەو خزمەت و کۆششانەدا وەک یەک نەبوون و وەک یەک هاوسەنگ نین. هەیە لە پێناو پاراستنی خاکی کوردستان و بەدەستهێنانی مافە ڕەواکانی خەڵکی کوردستان فیداکارانە لەسەنگەردا بووە و خەبات و قوربانی داوە. هەبوون بوونە ئامراز بەدەستی ئەوانەی خەونیان بەلەناوچوونی نۆبەری کوردستانێکی ئازاد دەبینی. هەبوون لەپێناو بەرژەوەندییە حزبیەکانی خۆیان و دەستەبەرکردنی بەرژەوەندی کەسی بۆخۆی، هەم مێژووی خۆیان و هەم ناو ناوبانگی گەلێکی ئاشتی خواز و ژیان ویستیان لێل و نارووندکرد لەبەردەم دوستانی ئازادی و سەربەخۆیی نەتەوە ژێر دەستەکان. گەلێک هەبوون ئەوەندە لە بەرژەوەندییە تایبەتی و حزبیەکانی خۆیاندا قوڵبوونەوە، بەرژەوەندیە بالاکانی نەتەوەییان لەبەرچاو کاڵ بوبەوە. دواجار هەموو ئەمانە و چەندانی دیکە، ئاستەنگی گەورەیان لەبەردەم سەرکردە نیشتمان خوازەکاندا دروستکرد و ڕێگری گەورەیان لەبەردەم هەنگاوە نیشتمانیەکان دانا. بەڵام خۆراگری و بەردەوامبوون و دەست بەرنەدان لە ئامانجە نیشتمانی و نەتەوەییەکان، بەرەی بەرژەوەندیخوازانی حزبی و کەسی لاوازکرد. بەو ڕادەیەی وێنای ڕاستەقینەی ئەوان لەدوا هەڵبژاردنی کوردستان نەک بەکوردستانیان بەڵکو بەجیهانی دەرەوەش ئاشنا کرد.

مەیدانی سیاسی بۆ نەتەوەو نیشتمان خوازانی ئەمڕۆی هەرێمی کوردستان، بۆ ئەوانەی بەدوای دواڕۆژ و داهاتویەکی پێشکەوتوون بۆ گەلەکەیان، ئێستا لەگەڵ هاتنە پێشەوەی ئەو دەرفەتە زێرینەی لەئەنجامی بەدەستهێنانی متمانەی زۆرینەی خەڵکی کوردستان والاترە. ئاستەنگەکان لەگەڵ پشتیوانی بەهێزی جەماوەری کالتربوونەتەوە. هەمووی چاوەڕوانی چاکسازی و ریفۆرم دەکەن بەرامبەر ئەوانەی تەمەنێکی زۆریان لەپێناو بەتاڵکردنەوەی خەونەکانی گەلی کوردستان سەرفکرد و نەیانتوانی ئامانجە گەورەکانی کەپێشمەرگە لەپێناوی شەهید بوون، لەباربەبن.

ئەمڕۆ هەموومان چاوەڕوانی لەناوبردنی ئەو جۆرە عەقلیەتەین ، کەبوونی خۆی لە دەرەوەی چوارچێوەی بەرژەوەندیە بالاکانی نیشتمانی و نەتەوەیدا دەدۆزێتەوە.

هەڵبژاردنەکان یەکێتی ئەوروپا و دروستکردن لۆبی کورد



ساسان دەرویش – هۆڵەندا

ئەمڕۆ پێنجەشەممە 23تا 26 ئایار 2019پڕۆسەی دەنگدان لە 28 وڵاتی ئەندام لە یەکێتیی ئەوروپا دەستپێدەکات بەوە هاووڵاتییان یەکێتییەکەش لە وڵاتانی خۆیان، بەرەو سندوقەکانی دەنگدان هەنگاو دەنێن بۆ هەڵبژاردنی بەرێزەکانی لیستی پارت و قەوارە سیاسییەکانی نێو وڵاتەکانیان بۆ مسۆگەرکردنی زۆرینەی کورسییەکان، لە کۆی 751 کورس ئەو یەکێتییە.

ئەمەش لە پێناو پتەوکردن و مانەوەی یەکێتیی ئەوروپای یەککگرتوو کە سنووری لە نێوانیاندا نەهێشتووەتەوە و هەوڵی دەوڵەمەندکردنی کایەکانی ژیانیان دەدات، وێڕای ژیانگەیەکی خاوێن و کەشوهەوایەکی دیموکراسی و ئارام و ئاسایش، کە تێیدا بژین، ئەوەی لێرەدا مەبەستە باسی لێوە بکەم، ڕەوندی کوردستانییە کە بە لەشکرێک مەزەندە دەکرێن لەناو دەوڵەتانی سەر بە یەکێتیی ئەوروپا ، کە زۆرینەیان خاوەنی ڕەگەزنامەی وڵاتانن و بەم پێیەش مافی دەنگدان و خۆپاڵاوتنیان هەیە لە پرۆسەکانی دەنگدان و بڕیاردان لە چارەنووسی ئەو وڵاتەی تێیدا نیشتەجێن، بەداخەوە ڕەوندی کوردستانیان تا ئێستا لە قورسایی دەنگ و بوون خۆیان تێنەگەیشتوون کە بە یەکگرتوویی و دەنگدان لە پرۆسەکانی شارەوانییەکان و پەرلەمانەکان و پەرلەمانی یەکێتیی ئەوروپا چی بەدەست دەهێنن تا چەند سوودمەند دەبن لەو هێزە شاراوەیەی کورد کە هەیەتی لە تاراوگەدا، کە گەورەترین سەرمایەیە بۆ ئایندە و ئێستای کوردستان، ئەگەر هەریەکەمان بە ویژدانەوە وەک وەفایەک بۆ کوردستان کە هەریەکمان لە سەری لە دایکبووین و ژیاوین، ئینتیمای نەتەوەییمان بۆ خاک و گەلەکەمان دووپاتدەکەینەوە و بەڵێن دەدەین بە یەکگرتوویی، کوردستان بپارێزین، ئەمەش بەوەی هەریەکەمان خۆمان بە خاوەنی هەموو دەنگەکانمان بزانین و بە سوودی کوردستان بەکاریان بهێنین، ئەگەر تاکو ئێستاش دەنگەکانمان یەکنەبوون، بەهۆی ڕەنگدانەوەی ڕەنگەکانی پارتەکان و جیاوازییەکانی ئایدیاکانمان و لە یەک دوورکەوتنەومان لە یەکتر لە پێناوی کوردستانێکی بەهێز و هەنگاونان بۆ ئامانجە پیرۆزەکانمان لە سەربەخۆیی کوردستان با بە ڕۆحیەتی کوردایەتی و بیرهێنانەوەی یەکەم ڕۆژی ڕاپەڕینی بەهاری ساڵی 1991 کە هەموومان پێکەوە یەکترمان دەپاراست و دەستماندایە چەک و دار و بەرد لە دژی ڕژێمی دیکتاتۆری بەعس و سەرئەنجام ڕووخاندمان، ئەو ڕژێمە کە زیاتر لە 30ساڵ هەموومانی چەوساندەوە و کوشتوبڕ کورد دەکرد، با لاپەڕەیەکی تری زێڕین لە میژووی کوردایەتیمان بنووسینەوە، ئەم جارەیان لە تاراوگەوە دەست بخەینە نێو دەستی یەکتر و بەرەو سندوقەکانی دەنگدان هەنگاو بنێین بۆ قازانجی کوردستان و ئاشتبوونەوەی گشتی و کۆکردنەوەمان لە یەک ڕێکخراوی کوردایەتیدا و لەمەولاش ئەم ئەرکە دەخەینە ئەستۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان کە بیر لە فاکتەرێک بکاتەوە، پێشوەختە کار بۆ ئەم پرۆسانەی دەنگدان بکات و هاوکار بێت لەگەل بەربژێرە کوردەکان بە کۆکراویی نەک ئەو پەرتەوازییە هەبووە و هەریەکە و بە ئاوازێک دەخوێنێت و سەرئەنجام سەرکەوتوو نابێت و دەنگی مسۆگەر وەرناگرێت لە هاوزمانەکانی خۆیان، ئێمەی کورد سوپایەک کوڕ و کچی گەنج و خاوەن بڕوانامەمان هەیە کە لەنێو پارت و قەوارە سیاسییەکانی وڵاتان ئەندامی چالاکن و بەرەوپێش هەنگاو دەنێن، بۆیە لەم بوارەشدا دەبێت حکومەتی هەرێمی کوردستان هاوکار بێت و گەشە بەم پرۆسەیە بدەین بۆ زیاتر هاندانی گەنجەکانمان لە کوڕان و کچان، بەمەش زیاتر لەنێو ناوەندەکانی دەسەلاتدا دەنگمان دەبێت.

ئەو دەنگانە چەند گرنگ و کاریگەریان هەیە لە بچووکترین گۆڕانکارییەکانی یاساکان و دەنگدانی بە کۆمەڵ بۆ بەلاداخستنی کێشەی ڕووداوەکان کە هەریەکەمان لە دەنگی کۆکراوەکان سەنگی سیاسی و کاریگەری هەیە و بە هیوام هەموو ڕەوندی کوردستانیان لە وڵاتانی جیاجیای یەکێتیی ئەوروپا بە ڕۆحی کوردایەتییەوە بچن بۆ سەر سندوقی دەنگدان و دەنگ بە پارت و کەسایەتی و بەربژێرە کوردەکان و دۆستەکانمان بدەین کە بالێوزی کوردبوون بۆ دەنگهەڵبڕین بۆ داکۆکیکردن لە مافەکانی کورد، ئەگەربێت و دەنگ نەدەین و خەمسارد بین ڕەنگە کاریگەری لەسەر تۆ نەبێت بە سانایی، بەڵام کاریگەری لەسەر کوردستان و کەسوکار و دۆستەکانت دەبێت یاخود لە داهاتوودا ڕێژەی ڕاستڕەوەکانی دژ بە بیانی زیاد بن، دەکەونە لقکردنی ژیانت لە تاراوگە، بۆیە ئەگەر ئەم ئەرکە نیشتمانی و نەتەوەییە جێبەجێ نەکەیت، چۆن بتوانین لۆبی کورد دروستبکەین و کوردستانێکی بەهێز بپارێزین!

بیرەوەریێن کادرەکێ دەسپێکا شۆڕشا 11ی ئەیلولێ



مەلا تاهر رەشاڤەیی:
مە ب فەرمان و شیرەتێن بارزانیێ نەمر، رێکخستنێن پارتایەتی و پێشمەرگایەتی ل دەڤەرا بەهدینا دەستپێکر

هدف پەیڤین ـ خەبات/ شڤان توڤی

شۆڕشا 11ی ئەیلوولێ قوناغەکا نوی بوو د بزاڤا رزگاریی خازا مللەتێ کورد ب سەروکاتییا رێبەرێ دیروکییێ کوردستانی مەلامستەفا بارزانی. شۆڕشا 11ی ئەیلوولێ مەزنترین و بەرفرەهترین شۆڕشا ئازادی خازبوو د دیروکا خەباتا مللەتێ کورد و بەلکی د دەڤەرا روژهەلاتا ناڤیندا. هەروەسا شۆڕشا ئەیلوولێ ب شێوە وپەرەنسیپێن حزبییێن سەردەمان و لبن فەرمان و شیرەتێن مەلامستەفا بارزانی هاتە رێکخستن و بەرخودان. ئەڤجا مە ل(روژناما خەبات) ب فەر زانی کو چاڤ پێکەفتنەکێ دگەل کەسەکێ شۆڕشگێر بکەین، کو ئێکە ژ کادرێن دەسپێکا شۆڕشا 11ی ئەیلوولێ و ئێکە ژپێشەنگێن رێکخەرێن رێکخستنێن پارتی دیموکراتی کوردستان ل دەڤەرا بەهدینا، ئەوژی (مەلا تاهر رەشاڤەیی)یە. د ئەڤێ هەڤدیتنێدا،(تاهر رەشاڤەیی) بڤی رەنگێ خارێ، دلێ خو بو (روژناما خەبات) ڤەکر:



پشتی هەرفتنا رژێما پاشایەتی ل عێراقێ و ڤگەریانا جەنابێ مەلامستەفا بارزانی و هەڤالێن وی ل ئێکەتیا سوڤیەت (1958)؟ دەرفەتەک نوی بو دوزا کوردی هاتەپێش کو (بەلکی)؟! ب شێوەزەکێ ئاشتیانە و دانوستان دوزاکوردا ل عێراقێ بهێتە چارەسەرکردن و کورد بگەهنە مافێن خو. بەلێ مخابن حکومەتا عێراقێ یا دل و نیاز راست نەبوو کو دوزا کوردا ئاشتیانە چارەسە بکەت. لەوما ل دەسپێکا سالا 1961 پەیوەندییێن حکوومەتا عێراقێ و سەرکردایەتیا شۆڕشێ (مەلامستەفا بارزانی) تێک چوو و مەلامستەفا ژ بەغدا زڤری ڤە کوردستانێ و دەستکر ب رێکئێخستنا شورەش گێری و چەکداری و کارگێڕی و کومەلایەتی ل سەرانسەری کوردستانێ و ل ئەنجامدا شۆڕشا 11ی ئەیلوولێ سەرهلدا و دەستپێکرا.

*** مەلا تاهر رەشاڤەیی، کییە؟.**

ـ ئەز تاهر عومەر تاهر یێ بەرنیاس ب (مەلا تاهر فەق عمر رەشاڤەیی) ،ل سالا 1931ل گوندێ رەشافا ل دەڤەرا نهێلێ هاتیمە سەر دنیایێ، من خاندنا خوە ل میسل ب دوماهیک ئینایە.

مەلا تاهر رەشاڤەیی:
مە داخاز ژ رێکخستن و ئەندامێن خوە کر ئەوێ بشێن تڤەنگا بکرن

ل سالا 1943ئەز بومە پالێوراوێ حیزبا (هیوا) ، لسالا 1947ئەز بوومە ئەندامێ حیزبا پارتی (پارتی دیموکراتی کوردستان) ، پاشدا ب بریارا مەکتەبا سیاسی ئەز بوومە کادرێ پارتی ل قەزایا ئامێدیێ ل سالا .1957

*** هەوە چەوا ل دەڤەرا بەهدینا رێخستنێن پارتی چێکرن و کی بوون رێکخەرێن دەسپێکا رێکخستنێن پارتی ل دەڤەرا بەهدینا و سنورێ چالاکییێن هەوە چوابوو؟.**

ـ سالا 1959ب بریارا مەکتەبا سیاسیا پارتی، مە (لیژنا شۆڕش) رێکئێخست و درستکر. ئەم وەکی رێکخەرێن رێخستنێ پارتی ل دەسپێکێ پێک هاتبووین ژ: 1- ئەز مەلا تاهر رەشاڤەی -2یوسف محەمەد بێدوهی -3مەلا عەبدلا ئاڤدەل باکرمانی، ئەم وەک دەستەکا کارگێڕییا وێ لیژنێ بووین و هەر ئێک ژ مە، سێ ئەندام بو شانا خو دیارکرن و رێک ئێخستن.

ئەڤجا مە دەست ب رێکخستنا حیزبێ کر... یوسف محەمەد بێدوهی ل ناڤ بەروارێا دەست ب چالاکی و رێکخستنێن حزبێ کر. مەلا عەبدلا ئاڤدەل باکرمانی ل روژئاڤایێ ئامێدی و زێبارێ چالاکی و رێکخستنێن حزبێ برێڤە برن و ئەوژی (مەلا تاهر رەشاڤەی) ل روژهەلاتێ پێشمەرگایەتی ب فەرمانێ مەلامستەفا بارزانی بوون، شورشا ئەیلوولێ ژی مە ب فەرمان و شیرەتێن بارزانیێ نەمر دەستپێکر. بەری 11 ئەیلوولێ ل 7ئەیلوولێ کاغەزا رەسمی ب موهرا مەکتەبا سیاسی گەهشتە مە کو دەست ب شەڕی بکەین. ئەز ل دەڤەرا ئامێدیێ و ئامێدیێ و بەروژی و نێروەیێ و نهێلێ و رێکانی و هێتوتی مە رێکخستنا پارتی درست کر و مە داخاز ژ رێکخستن و ئەندامێن خوە کر ئەوێ بشێن تڤەنگا بکرن.

*** کەنگی رێخستنێن پارتی ل دەڤەرا بەهدینا دەست ب شەڕ و شۆڕشێ کر؟**

ـ پشتی وەزعێ سیاسی ل عیراقێ تێک چووی ، (حلفێ بغداد) هاتە چێکرن ، هندەک مەزنێن کوردا هاتنە (استغلال کرن). بەری 11 ئەیلوولێ شەڕی دەست پێکر، ل رێکان و زێباری ئەم وەک لیژنا شۆڕش، ئەم چووینە بەروکێن شەڕی.

مەلا عەبدلا باکرمانی ل شەرێ زێباریان ل گوندێ هلورا .

*** رێکخستنێن هەوەیێن پارتی چەوا، ب فەرمانا کێ ل مەها ئەیلوولێ 1961شەڕ و شۆڕش کرد؟.**

ـ هەلبەت هەمی ئەرک و چالاکییێن مەیێن پارتایەتی و یوسف ل دەڤەرا بەروارێا و ئەحمەد عەبێ ئامێدی دگەل سدقی ئامێدی دگەل بنەمالا حەجی شەعبان ل ئامێدیێ شەڕی بکەین. سنورێ پارێزگەها دهوکێ ژی بووە سنورێ چالاکیا دوسکیا و مزیریا ب سەرپرشتیا لقێ هاتییە (بانیا جەلکێ) مە دورپێچ کرد . خودێ ژێ رازی شێخێ بارزان.. شێخ ئەحمد بارزانی 200 پێشمەرگە ل هەوارا مە هنارتن کو ل دۆسکی ژوری و هەرکی بنەجهبوون .

چەکدارێن زێباریان د گەل شەرێ رێکانیا هاتە شەهید کرن.

*** تو. وەکی (مەلا تاهر رەشاڤەیی) رولێ تە د شۆڕشا ئەیلوولێ چ بوو، تە بەشداریا چ شەڕا کرییە؟.**

ـ شورەشا مەزنا ئەیلوولێ دەست پێکر ل 11ئەیلوولێ 1961 ، ل وان هەمی شەر و داستانێت هاتینە کرن من بەشداری تێدا کرییە.. ناهێتە حساب کرن. ب تایبەتی ل دەستپێکا شورەشێ، مە ل سەر حسێبا خوە شورش کرییە حەتا ئەڤرو، ب دریژاهیا هەردوو شورەشان ئەیلول و گولانێ . من بەشداریا دەهان شەڕا کرییە ل دەڤەرا بەهدینا کو ناهێتە حسێب کردن. بەلێ شەرێن مەزن ژوانا... شەرێ زاویتە، شەرێ سیارەتووکا و... دەهان شەرێن دی.

*** ئاڤێ (پێشمەرگ) چەوا خویا بوویە؟.**

ـ دەربارەی ئاڤێ پیرۆزێ (پێشمەرگە)ی بارزانییێ نەمر ئەڤ ناڤە لێنایییە ،سەروک بارزانی دوو ناڤ (پێشمەرگە) و (جاش) ناڤ کرییە، ناڤێ (پێشمەرگە) بوو وان کەسایە کو خو بەخش بەرەڤانییێ ل وەلاتێ خو دکەن و روحا خو فیدا دکەت، بەلێ ناڤێ دی(جاش) بوو وان کەسایە کو چەکێ دوژمنی هەلگرتی و دژی شورەشێ شەڕ کرییە.

*** ژیانا هەوە د شۆڕشا ئەلوولێ چەوابوو؟.**

ـ یانا شورەشێ ل سەر مللەتی بوو، مللەت هاریکار بوو ب هەمی رەنگەکا، شورەشا مللی بوو و هەمی چین و تەخێن میللەتی بەشداری شورشێ بوون و هاریکاریا شۆڕشێ دکر.

*** تە چ بیرەوەی هەنە دگەل بارزانییێ نەمر؟.**

ـ بیرەوەریێت مە زۆرن دگەل بارزانییێ نەمر، ئێک ژوان بیرەوەریا: ل ناڤ بەرواریا بارزانی گوتە من ((ئەز و تو ژی دێ چینە شەڕی، دێ تڤەنگا پەیدا کەم، ژبلی وان سەد تڤەنگێت من داینە تە بۆ هێتیتیا و سەدێت نهێلیا...)).

*** ل دەسپێکا شۆڕشێ هەوە چ قوربانی دانە؟.**

ـ مە (نهێلیا) تەنێ ل دەستپێکا شورەشێ، مە چل شەهید دان.

*** تە چەوا کەساتییا بارزانییێ نەمر دیتییە؟.**

ـ بارزانییێ نەمر مروڤەکێ چاڤ نەترس و ب بڕیار و حەکیم و داپەروەر و ب ڕەحم و ئیماندار و خودێ نیاس بوو، سیاسەت مەدار و عەسکەرییەکێ شەهرەزا و دیپلۆماتکارەکێ خودان شیان و کاریزمایەکا تایبەت بوو، شۆڕڤانەکێ شەهرەزا و ب ئەزموون بوو. مەلامستەفا بارزانی مروڤەکی جڤاکی بوو، خوشتڤیێ هەمیی چین و تەخێن میللەتێ کورد و تەڤایا خەلکی کوردستانێ بوو بهەمی نەتەوە و ئایناڤە.

بارزانییێ نەمر هەمیی ژیانا خو کرە قوربانی ژبو ژیانا میللەتێ کورد و ئازادی و سەرفەرازییا هەمی خەلکی کوردستانێ. لەوما هەتا نوکەژی مەلامستەفا بارزانی د دلێ هەمی خەلکەکێدایە و هەر ب رێبەر و بابێ میللەتی کورد دێ مینیت و نەمرە.

وون بوون

نوسراوی گومرگی باشماخ لەگەڵ مەنەفێستی بەناوی شرکە سرود جمال احمد جۆری ئۆتۆمبێل CHEVROLET-EQUINOX ٤ بستۆن ئۆتۆماتیک ئۆتۆمبێلی استیشن بەرز رەنگی/ سپی ژمارەی ئۆتۆمبێل ١٥٢٥٨ کاتی سلێمانی ژمارەی شاسی: 2GNAXJEV٠J٦١٥٣٧٢٩ وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

***

وون بوون

مەنەفێست بەناوی: شرکە ساز جۆری ئۆتۆمبێل تویوتا راف ستیشن مۆدێل: ٢٠١٩ ژمارەی ئۆتۆمبێل: ١١٢٢٩ کاتی ژمارەی شاسی: HTMR١٣FV١KJ٠١٠٨٦٥ وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

***

وون بوون

مەنەفێست بەناوی: شرکە حاتم خلیل جۆری ئۆتۆمبێل مارسیدس راس تریلە مۆدێل: ٢٠١٣ ژمارەی ئۆتۆمبێل: ٩٧٦٨ کاتی ژمارەی شاسی: WDB٨٣٢٣٠٧١L٧٥٧٧٢٥ وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

***

وون بوون

مەنەفێست بەناوی: شرکە یام جۆری ئۆتۆمبێل شفل تایر سجاق مۆدێل: ٢٠٠٤ ژمارەی ئۆتۆمبێل: ٥٦٦٦٩ کاتی ژمارەی شاسی: ٨٤٥١٠١٠٧ وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

***

وون بوون

مەنەفێست بەناوی: شرکە هبە جۆری ئۆتۆمبێل شفل تایر حفارة مشترکە JCB مۆدێل: ٢٠١١ ژمارەی ئۆتۆمبێل: ١٠٥٠٧ کاتی ژمارەی شاسی: JCB٣CX٤TC٠٢٠١١٥٢٤ وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

***

ون بوون

پێناسی شارستانی بەناوی(محمد فارس عشمان) ون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی. (٠٧٥١٧٦٨٧١٩٨).

***

مديرية الجنسية و الاحوال المدنية لمحافظة السليمانيه
شؤون الاحوال المدينة

العدد: ١٠

اعلان

قدم المواطن (عصام محمد عصام) دعوى فى هذه المديريه لتبديل اسمه من (عصام) الى (ياد) فى قيده لعام (١٩٥٧) فمن لدية اعتراض مراجعه هذه مديرية خلال خمسة عشرة يوما من تاريخ نشره فى الجريده و بعكسه فسوف تنظر هذه المديريه فى المدعوى وفق احكام المادة ٢٢ من قانون البطاقه الوطنيه رقم ٣ لسنه ٢٠١٦.

اللواء/ هيثم فاضل الغرباوى
مدير العام/ وكالة

***

دائرة التسجيل العقارى فى حلبجة

الرقم / ٦٥٩
التاريخ/ ٢٠ / ٥ / ٢٠١٩

اعلان

قرار تثبيت عائدية عقار مجددا

بناء على ثبوت عائدية تمام العقار المرقم ٢٩٢ محلة((طويله)) الى طالب التسجيل ((فيروز محمود محمود)) بموجب قرار تثبيت العائدية المؤرخ ١٢ / ٥ / ٢٠١٩الصادر من هذه الدائرة عليه تعلن هذاالقرار وعلى من لديه اعتراض على القرار المذكور اقامة الدعوى لدى المحكمة المختصة خلال مدة ثلاثين يوما اعتبارا من اليوم التالى لنشر هذاالاعلان وعند انتهاء وعدم ورود اشعار من المحكمة باقامة دعوى لديها خلال المدة المذكورة ستباشر هذه الدائرة بالتسجيل وفقا لقرار تثبيت العائدية

رئيس اللجنة
القاضى / سۆزان حمه شريف عبدالله

***

دائرة التسجيل العقارى فى حلبجه

الرقم / ٦٦٧
التاريخ/ ٢١ / ٥ / ٢٠١٩

اعلان

طلب اعلان تسجيل عقار مجددا

بناء على الطلب المقدم الى هذه الدائرة بتاريخ/ ٢٦ / ٣ / ٢٠١٩ لتسجيل تمام العقار تسلسل ٢٩٣ محلة طويله باسم ((رئاسة بلدية طويله)) مجددا باعتباره حائزا له بصفة المالك للمةالقانونية . ولغرض تثبيت الملكية المذكورة تمهيدا لتسجيل وفق احكام قانون التسجيل العقارى رقم ((٤٣)) لسنة ١٩٧١ قررنا اعلان هذاالطلب , فعلى كل من يدعى بوجود علاقة او حقوق معينة على هذاالعقار تقديم مالديه من بيانات الى هذه الدائرة خلال مدة ثلاثين يوما اعتبارا من اليوم التالى لنشر هذاالاعلان بوكذلك الحضور فى موقع العقار فى الساعة العاشرة صباحا من اليوم التالى لانتهاء مدة هذاالاعلان وذلك لاثبات حققه موقعيا فى الكشف الذى سيجرى فى اليوم المذكور لهذاالغرض

مدير / دائرة التسجيل العقارى فى حلبجه
عمر محمود محمد

***

رئاسة محكمة استئناف منطقة كركوك/كرميان
محكمة الاحوال الشخصية في كلار

العدد: ٤٨٤/ش/ ٢٠١٩
التاريخ: ٢٠١٩/٥/١٦

الي المدعي عليها/ ليمو محمد امين

اقام المدعي (حسيب علي محمد) الدعوي المرقمة (٤٨٤/ش/٢٠١٩) لدي هذة المحكمة و تطلب فية (تصديق الزواج) ولدي ارسال ورقة التبلغ اليك فقد تبين بانك مرتحل الي جهة مجهولة و حسب اشعار مختار المنطقة لذا فقد تقرر تبليغك بمضمون الدعوي عن طريق النشر في صفحتين محليتين لغرض الحضور في موعد المرافعة الموافق (٢٠١٩/٥/٢٧) الساعة (٩) صباحا وفي حال عدم حضورك او ارسال وكيل عنك ستجري المرافعة بحقك غيابيا.

القاضي/ سيروان محمود الزهاوي

***

رئاسة محكمة استئناف منطقة كركوك/كرميان
محكمة الاحوال الشخصية في كلار

العدد: ٤٨٢/ش/ ٢٠١٩
التاريخ: ٢٠١٩/٥/١٦

الي المدعي عليه/ عبدالسلام فخر الدين احمد

اقامت المدعية (هاونا فريق زينل) الدعوي المرقمة (٤٨٢/ش/٢٠١٩) لدي هذة المحكمة و تطلب فية التفريق بينكما استنادا للمادة الثالثة و الاربعون/ فقرة ١/ بند ٢ (التفريق للهجر) ولدي ارسال ورقة التبلغ اليك فقد تبين بانك مرتحل الي جهة مجهولة و حسب اشعار مختار المنطقة لذا فقد تقرر تبليغك بمضمون الدعوي عن طريق النشر في صفحتين محليتين لغرض الحضور في موعد المرافعة الموافق (٢٠١٩/٥/٢٧) الساعة (٩) صباحا وفي حال عدم حضورك او ارسال وكيل عنك ستجري المرافعة بحقك غيابيا.

القاضي/ سيروان محمود الزهاوي

***

ئاگاداری

وەزارەتی دارایی و ئابووری هەڵدەسێت بە بەکرێدانی روبەری(١٨٠٠م٢) لە پارچە زەوی ژمارە (٨٣/ ٣ کەرتی ٤ قەرەبلاغ) بە مەبەستی دروستکردنی کۆگای وشکە فرۆشی بە زیاد کردنی ئاشکرا بەپێی یاسای ژمارە ٣٢ ی ساڵی ١٩٨٦ی هەموارکراو ی رێنمایی دارایی ژمارە (٥) ی ساڵی ١٩٨٦, جا هەرکەسێك ئارەزووی بەشداری کردنی هەیە لە زیاد کردنەکە سەر لە بەرێوەبەرایەتی خانوبەری میری گەرمیان بدات لەماوەی (٣٠) رۆژدا کەدەست پێدەکات لەدوای بڵاوبونەوەی ئەم ئاگاداریە ،سەعات (١٠) ی سەرلە بەیانی بەمەرجێك بارمتەی یاسایی (٢٠٪) یەدەکی پێبێت.

تێبینی کرێی ئەم ئاگاداریە دەکەوێتە ئەستۆی ئەو کەسەی زیاد کردنەکەی بۆ دەردەچێت.

مکرم فتاح محمد
بەرێوەبەری خانوبەری میری گەرمیان
١٦ / ٥ / ٢٠١٩

***

ئاگاداری

وەزارەتی دارایی و ئابووری هەڵدەسێت بە بەکرێدانی روبەری(٢٧٥٠م٢) لە پارچە زەوی ژمارە (٨٣/ ٣ کەرتی ٤ قەرەبلاغ) بە مەبەستی دروستکردنی کۆگای فەرش فرۆشی بە زیاد کردنی ئاشکرا بەپێی یاسای ژمارە ٣٢ ی ساڵی ١٩٨٦ی هەموارکراو ی رێنمایی دارایی ژمارە (٥) ی ساڵی ١٩٨٦, جا هەرکەسێك ئارەزووی بەشداری کردنی هەیە لە زیاد کردنەکە سەر لە بەرێوەبەرایەتی خانوبەری میری گەرمیان بدات لەماوەی (٣٠) رۆژدا کەدەست پێدەکات لەدوای بڵاوبونەوەی ئەم ئاگاداریە ،سەعات (١٠) ی سەرلە بەیانی بەمەرجێك بارمتەی یاسایی (٢٠٪) یەدەکی پێبێت.

تێبینی کرێی ئەم ئاگاداریە دەکەوێتە ئەستۆی ئەو کەسەی زیاد کردنەکەی بۆ دەردەچێت.

مکرم فتاح محمد
بەرێوەبەری خانوبەری میری گەرمیان
١٦ / ٥ / ٢٠١٩

***

وەزارەتی شارەوانی و گەشتو گوزار
بەرێوەبەرایەتی گشتی شارەوانیەکانی گەرمیان
سەرۆکایەتی شارەوانی رزگاری
کارگێڕی و خۆیەتی

ژمارە : ١٠٧٢
ریکەوت : ١٥/ ٥/ ٢٠١٩

ئاگاداری

سەرۆکایەتی شارەوانی رزگاری ئاگاداری هەموو ئەو هاوڵاتیانە دەکاتەوە کە ساڵانی (١٩٨٧ – ١٩٨٩) زەویان لەناحیەی رزگاری،(صمود) وەرگرتووە کە هاوڵاتی (نزیرة علی فرج) خاوەنی زەوی ژمارە هەوانی (١١٨٠١) داوای رێگا پێدانی کردوە بەمەبەستی دروستکردنی خانو ، هەر هاوڵاتیەك گلدانەوەی لەسەر ئەو پارچە زەویە هەیە لەماوەی (٣٠) رۆژدا لەپاش بڵاو کردنەوەی ئەم ئاگاداریە ئاگاداری سەرۆکایەتی شارەوانیان بکاتەوە بە پێچەوانەوە شارەوانیان کاری یاسایی بۆناوبراو دەکات .

ئەندازیار/ ارسلان احمد محمد
سەرۆکی شارەوانی رزگاری

***

دادگای بەرایی بەردەرەش

ژمارە : ١١٨/ب/٢٠١٩
ریکەوت : ٢٢/٥/٢٠١٩

جاردان

داواکار / سعید کریم علی – دانیشتووی بەردەرەش – شورش

داوالێکراو / هاوری هادی علی – شوێنی نیشتەجێبوونی نادیار

داوای ژمارە (١١٨/ب/٢٠١٩) تایبەت بە داواکار (سعید کریم علی) وە داوالێکراو (هاوری هادی علی) بابەت (پابەندبوون بە پارە) بری (١,٢٠٠,٠٠٠) یەك ملیون و دوو سەد هەزار دینار وە لە بەر نادیاری شوێنی نیشتەجێبوونت ئەم دادگایە بریاریدا بە ئامادگار کردنەوەت بە رۆژی دادبینی لە ٢٠١٩/٦/١٢ کاتژمێر (٩:٣٠) سەر بە بەیانی لە بەردەم دادگای بەرایی بەردەروش بە رێگای دوو رۆژنامەی ناوخۆیی بە مەبەستی ئامادە بوونت لە بەردەم دادگا یان ناردنی بریکارت بۆ دادبینی وە بە پێچەوانەوە دادبینی بە رێگای پاشملە بەرێوە دەچێت.

دادوەر / فرهاد سلیمان حسن

***

بەرێوەبەرایەتی جێ بەجێ کردنی هە و لێر

ژمارەی دۆسیە: ٢٠١٩/١٣٥٣
رێکەوت: ٢٢/٥/٢٠١٩

ئاگاداری

بۆ/ خالد نجم الدین محی الدین

لەبەر نەزانین و نادیاری شوێنی نیشتەجێ بوونت, بۆیە بەپێی ماددەی (٢٧) لەیاسای جێ بەجێ کردن, بریاردرا لەرێگای رۆژنامەیەکی ناوخۆوە پێت رابگەیەنین تا لەماوەی (١٥) رۆژ لەرۆژی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە لە بەردەم ئەم بەرێوەبەرایەتی یە ئامادە بێت بۆ ئەنجامدانی رێکارەکانی جێ بەجێ کردنی دانەوەی قەرزی (هیفاء وهاب علی) کە بری (١٢٠,٠٠٠) هەزار دینارە بژێوی رابردوو بەردەوامی خاوەن قەرز لە ٢٠١٥/١/١٣ ئەگەرنا بەپێی یاسا ناچار دەکرێیت قەرزەکە بدەیتەوە.

جێبەجێکاری داد/ کالی قادر پیرۆت

***

بەرێوەبەرایەتی جێ بەجێ کردنی هە و لێر

ژمارەی دۆسیە: ٢٠١٩/١٣٥٣
رێکەوت: ٢٢/٥/٢٠١٩

ئاگاداری

بۆ/ خالد نجم الدین محی الدین

لەبەر نەزانین و نادیاری شوێنی نیشتەجێ بوونت, بۆیە بەپێی ماددەی (٢٧) لەیاسای جێ بەجێ کردن, بریاردرا لەرێگای رۆژنامەیەکی ناوخۆوە پێت رابگەیەنین تا لەماوەی (١٥) رۆژ لەرۆژی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە لە بەردەم ئەم بەرێوەبەرایەتی یە ئامادە بێت بۆ ئەنجامدانی رێکارەکانی جێ بەجێ کردنی دانەوەی قەرزی (هیفاء وهاب علی) کە بری (١٢٠,٠٠٠) هەزار دینارە بژێوی رابردوو بەردەوامی خاوەن قەرز لە ٢٠١٥/١/١٣ ئەگەرنا بەپێی یاسا ناچار دەکرێیت قەرزەکە بدەیتەوە.

جێبەجێکاری داد/ کالی قادر پیرۆت

***

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیای هەولێر
بەشی یاسا

ژمارە: ٩٠٥٥
ڕێکەوت: ٢٠١٩/٥/١٤

بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیا (الاشراف بۆ وەبەرهێنانی خانووبەرە/سنوردار) پاڵپشت بەناوەڕۆکی بڕیاری دەستەی گشتی کۆمپانیای (الاشراف بۆ وەبەرهێنانی خانووبەرە/سنوردار) لە ڕێکەوتی (٢٠١٩/٥/٦) کە تۆمارە لەژێر ژمارە (٧٩٣٥) لەڕێکەوتی ٢٠١٠/٨/١١ بەڕێوەبەری ڕێپێدراوی کۆمپانیای (رفاع ملا علی مصطفی) تایبەت بەدانانی کۆمپانیا لەژێرپاکتاوکردن و دانانی بەڕێز (اریان صلاح الدین محمد) بەپاکتاوکاری کۆمپانیای نابراو, من تۆمارکاری کۆمپانیاکان بریاری ناوبراوی سەرەوەم پەسەندکرد بەمەرجێك بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی ماددەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو.

ئەم بریارە نووسراوە لەبەرواری ٢٠١٩/٥/١٤

پشتیوان مصطفی قادر
بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر/ بەوەکالەت

***

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیای هەولێر
بەشی یاسا

ژمارە: ٩٠٥٥
ڕێکەوت: ٢٠١٩/٥/١٤

بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیا (الاشراف بۆ وەبەرهێنانی خانووبەرە/سنوردار) پاڵپشت بەناوەڕۆکی بڕیاری دەستەی گشتی کۆمپانیای (الاشراف بۆ وەبەرهێنانی خانووبەرە/سنوردار) لە ڕێکەوتی (٢٠١٩/٥/٦) کە تۆمارە لەژێر ژمارە (٧٩٣٥) لەڕێکەوتی ٢٠١٠/٨/١١ بەڕێوەبەری ڕێپێدراوی کۆمپانیای (رفاع ملا علی مصطفی) تایبەت بەدانانی کۆمپانیا لەژێرپاکتاوکردن و دانانی بەڕێز (اریان صلاح الدین محمد) بەپاکتاوکاری کۆمپانیای نابراو, من تۆمارکاری کۆمپانیاکان بریاری ناوبراوی سەرەوەم پەسەندکرد بەمەرجێك بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی ماددەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو.

ئەم بریارە نووسراوە لەبەرواری ٢٠١٩/٥/١٤

پشتیوان مصطفی قادر
بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر/ بەوەکالەت

***

ئاگاداری

ئاگاداری گشت لایەك دەکەینەوە کە کۆمپانیای (الاشراف) بۆ وەبەرهێنانی خانووبەرە/ سنوردار) بریاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای داوە، بۆیە هەر کەسێك یان هەر لایەنێك مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی دا ئاگاداری پاکتاوکار بکاتەوە لە شاری (هەولێر- جووت سایدی بەختیاری- تەنیشت سوپەرمارکێتی ماجستی) بۆ یەکلایکردنەوەی کێشەکان.

پشتیوان مصطفی قادر
بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر/بەوەکالەت

***

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی پشکنین و بەدواداچوون

ژمارە: ٧٩٠٥
ڕێکەوت: ٢٠١٨/١١/٢١

بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیا سنووردار

پاڵپشت بەناوەڕۆکی بڕیاری دەستەی گشتی کۆمپانیای (Ohio) بۆ وەبەرهێنانی خانووبەرە و کرین و فرۆشتن و بەکرێدانی خانووبەرە/ سنوردار) لە ڕێکەوتی (٢٠١٨/٨/٢٢) تایبەت بەدانانی کۆمپانیا لەژێرپاکتاوکردن و دانانی بەڕێز (رەسەن جلال حمدامین) بەپاکتاوکاری کۆمپانیای نابراو, من تۆمارکاری کۆمپانیاکان بریاری ناوبراوی سەرەوەم پەسەندکرد بەمەرجێك بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی ماددەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو.

ئەم بریارە نووسراوە لە بەرواری ٢٠١٨/١١/٢١

ئاراس رؤوف عارف
بەڕێوەبەری گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان/ بەوەکالەت

***

ئاگاداری

ئاگاداری گشت لایەك دەکەینەوە کە کۆمپانیای (Ohio) بۆ وەبەرهێنانی خانووبەرە و کرین و فرۆشتن و بەکرێدانی خانووبەرە/ سنوردار) بریاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای داوە، بۆیە هەر کەسێك یان هەر لایەنێك مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی دا ئاگاداری پاکتاوکار بکاتەوە لە (پارێزگای هەولێر)

پاکتاوکار/ رەسەن جلال حمدامین

ناونیشان/ هەولێر- شۆرش

ژمارەی مۆبایل/ ٠٧٥٠٤٤٧١٧٢١

***

ئاگەهداری

ئاگەهداریا گشت لایەکی دکەین کۆ کومپانیا (Mr.fast) بۆ (ئالو گوری دراو / سنوردار) بریارا گهورینا (ناڤی کومپانیێ) دایە ژ کومپانیا (Mr.fast بۆ ئالو گوری دراو / سنوردار) بۆ کومپانیا (نسیم دهۆك بۆ ئالو گوری دراو / سنوردار) لەوما هەر کەسەکی نەرازی بیت یانژی مافەکێ یاسایی ل سەر کومپانیێ هەبیت بلا ددەمێ یاسایی دا سەرەدانا رێڤەبەریا کومپانیا لدهوکێ بکەت ل (باژێرێ دهوکێ - جادا مازی) بۆ ئێکلاکرنا کێشەیان

مافپەروەر / شێروان حیتو عبدالرحمن
رێڤەبەرێ کومپانیان لدهوك

دادگەها بەرایی دهوك
ژمارە/ ٤٤٨ /ب/٢٠١٩
رێکەوت/ ٢٠١٩/٥/١٩
راگەهاندن
بۆ/داوالێکەری (کوفان احمد معروف) جهێ ئاکنجیێ وێ نەدیار ئێ دادگەهێ ددا وایا ژمارە ٤٤٨/ب/٢٠١٩ رێکەفتی ٢٠١٩/٤/٢٩ بریاردا دانا تە بۆ داواکار(مصلح یاسین قادر رێقەبەرێ رێپێدای کومپانیا ئاڤا وملات زێدەباری باری کارێ وی) کۆژمێ پارە (١٢٨٤٠$) دوانزدە هەزار وهەشت سەد وچل دولار بەرامبەر دیناری وی ب عراقی کۆژمێ پارە (١٥٣٩٥١٦٠) پانزدە ملیون وسێ سەد ونوت وپێنج هەزار وسەد وشیست دینار دگەل مەزاختنێن داواێ ماندی بوونی پارێزەر یا بڕیکارێن داواکاری پارێزەرین (سنگر شریف مصگفی وشریف جلال الدین محمد صالح) کۆژمێ پادرە (١٥٣٩٥١٦) ملیونەك وپێنج سەد وسیە ونەه هەزار وپێنج سەد وشانزدە دینار وژبەر کو جهێ ئاکنجیبوونا تە نەدیارە ل دویف نقیسارا رێقەبەریا راگەهاندنا دادوەری ل دهوك ژمارە (١٢٦٧) ل رێکەفتی ٢٠١٩/٥/٨ وقەژارا هەلبژارتیێ تاخ لیلاف ستی ل رێکەفتی ٢٠١٩/٥/٧ ئ دادگەهێ بریارا ئ دادگەهێ بڕیکا دوو روژنامێن نافخویی لدویف مادێ (٢١) ژ یاسایا دادبینیا شارستانی وتە مافێ نەرازیبوونی وتێهەلچوونی وپێداچوونی هەیە دماوی یاسییا دا بەروقاژیا دی بریار پلا ڤەبر ورگریت ل دیف یاسایێ
دادوەر / ریبوار محمد حسن
* * *
بەرێوەبەرایەتی جێ بەجێکردنی دهوك
ژمارە / ٢١٨/١٦/انابە
رێکەوت/ ٢٠١٩/٥/٢٢
راگەهاندن
بریار هاتە دان ب فروتنا مولکێ ژمارە (١٩١٧/٢٦) کەرتێ (٧٥/شندوخا الجنوبیە) کو دکەڤیتە (دهۆك) وتومار کریە بناڤێ قەردار (زکریا عبدالله حسن) وهاتیە دەستەسەرکرن لدیڤ داخازا قەردەر (مصرف کوردستان الاسلامی الدولی للاستثمار والتنمیة) بکۆژمێ (٧٨٠٣٠٠٠٠٠٠) حەفت ملیار وهەشت سەد وسێ ملیون دینار هەر کەسێ بڤێت بکریت سەرەدانا رێقەبەریا مە بکەت دماوێ (٣٠) سیە روژا کو دەست پێ دکەت ژ روژا پشتی راگەهاندنێ وتەئمیناتێن یاسایی دگەل خودا بینیت بڕیژا (١٠٪) ژ کۆژمێ خەملاندی کو دبیتە (٣٦٥٠٠٠٠٠٠٠) سێ ملیار وشەش سەد وپێنجی ملیون دینار دگەل رەگەزناما عیراقی بو زانین رە سمێ تومارکرنێ وەدلالیەت لسەر بکری یە سالوخەت : جە وژمارە دهۆك مولکێ ژمارە (١٩١٧/٢٦) کەرتێ(٧٥/شندوخا الجنوبیە) جور پێك هاتیە ژ عەردێ ڤالا ژ ئافاهی سنور وسالوخەت پێك دهێت ژ عەردێ ڤالا ژ ئافاهی دکەڤیتە سەر دوو شارعێن فەرعی یین موبەلەت (٣٠م) واجیهە شیمال غەرب جەنوب روبەر (٣,٧٦,٦١) دونم کوژمێ خەملاندی (٣٦٥٠٠٠٠٠٠٠) سێ ملیار وشەش سەد وپێنجی ملیون دینار هلات عبدالکریم محمد / جێ بەجێ کاری داد
* * *
داد گەها باری کەسایەتی ل زاخو
ژمارە / ٣٧٨ /ش/ ٢٠١٩
رێکەوتی / ٢١ / ٥ / ٢٠١٩
راگەهاندن
بو / داوالێکراو : همزة حاجی
ل دیف داخوازا داواکار(روندك عبد الجبار عبد الکریم) وکێشا ژمارە (٣٧٨ /ش/٢٠١٩) کو تێدا داخوازا ژێکڤەبون ژتە دکت ، و ژبەر نەدیار بوونا جهێ ئاکنجیبوونا تە بو دادگەهێ ل دیف نقیسارا بنگەهێ پولیسین (دەلال) یا ژمارە (٢١٦٣) ل (٢٠١٩/٥/١٥) و نقیسارا هەلبژارێ تاخ (بدرخان) ئەڤجا بریار هاتە دان کو ئاگەهداریا تە بێتە کرن ب رێکا دوو روژنامیت روژانە دا ئامادە بەرامبەر ڤێ دادگەها

cyan magenta yellow black File: P.12-13 fl ˙ Æ˝ ” 2

چیرۆک

یەکەم رۆژی مامۆستا رەمەزان... فت!



مقداد شاسواری

ئەنگۆ کەستان لەوێ نەبوون. منیش لەوێ نەبووم. تەنها شایەت عەیانێک کە ئەویش مامۆستایە لە هەمان قوتابخانە، بەڵام نەیویست ناوی بێتە ناو ناوان، گێڕایەوە گوتی: " من وانەم نەبوو. لە ڕێڕەوەکە پیاسەم دەکرد لە پڕێکدا دیتم مامۆستا رەمەزان لە ژووری مودیری هاتە دەرێ. دەتگوت لە شێتخانە هەڵاتبوو. چمکێکی کراسە شینەخەتخەتەکەی لەنێو پانتۆڵە ڕەشە خەتخەتەکەی هاتبووە دەرێ و چاکەتەکەی، پێموابێ لە ئەسڵدا کاتی خۆی شین بووە، ئەوپشی خستبووە سەر باسکێکی دەستی و هەر لەبەرخۆیەوە پرتەو بۆڵەی بوو. سەر و وەزعی زۆر شێواو و شپرزە دیار بوو، دەتگوت فڕێیان داوەتە ناو قەفەزی پشیلە چەتوونەکان و ئەوانیش لەسەر جەستەو سەر وگوێلاکی مامۆستادا تێر بە حەزی خۆیان چنگۆلبازی و شەڕە چڕنووکیان کردووە و ئەو دکرەیان بە مامۆستا کردووە.

ئەوانە هەموی بە لایەک، ئەوەی مایەی سەرسوڕمان بوو مامۆستا بێ ئەوەی من ببینێ بەدەم پرتەو بۆڵەو دەست ڕاوەشاندن و چاو و بڕۆ هەڵتەکاندن بە تەنیشت منداڵ تێپەڕی و ملی ڕێگای گرتەبەر و چووە بن ساباتەکە و من وامزانی بەلووعەکە دەکاتەوە و ئاوێک بە دەم و چاویدا دەکات تا بێتەوە هۆش خۆی بەڵام ئەو وەکو شێت پەلاماری قۆغەکەی سەر کوپە ئاوەکەی دا کە هێشتا ئاوی دوێنێی تێدا مابوو، سێ جار قۆغەکەی لە شێرەی کوپەکە پڕ ئاو کرد و خواردیەوە. بەڵێ دڵنیام خواردیەوە. جاری یەکەم زۆر دڵنیا نەبووم. جاری دووەم نیمچە گومانێکم لا دروست بوو، بەڵام کاتێک سێیەم قۆغەیشی پڕکرد و خواردیەوە هیچ گومانێکم لانەما. منیش کە لێی نزیک بڕوومەوە بە تەوسەوە پێمگوت:

– پیرۆزە پیرۆزە مامۆستا رەمەزان... چ زوو کردت بە جەژن...

ئەویش نازانم لە پەلارەکەم تێنەگەیشت یان خۆی لە گێلی دا دەستێکی بەهێمای بێزاری ڕاوەشاند و گوتی: کورە بە سندانم بێ... پیرۆزی چی و جەژنی چی... سێ ڕۆژ مۆڵەت وەرگرتن پیرۆزی دەوێ.... هەتا ڕەزامەندی لەسەر ئەو سێ ڕۆژ مۆڵەتەم دا هێندەی لەوچە لەوچ پێکردم چەناگەم سیلاک بوو و ئەوەتا عەیاری دەمیشم تێکچووە...

ئەوەندەی گوت و لە قوتابخانە چووە دەرێ"...

شایەت عەیانی دووەم یەکێک لە قوتابییەکانی خۆیەتی، لە پۆل ڕایکردبوو، لەبن دیوارێ دیوی دەرەوەی قوتابخانە، خۆی گرمۆڵە کردبوو مامۆستای بەو دۆخە شێواوەوە بینی لە قوتابخانە هاتە دەرێ و، ئەویش وەکو شایەت عەیانی یەکەم کۆڵێ پارایەوە ناوی نەهێنین و، ئەو لە وانەی بیرکاری بێزارەو خۆی شاردۆتەوە با ئاشکرای نەکەین، ئێمەش گوتمان باشە.. قەینا.. ئەویش بۆمانی گێڕایەوە گوتی " زۆر کونجکۆڵ بووم بزانم مامۆستای وانەی ئایینمان بۆ لەو کاتە ناوەختەداو ئاوها بە شپرزەیی لە قوتابخانە هاتە دەرێ و لەبەر خۆیەوە هەر پرتەو بۆڵەی بوو. دەتگوت بە هەردوو دەستی بەدوای شتێکدا دەگەڕا. هەموو گیرفانەکانی پانتۆڵەکەی و کراسەکەی و چاکەتەکەی کە دەتگوت پێستی جەستەیەتی و پێیەوە نووساوە پشکنی، بەڵام وا دیاربوو ئەو شتەی بەدوایدا دەگەڕا نەیدیتەوە. بۆیە لایدایە دوکانێک، من لە دوورتر را بینیم پیرەژنێک لەنێو دوکانەکەدا لەپەنای میزێکەوە بەسەر کورسیەکدا خۆی گرمۆڵە کردبوو، خەوەکوتکەی دەبردەوە و بەدوای یەکدا باوێشکی دەدایەوە. مامۆستا ڕەمەزانیش چەندجارێ بانگی کرد: پیرێ... داپیرە... پیرێژن... هەوڵەکەی بۆ واگاهێنانەوەی پیرێژن هێندە نەزۆک بوو دەتگوت بەدیار گۆڕێکەوە وەستاوە و بانگی مردوویەکی پارسان دەکات تا هەستێتەوە. کە هیچ وەڵامێک نەبوو، ئەمجا گوتی: خاتوونی بەڕێز.. کچە جوانەکە.. پیرێژن چاوەکانی کردەوە و ئەشکەوتی دەمی داخست و لە مامۆستا ڕامان.. مامۆستاش بە قسەو بەهێمای دەست گوتی پاکەتێکی ئیسی و چەرخێکم بدەرێ... پیرێژن بەهەرحاڵێک بوو تەکانێکی دایەخۆی و پاکەتێک و چەرخێکی دایە مامۆستا، مامۆستا هەر ئاوها کە خەریکی هەڵپچڕاندنی پاکەتەکە بوو، جگەرەیەکی لێ دەرهێناو وبستی دایگیرسێنێ گوتی: ساردیەکیشم بدەرێ.

پیرێژن لە پڕێکدا بوو بە تۆپەلێک ئاگر و خۆی بە دەموچاوی مامۆستادا کێشاو چاوی نووقاند و دەمی کردەوە: بڕۆ لێرە مەوەستە هەی مەلعون.. شەرمیش ناکات... پڕی دایە پاکەت و چەرخەکەی لە دەستی مامۆستا سەند و گوتی: من شت بە زەندیق و مەلعونان نافرۆشم.. بڕۆ دەی لێرە مەوەستە.. هەی ناجسنی مەلعون... بڕۆ.. بێ دین و بێ ئیمان...

مامۆستا واقی وڕماو گوتی: ئەوە چ کێچێک بوو وەک بەڵای ناگەهان کەوتە کەوڵی ئەو پیرێژنەوە..

مامۆستا ڕەمەزان جگەرەکەی خستە گیرفانی کراسی و سواری پاسێک بوو، منیش بەدوایدا سوار بووم. مەراق گرتبوومی بزانم مامۆستای ئایینمان بۆ وا شێت بووە و بۆ وا هەڵسوکەوت دەکات. گوێم لێبوو لەبەر خۆیەوە هەر دەیبۆڵاند: " جەنابی مودیریش ئەوە پێنج ساڵە هەر بە تەوس و پەلارەوە ڕووم تێدەکات و دەڵێت: مامۆستا ڕەمەزان کەریم فەزیلێ... من پێموایە ناوی باپیرەت فازیلێ بووە بە هەڵە کراوەتە فەزیلێ.. ئاخر لەناو کورددا فەزیلێ ناو نیە"

یەکێ نەزانێ ناوی خۆی زۆر جوان و کوردانەیە.. ڕەجەب شەعبان ڕەمەزان.. بەدوای دابچی ناوی باپیرە گەورەکانی شەوال و زیلقەعدە بووە... ئاخر ئەوە ناوی سیانییە یان ساڵنامەی هیجرییە".

پاشان مامۆستا ڕووی لە نەفەرەکەی تەنیشتی کرد و گوتی: " شار ئەمڕۆ بۆ وا تۆزی مردووی بەسەرا نیشتووە.. دەڵێی پیرێکی بەر سەکەراتەو دوا هەناسەکانی دەدا... نەفەرەکەی تەنیشتی ڕووی لێ وەرگێڕاو لە دڵی خۆیدا گوتی:

× مەلعونی بێ دین... چۆن ڕۆژێکی ئاوها پیرۆز بەمشێوەیە وێنا دەکەی هەی زەندیقی کوڕی... ئەستەغفیروڵلا...

مامۆستا لەناو بازاڕدا دابەزی و دیاربوو بەم نزیکی نیوەڕۆیە هەستی بە برسێتی دەکرد. لایدایە سەندەویچفرۆشییەک بەڵام بەپێی مەزەندەی خۆی زیاتر لە پەنجا نەفەر لە دەرەوە لە ڕیزدا وەستابوون و هەموویان بە شەرم و ترسێکەوە بەردەوام سەیری ئەملا و ئەولای خۆیان دەکرد و بە پەلە بوون زووتر بچنە ژوورێ کە پێچەوانەی ڕۆژانی پێشوو جامخانەکەی بەڕۆژنامەی چەوریداگرتووی چلکن داپۆشرابوو. ئەویش لە یەکێکیانی پرسی: چی بووە برا؟ ئەو هەموو بۆ لە تۆزە وەستاون؟ کابراش دیاربوو قۆشمەچی بوو گوتی: ڕەوشی تاوارتەیە!

مامۆستا گوتی: یەعنی چی؟

ئەویش گوتی: یەعنی ئەحکام عورفی.. حکومەتی نیزامی..

مامۆستا گوتی: بە کوردی شتێک بڵێ تێ بگەم!

کابرا گوتی: باری نا ئاساییە.. کەس نابێ بە ئاشکراسەندەویچ بخوا... دەیگرن.. تێگەیشتی؟ دەیگرن بەریشی نادەن هەتا مانگ تەواو بێ.

مامۆستا سەرێکی لەقاند و تێنەگەیشت. مودیر هێندەی لەگەڵ گوتبوو مێشکی وەکو تۆپێکی تێنسی سەرمێزی لێ هاتبوو کەوتبێتە ناو ئاوەوە. سووک و بێ کێش. هیچی وەرنەدەگرت. ، کە نۆرەی هات و چووە پشت جامخانەی داپۆشراوەکەی سەندەویچفرۆشیەکە بۆنی چەوری و ئارەقەو بەهارات هوروژمیان بردە ناو لووتی و خەریک بوو گەدەی بڵق بداو لەناو حەشامەتەکەی ژووریدا بیخاتە شەرمەزاریییەوە. کاتێکیش لە شاشەی تەلەفزیۆنەکەی نێو سەندەویچفرۆشیەکەدا بێژەرە پیاوەکەی بینی لەچکێکی لەسەر کردبوو هەواڵەکانی دەخوێندەوە. هەندێ چاوەکانی هەڵگلۆڤت و وایزانی شێت بووە.

قوتابیە فزوولەکە هێشتا دەگێڕێتەوە و دەڵێ: وەختێک مامۆستا لە سەندەویچفرۆشیەکە هاتە دەرێ من خەریک بوو لە جیاتی ئەو شێت بم. نەمزانی مامۆستای ئایینمان چی بەسەر هاتووە. چووە دیارخورما فرۆشێک و دەنکە خورمایەکی خستە دەمی و بە کابرای گوت کیلۆیەکم بۆ بکێشە.. خورما فرۆشەکان وا ڕاویان نا خەریک بوو لەبن پێیان بپلیقێتەوە. چووە دیار ڕەحمەتەلوقم فرۆشێک ئەوانیش وا ڕاویان نا زۆری نەمابوو بووریتەوە. بەدیار زەلابیا فرۆشێک ڕاوەستا و کەمێکی خستە دەمی و ئەوانیش بە هێواهێواو بە جنێودانەوە ڕاویان نا تا لەو ناوە قوتاری بوو چی وای نەمابوو دڵی ڕاوەستێ. لەبەر خۆیەوە گوتی: ئەمڕۆ یان من شێت بوومە یان ئەو خەڵکە شتێکی بەسەر هاتووە. بۆ وا بەرچاویان تەنگ بووە. تاخر دەنکە خورمایەک یان دانە لوقمێک یان لەتە زەلابیەیەک ئەوە دەهێنێ ئاوام پێ بکەن.

شەکەت و ماندوو لە شوێنێکا وەستا. ئەو جگەرەیەی وەبیر هاتەوە کە لە پاکەتی دوکانەکەی پیرێژندا هەر بە لالێویەوەبوو هەتا ناو پاسەکەو دواتر خستیە گیرفانی کراسەکەی، دەستی بۆ برد و هێنایە دەرێ و خستیەوە سەرلێوی و بە گەنجێکی گوت : ئاگرت پێ نیە ئەم جگەرەیە داگیرسێنم؟ گەنجەکە سەیرێکی سەر و وەزعی ئاڵۆسکاوی مامۆستای کرد وای زانی شێتە و هیچ حەرەجێکی لەسەر نیە چەرخەکەی دەرهێناو جگەرەی مامۆستای داگیرساند، قومێکی قوڵی لێداو کەسێک لەبن گوێی چرپاندی : بیکوژێنەوە نیکبەت.. ئێستا جەماعەتی نەهی لە مونکەر بزانن دێن، قۆلبەستت دەکەن و لە کونی گەرمت دەپەستن و هەموو مانگەکە لە ژووڕێ دەمێنیتەوە.. دەتگرن...

مامۆستا گوتی: جەماعەتی نەهی لە مونکەر؟! کێن ئەوانە؟

کابرا گوتی: ئەوانەی ئەمر بە مەعروف دەکەن هەی نیکبەت... دەتگرن!

هەر هێندەی زانی ، بووە فیکوهۆڕ و زیقەزیقی سەیارەی پۆلیس و خشەی ستۆپی چەندین سەیارەو تا هاتەوە سەر خۆی، بینی بە کۆمەڵێک پۆلیس دەوردراوە لەو زیاتریش بەنی بەشەر لەو دەوروبەرە نەماوە. پۆلیسێکیان لێی هاتە پێشەوە و گوتی:

– بیکوژێنەوە...

– چی بکوژێنمەوە...

– ئەو ژەهری مارەی لە دەمتایە بیکوژێنەوە...

– ژەهری مار؟ ئەمە جگەرەیە جەنابی پۆلیس.. خۆ من لە شوێنێکی داخراو نیم.. ئێرە شوێنێکی کراوەیە، یاسا جگەرەکێشانی لە شوێنی داخراو قەدەغە کردووە..

– ئێرە شوێنی کرایەوە نیە. لە ئەمڕۆوە هەتا مانگێک هەموو شوێنەکان بە داخراو دادەندرێت.. بیکوژێنەوە ئەگینا قۆلبەستت دەکەم و هەتا کۆتایی مانگەکە لای ئێمە دەمێنیتەوە...

ڕۆژان خانی خێزانی مامۆستا ڕەمەزان وەکو سێیەم شایەت عەیان گوتی:

ئەو مامۆستا ڕەمەزان کەریم فەزیلەی گەیشتەوە ماڵ، ئەو مامۆستا ڕەمەزان کەریم فەزیلە نەبوو کە ئەم بەیانییە لەماڵ دەرچوو. نە وەکو ڕوالەت و نەوەکو ئەقڵ و مێشک و نەوەکو جەستە. سەروبەری تێکڕا هەڵتەکابوو. دەتگوت لە مەیدانی شەڕێکی دەستەویەخە هەڵاتووە. یان لەسەر شاخێکی بەرز غڵۆر بۆتەوە ناو خەرەندێکی قوڵ. یان لە ڕۆژانبازی لەگەڵ گایەکی شێتدا کەوتۆتە بەر زەبری پێلەقەو قۆچ و شاخاندا. هەموو جەستەی چارەگێکی پێوە نەمابوو.. بە تەواوی داڕووتابوو. ئێستایش کە لەناو ماڵەکەی خۆی وەستاوە هەروا دەزانێ ئەوەی دیتی هەمووی فیلمێکی خەوف یان خەونێکی ناخۆشەو ئێستا نا کەمێکی تر واگادێت و هەموو ڕووداوە ناخۆشەکان کۆتاییان دێ.

بەرەو لای سەلاجەکە ڕۆیی. بتڵی ئاوە ساردەکەی دەرهێناو بانگێکی منی کرد و بتڵەکەی بەسەر قوڕگیدا کرد و هەتا دوا تنۆکی ئاوە ساردەکەی خواردەوە و ناو هەناوی قێنک بووەوە. لەو ماوەیەشدا من بە واق وڕماوی بە دیاریەوە وەستابووم...کاتێک مامۆستا بتلە بەتاڵەکەی نایەوە شوێنی خۆی، منیش وەک ئەوەی تەنەکەیەک سەهۆڵاوم کردبێ بەسەریدا کاتێک پێیم گوت:

– ئەیەڕۆ ڕەمەزان... کورە ئەی تۆ بەڕۆژوو نیت؟...

ئیدگار ئالان پۆی شاعیر سەردەم و کۆمەڵگەکەی دڵڕەقبوون بەرامبەری



نووسینی/ حەسونە موسیباحی
وەرگێڕانی/ ئاکۆ عەبدوڵا

هەردوو شاعیری گەورە شارل بۆدلێر و ستیفان مالارمێ، لەپاڵ ئەو ناوبانگییە گەوردیەن کە شاعیری ئەمەریکی ئیدگار ئالان پۆ بەدەستیهێناوە و هێشتاش بەدەستیدەهێنێ. ئەوەی یەکەم هەڵبژاردەیەک لە چیرۆکەکانی بۆ سەر زمانی مۆلێر وەرگێڕا. ئەوەی دووەمیش، لەگەڵ چامە ناوداراکەی (قەلەڕەش) ، هەمان شتیکرد.

ئیدگار ئالان پۆ ڕۆژی 9ی کانونی دووەم ساڵی 1809لە شاری بۆستن هاتەدونیا، کە ئەوسا دوو لە گەورە ئەدیبانی ئەمەریکی لەو شارە دەژیان. مەبەستمان (ناسانیال هاوسۆرن) و (هرمن مفلیل)ـە. دایک و باوکی ئیدگار ئالان پۆ پیشەیان نواندبوون. باوکی بەهۆی ئالۆدەبون بە مەی کۆچیدواییکرد.

ئەزموونی سەربازی:

بەهۆی ئەو ڕوداوە، خێزانێکی دەوڵەمەند، ئالان پۆیان گرتەخۆ و لەگەڵ خۆیاندا، بردیانە شاری لەندەن. لەوێدا چووە قوتابخانەیەکی تایبەتی لە ڕیشمون. لە خوێندن قوتابییەکی بەهرەمەند و وەرزشوانێکی نایاب بوو. ساڵی 1827دەستبەرداری خوێندنی زانکۆ بوو. بەهۆی هەڵپەکردنی بۆ قومارکردن، ئەو خێزانەی کە گرتبوویە خۆیان، چیتر خەرجی خوێندنیان بۆ نەدا.


لە مانگی ئازاری هەمان ساڵ، ڕایکرد و بەرەو شوێنی هاتنەدونیای (شاری بۆستن) گەڕاوە تاکو بۆ ماوەی پێنج ساڵ وەک خۆبەخش بچێتە ڕیزەکانی سوپا. یەکسەر لە قوتابخانەیەکی ناوداری ئەفسەران قبولکرا. لەوێشدا بەسەر هاوڕێکانی سەرکەوتنی بەرچاوی تۆمارکرد. بەڵام بەهۆی ئەو ڕێککاریەی کە خزمەتی سەربازی دەیخوازێ و ئەویش ئازاری زۆری لە دەست دەکێشا، بۆیە قوتابخانەی ناوبراوی جێهێشت و ساڵی 1982* چووە بالتیمۆر.

لە شاری بالتیمۆر بەشێوەیەکی تامەزرۆیانە خەریکی نووسین بوو. هەندێک ڕۆژنامەی سەنگینیش، چیرۆکە بەراییەکانیان بۆ بڵاوکردەوە کە بەڵگەبوون لەسەر بەهرەی بەرز و ئەندێشەی سەرکێش. لەو ماوەیەدا ئیدگار ئالان پۆ، شەیدای قێرجینیای ئاموزای بووە، کە ئەویان چواردە ساڵان بوو و توانی بیهێنێ.

تای نووسین:

لە ساڵانی دوای هاوسەرگیریەکەیان، ئالان پۆ زۆر بە چڕی دەینووسی. زۆر لە وتارە ڕەخنەییەکانی بڵاوکردەوە کە لەناواندا کارەکانی ئیرفینگ و هاوسۆرن و دیکنزی بەسەردەکردەوە. ساڵی 1841 کاتێک تەمەنی گەیشتە 32 ساڵی، لە گۆڤارێکی ئەدەبی، بووە نووسەر.

هەروەها زۆر چیرۆکی پۆلیسی نووسی کە دواتر نووسەرانی وەک ئەگاسا کریستی و کۆنان دۆیل و تەنانەت بۆرخیسیش پێی سەرسامبوون. ساڵی 1843چیرۆکە سەنگینەکەی (جانەوەری زێڕینی) ی



بڵاوکردەوە کە ئەو بەرهەمەی لە سەدەی بیستەم، زۆر لە شاعیر و نووسەران شەیدای بوون، بەڵام قەرزی کەڵەکەبوو، ژیانی ئەو هونەرمەندە بەهرەمەندەی سەخت کرد، بۆیە ئەویش هاوشێوەی باوکی و بۆ ڕاکردن لەو بارەی کە ڕۆژ دوای ڕۆژ خراپتر دەبوو، ئیدگار ئالان پۆ لە پێناو ئەو ژنەی کە بتوانێت هاوسەرە کۆچکردووەکەی لەبیر بەرێتەوە، زۆر گەڕا، بەڵام بێ ئەنجام بوو، بۆ هەر شوێنێک دەچوو وێنەی قێرجینیا لەگەڵیدابوو.

ڕۆژی 4ی مانگی سپتەمبەری ساڵی 1849بەبێ هۆشی لە شاری بالتیمۆر دۆزراوە. سێ ڕۆژ دواتر بە خوێنتێزانی مێشک مرد. بۆرخیسی نووسەر، پۆی بە نووسەری بێهاوتا لە جۆرەکەی خۆی دادەنا، چونکە لە چیرۆکە سنوور بەزێنەکانیدا توانی ئازار و ناخۆشیەکانی مرۆڤ چڕبکاتەوە کە بە زمانێکی شیعری ناسک نووسراون.

قوربانی سەردەمەکەی:

هەرچی گاستۆن باشلاری فەیلەسوفی فەرەنسیشە، ئەویش لەسەر ئیدگار ئالان پۆ نووسیویەتی و دەڵێت: "لەنێوان نووسەرە دەگمەنەکان، ئەوانەی لەسەر لێوارێ خەون و بیرۆکەی بابەتییانە کاریانکردووە، لەو شوێنە ئاڵۆزەی کە خەون لە سەر شێوەکان و ڕەنگە واقیعیەکان دەژیەت، لەبەرامبەریشیدا، واقیعی ستاتیکی کەش و هەوا خەونییەکەی قبوڵدەکات، دەکرێت بڵێین ئالان پۆ لە هەمووان قوڵترە لەو بوارەدا. لە هەموشیان لێزانترە. لە ڕێگەی قوڵی خەون و لێهاتوویی گێڕانەوە، زانی لە کارەکانیدا چۆن سازان بکات لە نێوان دوو ئەدگاری دژبەیەکدا ئەوانیش هونەری نامۆیی و هونەری دەرەنجامە".

هەر لەسەر ئیدگار ئالان پۆ مالارمێ دەڵێت: "بە دڵنیاییەوە پۆ قوربانی سەردەمەکەی و قوربانی کۆمەڵگە تا ئەوپەڕی مادەی و ڕوانینە سنووردارەکەی بوو. بۆیە لە توانایدا نەبوو لە بلیمەتییەکەی بگەن. بەڵام بەدڵنیاییەوە هاتەدونیا و لەگەڵیشیدا میراتێکی قورس هەبوو. بە دریژایی ژیانیشی دووچاری نەخۆشی تۆندی دەمار ببوو. هەروەها ڕۆشنبیربوو، بێگەردی زەینی بێ سنوربوو. ئەوەش وەهای لێکرد ئەدیبێک بێت پێش سەردەمەکەی کەوتبێ. لەلای ئەودا ئەندێشەی جوان لەگەڵ ئەبستراکیەتی تیۆری، تەواو و پڕبوو".

* دەبێت مەبەستی ساڵی 1829بێت. (وەرگێڕ)

سەرچاوە: https://alarab.co.uk

هەڵاتن لە وەڕین

فاخیر عالی خان ئاودەلی

لە بناریکی بەرزی لێڕەواردا
لەسەر چەمی ڕووباریکی هاژە جواندا
نەساز لەگەڵ نەریتی ژیان
ماندوو لە بالۆرەی نەبان
بڕیارمدا بکەومە ڕێ
ڕێ چ ڕێ؟
لە ناخدا قوڵ و چڕ
لە ئاسۆشدا دوور و دڕ
لە فکردا ئامانجە جێ
لە ڕاستیشدا حاسیلە ڕێ
کەوتمە ڕێ
ڕێچیلەم بڕی گەیشتمە شارێ
واق واقی بۆقی چەمە ئاو
خشپەی خشۆکی مارمێلکە چاو
لە ناکاو وەڕینی سەگیشی هاتە ناو
ئیستێکی بەرگریم کرد بە تاو
فایدەی نەبوو،
پێ باز پێ باز، بۆم هاتە ڕاو
چاوگێڕی پەساریکم کرد، نەبوو
هاواری نەجاتم کرد، ئەویش نەبوو
لە دەستە و دامێنی وەڕینە چار
هەڵاتم و کەوتمە فڕینە غار
لەسەر تیشە ڕێیەکی باریک
چیخە بەردێک هەنگاوتمی
غلۆراندمە ناو تەلانە چەم
شێوەی مردوویەک کەوتم
حەپوەڕ لە دوامدا پێی داچەقاند
ئەزیش بە تیلە چاوێک تێممووڕاند
لە پەشیمانی وەڕینیدا تێڕامانم کرد
لە کزۆڵی چاوەکانی پێی حەسیانم برد
ناخ شکاوی پێ شەوتی بوو حەپڕەش
مل بەز بوو، داوەشا، بوو بە ڕوو ڕەش
ئۆخەی هەناسەی ڕزگاریم دا
ئازاد بووم، شکۆفەی شادیم بە سەربەستی دا

cyan magenta yellow black File: P.12-13 fl ˙ Æ˝ ” 3

www.xebat.net
پێنج شەممە 2019/5/23 ژمارە (5756) خەبات



فلامینکۆ... سەمای قەرەجەکان



حەیدەر عەبدولڕەحمان

ئەگەرچی تا ئێستا زۆر زانیاریی دەربارەی موزیک و سەمای فلامینکۆ لە میژوودا ونیە، بەڵام ئەوە دەزانین کە فلامینکۆ هونەرو کولتوورێکی ڕەسەنی خواروو ئیسپانیایە کەجاران پێیان دەگوت ئەندەلوس و هەر لەو هەرێمەشەوە نەشوونوومای کردووە و بۆ هەموو جیهان بڵاو بۆتەوە، هەندێ لە تۆێژەران بنەچەی ڕاستەقینەی فلامینکۆ دەگەڕێننەوە بۆ شارستانیەتی ئیبیری کۆن، بەڵام پێشکەوتنی فلامینکۆ بە فۆرمە نوێکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی پانزدەهەم لەسەر دەستی ئەو قەرەجانەی لە هیندەوە هاتبوون، واش زانراوە کە فلامینکۆ کەوتۆتە ژێر کاریگەری موزیکی قەرەجە موسڵمان و یەهودەکان و ئەو موزیکە گوزارشت کردنە لەئەشکەنجەو ئازاری چەوساوەکان و ئەو ستەمکارییەی دەرهەقییان کراوە، یەکێ لەوان جەورو ستەمەکانی پاشای ئیسپانیا و ئەلیزابیسی شا ژن بووە، کاتێ ساڵی 1492بەیاننامەیەکی دەرکردوەو تێیدا داوای ئەوەی کردووە کە هەر کەسێک لەو مەملەکەتە بێت و ئایینێکی غەیری ئایینی کاسۆلیکی هەبێت، دەبێت ئایینەکەی خۆی بگۆڕێت بۆ مەسیحی، بەتایبەت قەرەجەکان و موسڵمان و یەهودەکان ..بۆیە خەڵکەکە بە موزیک و سەما گوزارشتییان لەو خەمەی خۆیان کردووە.

هیندۆزەکانیش کە لەباکووری هیند لەشێوەی شەپۆلە کۆچەوە، دوای گەڕانییان بە ئەوروپای ناوەڕاست هاتوونەتە ئیسپانیا، لەهەمان کاتیشدا کۆمەڵە قەرەجێکی تریش لە ئەفریقیاوە، موزیکەکانی خۆیان لەگەڵ خۆیاندا هێناوەتە ئەو ناوچەیە، ئیدی ئەو قەرەجانە تێکەڵ بەخەڵکی ئەو ناوچەیە بوون و گۆرانی فلامینکۆ بە هۆی ئەوانەوە لەناو خەڵکیدا بڵاو بۆتەوە، خەڵکیش ئارەزووی گوێ گرتنیانی کردووە، چونکە ئەو موزیک و گۆرانیانە فۆرمێکی پڕ لەخەم و پەژارەییان پێوە دیار بووە، دوای ئەوەش کە پاشا کارلۆسی سێیەم مافی یاسایی پێدرا.

هونەری فلامینکۆ زیاتر تەشەنە دەکا، بە تایبەت لە چایخانەو قاوەخانەکاندا.

فلامینکۆ سێ ڕەگەزی سەرەکی دەگرێتە خۆی کە بریتین لە : گۆرانی ـ سەما ـ گیتار. جگە لەچەپڵەی دەست، بەڵام گۆرانی سەنتەری بنەڕەتیە و سەماکار بە جەستەی خۆی بەرجەستەی وشەکان و سۆزی گۆرانی بێژ دەکات، بەئەکشنی جەستە، گیتاریش ڕۆڵی گۆرانی بێژو موزیک تەواو دەکات و یاریدەی بەرجەستەبونی دەدات.

وێرای ئەو حوزنەی باڵی بەسەر هونەرەکەدا کێشاوە بەڵام گوزارشت لە شکۆمەندی وهێزو هەستیاری و جوانی ئاواز دەکات .

فلامینکۆ پشت بە ئەکشن دەبەستێت، بە تایبەت ئەکشنی دەست و قاچ کە بەڕەو هێور بوونەوە ناچێت ، بە پێچەوانەوە ریتمی فلامینکۆ هەمیشە بەرەو بڵند بوون دەچێت، ئەکشنی جەستە تەنها لە سەر ریتمی موزیک نیە، بەڵکو لەسەر ریتمی گۆرانی بێژو ئەکشنی سەماشە.

ئیدی موزیکی فلامینکۆ تەنها لەچوارچیوەی ئیسپانیادا نەمایەوە، بەڵکو بۆ زۆر لە ووڵاتانی دنیا بڵاو بۆوە و زۆر لەگەڵانی دنیا دەهاتنە ئیسپانیا بۆ ئەوەی فێری موزیکی فلامینکۆ بن .

گیتار ژەنەکانی فلامینکۆ، ڕۆڵێکی کاریگەرییان هەبوو لە بڵاوبوونەوەی ئەو هونەرە بۆ ووڵاتانی ئەوروپی، دیارترینیان گیتار ژەنی بەناوبانگ (باکۆ دیلۆسیا) بوو، کە لەڕووی لیهاتوویی گیتار ژەنین و تەکنیکی گیتار لە ئاستێکی جیهانیی بەرز دابوو، باکۆ هەر لە تەمەنی حەوت ساڵییەوە گیتار ژەنینی لە برا گەورەکەیەوە فێر بوو، چونکە ئەویش هاوشێوەی براکەی ئاشق بە گیتار بوو، جگە لە (باکۆ دیلۆسیان) چەندین بلیمەتی دیکەی فلامینکۆ لە هونەری هاوچاخ دا ناویان هەیە لەوانە :

1-تیپی جیپسی کینگ

2-مانۆلۆ کاراکۆل

3-تۆماتیتۆی ئیسپانی

چەندین تیپ و هونەرمەندی تر کە ڕۆڵی کارایان هەبووە لەبڵاو کردنەوەی ئەو هونەرە بۆ هەموو جیهان .

لە فلامینکۆدا گۆرانی پنتی سەرەکی هونەرەکانی دیکەی فلامینکۆیە، پاشان سەما کە وشەو سۆزی گۆرانی بێژ لە ریگەی جەستەوە بەرجەستە دەکات، ئینجا گیتارژەن دەبێتە تەواو کەری هەردوو هونەری گۆرانی و سەما ، نووسەری ناسراوی ئیسپانی کۆستیلۆ دەڵێت: هونەری فلامینکۆ هێزو گوزارشت بەخشین و ستاتیکای ئاوازە کە ئاوێزانی یەکتر بوونە، سەما کارانی فلامینکۆ هەمیشە بەجەستەی خۆیان توانییوویانە دژی ستەمکاری بوەستن ، هەمیشە ئەو سەماکارە پەلو پۆکانی خۆی دەکات بەئامرازێکی هێمادار، کە بینەر بتوانێت لەو سەمایەدا گەلێک هیما بخوێنێتەوە، ئەو ئەکشنانەی سەماکاریش هەرگیز بەرەو خاو بوونەوەو هێمنی نواندن ناڕۆن، بۆ ئەوەی ئەتمۆسفیرێکی ڕۆمانسیت بۆ دروست بکەن بەپێچەوانەوە ریتمی فلامینکۆ بەبەردەوامی بەرەو بەرز بوونەوەی ریتم دەچن، جەستەی سەماکار لە فلامینکۆدا هەر تەنها لە سەر ریتمی موزیک ناجولێتەوە، بەڵکو زێتر لە سەر ریتمی دەنگی گۆرانی بێژ، لەو کاتەشدا جولانەوەی سەماکار ئیجگار خێرایە، کە بینەر لە ڕێگەی بیستنی ریتمی جولانەوەی پێیەکانی سەماکار دووچاری نامۆ بوون دەبێت لە ڕووی خێرایی ریتمی پێ.

هەر کۆستیلۆ دەڵێت: هەر تەنها ئیسپانیەکان بە مامۆستای زمانی جەستە نەمانەوە، کە تێیدا قەرەجەکان خۆشەویستی و مردن لە یەک جەستەدا بەرجەستە بکەن، ئەوەتا دوای ئەوەی ئافرەتە نەرویجیەکان بە شەپۆل ڕوویان لە ئیسپانیا کرد، بۆ ئەوەی فێری هونەری سەما بن، بە تایبەت لە ئۆسلۆ، بۆ ئەوەی بەشێک لەو هونەرە جوانە بگوازنەوە وڵاتی خۆیان .

ناودارترین سەماکاری فلامینکۆ ماریا بەخۆسە ، کە لەشاری ئیشبیلیەی ئیسپانی لە دایک بووە و بە گەورەترین داهێنەر دەژمێردرێت لەجیهاندا لە سەمای فلامینکۆدا، ئەو لە ڕێگەی ئەو ئەدا سەرسوڕهێنەرو جەستە پلاستیکییەی هەیەتی، هەمیشە بە دوای فۆرمی تازەدا دەگەڕێت بۆ ئەوەی بتوانێت بە پێی تێپەڕبوونی سەردەم، بەرهەمی جوانترو نوێ تر لە فلامینکۆدا بە دەست بێنێت، لەهەمان کاتیشدا ماناییکی قوڵتر بەرخسێنێ لە سەمای فلامینکۆدا .

ماریا دەستپێکی کارەکانی لە گەڵ تیپی ئەنتۆنیۆ جادس بوو، لەڕێگەی نمایش کردنی هەردوو شانۆگەری (کارمن) و(زەماوەندێکی خوێناوی) دواتریش دەرهێنەر (کارلۆس ساورا) کردینی بە فیلمی سینەمایی. فلامینکۆ لەو دوو شانۆگەریەدا خاڵێکی وەرچەرخانی گەورەی بە خۆیەوە بینی، چونکە دەرهێنەر لە ناو ئەو دوو شانۆگەریەدا توانی سەمای فلامینکۆ بەشێوەیەکی هونەریی زۆر باڵا ئاوێزانی درامابکاو بە یەکەوە وروژاندنێکی زۆر لە سەر شانۆدا دروست بکەن ...

یەکێک لە لایەنە هەرە جیاوازەکانی کاری ماریا ئاوێتە کردنی فۆرمی کلاسیکە بەفۆرمی هاوچاخ، ئەمە وای کردووە کە فلامینکۆ تەنیا لەسەر قەدی خۆی نەمێنێتەوە و هەمیشە لەگۆڕان دابێت، ئەمە وای کردووە کە (باخیس) بەپێشەنگی نوێخوازی سەمای فلامینکۆ دابندرێت

لە وێوە ئەو سەماکارە ئیسپانییە داهێنەرە چەندین خەڵاتی بە نرخی بە دەست هێنا، لەوانەش خەڵاتی نەتەوەیی نەخشەسازی سەما بۆ ساڵی 1996خەڵاتی نەتەوەیی بۆ سەما ساڵی 2002خەڵاتی لیونی ماسینی 2004

گۆرانی ـ لە فلامینکۆدا کە لە فۆلکلۆرێکی میللییەوە وەرگیراوە و فۆرمێکی پەژارەیی پێوە دیارە، گوزارشت لەو ستەمکارییانە دەکات کە بەرامبەر بە قەرەجەکان کراوە و بە ئاوازێکی ریتم هەمە ڕەنگ دەگوترێنەوە ، کە هەندێ لە مەقامەکانی چوارگاو پێنج گا دەگرێتەوە .

ئەوەی گۆرانی فلامینکۆ دەڵێت: دەبێت تواناییێکی زۆر لە ئەدای دەنگ و هەستێکی ناسکی هەبێت، ئەو گۆرانی بێژە بە دەنگێکی خەمناک کۆمەڵێ سەربوردەو چیرۆک و بەسەرهاتی تاڵی میللی دەگێڕێتەوە، کە بتوانێت کارێک بکات لەپاڵ موزیک و سەما بینەر بوروژێنێ ?بە تایبەت لەگێڕانەوەی داستانەکانی ئەڤیندارێ کۆندا.

لە فلامینکۆدا سێ جۆرە گۆرانی هەیە: گۆرانی قوڵ ـ کە لێواو لێوە لە بەسەرهات و چیرۆکی تراژیدی ، گۆرانی مام ناوەندی کە لە دەربڕینی خەم و پەژارەییدا لەوەی یەکەمیان سووک تەرە، هەروا گۆرانی سووک ـ کە ریتمەکەی خێراترە و هاوشان لە گەڵ کێشارە دەڕوات، باس لەخۆشەویستی و ئاسوودەیی دەکات .

جلو بەرگ و بەکارهێنانی ڕەنگ فۆرمێکی تایبەتی خۆیان هەیە لە فلامینکۆ و ئێستاش لە کاتی نمایش کردنی سەمای فلامینکۆ ئەو فۆرمە تایبەتیە پارێزراوە، بە تایبەتیش ڕەنگی سوور کە هێمای خوێن و ستەمکاری دەگەیەنێت .

لە جلوبەرگی فلامینکۆدا بایەخی زۆر بە ڕەنگی گەرم دەدرێت، چەندین چینی گوڵ دەخرێتە سەر سەری نمایشکار، ئەو پۆشاکانەش لە لایەن گەورە شارەزایانی بواری پۆشاکی فلامینکۆوە دیاری دەکرێت، بە هەزاران مەتری کوتاڵی ڕەنگاو ڕەنگ لە سەر سەکۆی نمایش ڕادەخرێت، ئەو ئیکسسوارو جلو بەرگانە دەگۆڕدرێن بێ ئەوەی بینەر لە کاتی نمایشدا هەستی پێ بکات .

بۆیە کراسی فلامینکۆ ئێستا بەناوبانگترین پۆشاکی کولتووری ئیسپانیایە.

جان ئەپدایک... ڕۆمانووسی دژە تیرۆر



بۆتان جەلال

شاعیر و ڕۆمانووسی ئەمریکی (جان هوپێر ئاپدایک)، لە ساڵی 1932لە شاری ریدینگ reading لە دایک بووە، ژیانی مێردمنداڵی لە شەقامی 17ی فیلادیلفیای شاری شیلینگتۆن shillington بەسەر بردووە، تەمەنی 4ساڵ بووە لە قوتابخانەیەکی حکومیدا دەستی بە خوێندن کردووە، تاکو ساڵی 1950 قۆناغەکانی خوێندنی تەواو کردووە، پاشان دەچێتە زانکۆی هاروارد و لە گۆڤاری گاڵتە و گەپی هاروارد ئیشی کردووە، پاشان دەستی بە نووسین کردووە و خولیای شێوەکاری دەبێ و چەند بەرهەمێکی سادە بەرهەم دەهێنێ، لەگەڵ کچە هونەرمەندێک بە ناوی (ماری ئی پێنینگتۆن) ژیانی هاوسەری پێک هێناوە، پاشان دەستی بە خوێندنی ئەدەبی ئینگلیزی دەکات و نامەی تەواو کردنی خوێندنەکەی دەربارەی ڕۆبرت هیرک robert herric دەبێت کە شاعیرێکی ناوداری سەدەی حەڤدەمی بەریتانیایە ، نووسەر بە بڵاو کردنەوەی ڕۆمانی دووەمی کە ناوی (هەڵاتنی کەرێشک) بوو ، ناوداری لە جیهان دۆزیبەوە و خوێنەرێکی زۆری بۆ لای خۆی ڕاکێشا ، ئەمەش لە ساڵی 1960بوو، هەروەها داهێنانی پاڵەوانی ڕۆمانەکانی (ڕابیت ڕاکە) کە بە سێ بەش چاپکران، تیایاندا پاڵەوان (هارۆلد ڕابیت ئەنگستڕۆم) ڕۆڵی سەرەکی بینیبوو،

لەو سێ ڕۆمانەدا نووسەر ژیانی ڕابیت هەر لە منداڵییەوە تاکو پیر بوونی بەرجەستە دەکات جگە لەو قۆناغ و گۆڕانکارییانەی کە بەسەر پاڵەوانەکە دێن، ڕاستە وەک گێڕانەوە و بەرجەستە کردن باسەکە لەسەر ڕابیتی پاڵەوانە ، بەڵام بە ناراستەوخۆ باس لە ژیان و گۆڕانکارییەکانی کۆمەڵگای ئەمریکا دەکات، کاتێک بەشەکانی ئەم ڕۆمانە لە یەک کێبڕکێدا چاپ کران بە هەڕمێنترین کتێب بوو کە فرۆشیارێکی زۆر و کڕیارێکی یەکجار زۆری لێکەوتەوە و بە باشترین کتێبی نووسەر لە قەڵەم درا، هەر سەبارەت بەو ڕۆمانەی دووجار خەڵاتی (پۆلیتزەر)ی پێبەخشرا، جارێکیان لەسەر بەشی سێیەمی ڕۆمانەکە بوو کە بە ناونیشانی (کەرۆیشکە دەوڵەمەندەکە) وەری گرت ئەمە لە ساڵی 1981و لەساڵی 1990یش کاتێک سەرقاڵی بەشی چوارەم و تەواوکەری سێ بەشەکەی دیکە بوو کە بە ناونیشانی (کەرۆیشکەکە پاڵ کەوتووە)ی بڵاو کردەوە.

ساڵی 2006ڕۆمانی (تیرۆرست)ی نووسی کە بیست و دووەم ڕۆمانی بوو، ئەمجارەیان وەک بۆمبێک لە نێو شوێنێکی قەڵەبالغ بتەقێتەوە، بەمشێوەیە هەموو دەوروبەری لێیتێگەیشت و خەڵکی هێنایە سەر خوێندنەوەی ڕۆمان، چونکە ئەوەی نووسیبووی تەنها چیرۆک و سەربردەیەک نەبوو، بەڵکو گەورەترین و هەستیارترین بابەتێکە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای گۆی زەوی پێوە سەرقاڵە و بابەتێکە هەموو بنیادەمی ئەمڕۆکە دەگرێتەوە، ڕۆمانی تیرۆرست شۆڕشێکی گەرمی لە ئیسلام، لە ڕێگای ئایینی ئیسلامەوە بە دوای شوناسنامەی خودی خۆی دەگەڕێت و زۆر بە وردی بیر لە دەور و بەری خۆی دەکاتەوە و هەڵوەستە لەسەر شتەکانی کە لە دەور و بەری ڕوو دەدەن دەکات، زۆر بە ڕێنمایی و ئامۆژگارییەکانی شێخ ڕەشید کاریگەر دەبێ ئەم شێخە ئیمامێکی یەمەنییە و ئایینی بۆ شڕۆڤە دەکات و فێری خۆبەخشین لە پێناو خودا و ئیسلامی دەکات، پاشان توانەوەی ئەم گەنجە لەناو ئایینەدا وای لێ دێت بەرەنگاری هەموو شتە جوانەکانی دنیا ببێتەوە و هەموو خەڵکی لە لای شەیتان و ئیبلیس بن پێویستیان بە کوشتن و سڕینەوە هەبێ، ئەمەش لە چییەوە سۆنگەی بەستووە کە کوڕێکی میردمنداڵی سەردەڕۆ لە ژیانێکی ئازاد و ڕەهاکانی ناو کۆمەڵگایەکی ئازادی وەک ئەمریکا ببێتە ئەو گەنجە تیرۆریستە کە ژیان لای ئەو یەکپارچەیە لە ئاگر و ئاسن و خوێن و کوشتن و تۆقین، دیارە ڕەخنە گرانی ئەدەب و ئەوانەی بایەخ بە ڕۆمان و ڕەخنەی ڕۆمان دەدەن هۆکاری سەرەکی نووسینەکە بۆ کارەساتی 11ی سێپتێمبەری ساڵی 2001ی دەگەڕێننەوە کە دوو بورجە گەورەکەی ناوەندی بازرگانی بە کارێکی تیرۆرستی تەقێنراونەتەوە و ئەو دیمەنە کاریگەرانەی کە لەم ڕووداوە بەرچاوکەوتن، هەندێکی دیکە وای بۆ دەچن کە نووسەر لە ڕێگای (ئەحمەد)ی پاڵەوان دەیەوێ ئەوە ڕابگەیەنێت کە کۆمەڵگای ئەمریکا لە هەموو سنورێکی مرۆڤایەتی و چێژە مرۆییەکان و داب و نەریتە بەربڵاوانەی گەلانی ئەمریکا کە تیایدا نقوم بووینە، کە زۆر جاران وا لە خوێنەر دەکات بە داب و نەریتەکانیان دا بچنەوە و شتە خراپ و بێ ڕەوشتییەکان بسڕنەوە و وازیان لێ بهێنن، لەگەڵ شێوازێکی زۆر سادە و سەرنجڕاکێش کەوا لە خوێنەرانی دەکات بێزار نەبن و تا دوا لاپەڕەکان لەگەڵ ڕووداوەکان بژین بەتایبەتیش کە هەست دەکرێ هەمیشە لایەنگری مافەکانی ئافرەتە و بەرگری لە ئافرەت دەکات کە زۆربەیان بە دەست پیاوانەوە پاوان کراون و ئەشکەنجەی جەستەیی و دەروونی دەدرێن.

جان ئەپدایک لە ساڵی 1950وە تاکو ڕۆژی مردنی لە مانگی شوباتی ساڵی 2009خۆی بۆ نووسین تەرخان کردبوو، نزیکەی 60بەرهەمی جۆراوجۆری هەیە، 23ڕۆمان و 4 کۆمەڵە شیعر و چەندین کۆمەڵە چیرۆک و بابەتی پەخشان کە زۆربەی زۆری خەڵاتە نێو جیهانییەکانی پێ بەخشراوە جگە لە خەڵاتی نۆبڵ نەبێ..





مباپێ هەر لە پاریس دەمێنێتەوە

ئیمرێ: مباپێ خەونی مەدرید بوو بەڵام پاریس لە ژێر دەستی ریاڵی دەرهێنا

لەگەرمەی ئەو هەواڵانەی باس لەوە دەکەن کە ریال مەدرید کیلیان مباپێیان رازیکردووە باخچەی شازادەکان بەرەو قەڵای سناتیاگۆ بێرنیابێو جێبهێڵێت، لەم سەروبەندەدا یانەی پاریس سان جێرمانی فەرەنسی لە بەیاننامەیەکیاندا رایگەیاند کە مباپێ بۆ هیچ شوێنێک ناڕوات و هەر لە پاڵەوانی خولی فەرەنسی دەمینێتەوە.

یانەی پاریس سان جێرمان دەڵێت: مباپێ لەوەرزی داهاتوو لەگەڵمان بەردەوام دەبێت، چونکە نێوانی سان جێرمان و مباپێ هێندە باشە و ئەمە وایکردووە کە وەرزێکی تریش یاری بۆ ئەو یانەیە بکاتەوە، لەپەراوێزی ئەو هەواڵەوە ئیمرێ راهێنەری پێشووی سان جێرمان و ئێستای یانەی ئەرسناڵ رایگەیاند کە بەر لە دوو ساڵ یانەی ریال مەدرید هەوڵیدا ئەو یاریزانە بباتە ریزەکانیەوە، لەساڵی 2017ریال زۆر نزیک ببۆوە و لەگەڵ یانەی مۆناکۆ خەریکی رێککەوتن بوون، لە دواساتەکان پاریس سان جێرمان خۆی گەیاندە کێبڕکێیەکەو پارەی زیاتری پێشکەش کرد و مباپێی بن دەستی ریال مەدرید رفاند.

ماورۆ ئیکاردی لە پێکهاتەی ئەرژەنتینا دوورخرایەوە



یەکێتی تۆپی پێی ئەرژەنتینی پێکهاتەی هەڵبژاردەی وڵاتەکەی بۆ رکابەرییەکانی کوپا ئەمریکا راگەیاند و لەنێو پێکهاتەکەش ماورۆ ئیکاردی ئەستێرەی یانەی ئینتەر میلانی ئیتاڵی تێدانییە.

سکالۆنی راهێنەری هەڵبژاردەی ئەرژەنتینا بە میدیاکانی راگەیاند کە ئەوان خاوەن ژمارەیەک یاریزانی بەتوانان، ئێمە ناتوانین هەمووان رازی بکەین و پێکهاتەکە سنووردارە، ژمارەیەک ئەستێرەی دیارمان بانگهێشت نەکردوون ئەویش لەبەر پێکانیان، بەڵام هەرکاتێک دەرفەتی یاریان بۆ هاتە پێش ئەوا لەبیریان ناکەیت، هەروەها راهێنەری ئەرژەنتینا گوتی: ئەوانەی بۆ پێکهاتەی ئەمجارە بانگهێشتمان کردوون لە باشترینەکانی ئەرژەنتینن.

ئارنۆڵد بچوکترینی دوو کۆتایی چامپیۆنزلیگ دەبێت

ترینت ئەلکسەندەر ئارنۆڵد یاریزانی یانەی لیڤەرپوولی ئینگلیزی زۆر لەوە نزیک بۆتەوە لەوەی ببێتە بچوکترین یاریزان کە بەشداری دوو یاری کۆتایی خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپا لەسەر یەکتری بکات، ئارنۆڵد بچوکترین یاریزان دەبێت لە دوای کریستیان بانۆچی یاریزانی میلان کە لە کۆتایی چامپیۆنزلیگی 1995 بەشدار یکرد، ئارنۆڵد کە لەوەرزی ئەمساڵ سەرکەوتوو بووە لە 15 ئاسیست لەهەموو پاڵەوانێتییەکانی بەشداری کردووە، بەڵام کێشەی راستەقینە ئەوەیە کە ئەگەر لیڤەرپوول ئەو یارییەی بەرامبەر تۆتینهام بدۆڕێنێت، ئەوا بۆ ئارنۆڵد دەبێتە لەدەستدانی دوو کۆتایی کە وەک بچوکترین یاریزان بەشداری کردبێت، بەهەمان شێوە بۆ یاریزانە لاوەکانی دیکەش بێ ئومیدییەک لایان دروست دەبێت.

تێچووی کۆتایی چامپیۆنزلیگ لەسەر هاندەرانی تۆتنهام و لیڤەر بەرزدەبێتەوە

نرخی یەک شەوی هوتێل بۆ 150 یورۆ بەرز بۆتەوە

خۆشی دەربڕینی هاندەرانی ایڤەرپوول و تۆتینهام دڕێژەی نەکێشا بەهۆی بڵاوبوونەوەی هەواڵی بەرزبوونەوەی تێچووی ئامادەبوون لەیاریی کۆتای خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپا کە بڕیارە لە یەکی حوزەیرانی داهاتوو لە سەر یاریگای واندا مترۆبۆلیتانۆ لەمەدریدی ئیسپانی بەڕێوەبچێت.

کۆمپانیاکانی فرۆکەوانی نرخی هەردوو ڕێگای چوون و هاتنەوەی گەشتەکانیان بەرزکردۆتەوە بۆ 1500جونەیهی، هەروەها نرخی مانەوەی یەک شەوی هەتێلیش لە مەدریدی پایتەخت لە نێوان 100تا 150یورۆ بەرزبۆتەوە.

ئەو دوو یانەیە هەریەکەو نزیکەی 17هەزار پلیتیان بۆ تەرخان کراوە بۆ ئامادەبوون لەو یارییە، کە یاریگاکە تەنها شوینی 68هەزار کەسی تیا دەبێتەوە، لە بەیاننامەیەکی هاوبەشیشدا هەریەک لە یانەی لیڤەرپوول و تۆتینهام داوایان لە یویفا کردووە سنورێک بۆ ئەو بەرزکردنەوەی نرخە دابنێت و نەهلێن ئەو دەرفتە بقۆزنەوە.

بن عەتییە: لەبەر ئەلێگری یۆڤانتسم جێهێشت

مەهدی بن عەتییە، بەرگریکاری پێشووی یۆڤانتۆس و ئێستای دحێل، دووپاتی کردەوە، ماسیمیلیانۆ ئەلێگری، راهێنەری خانمە پیرەکە، هۆکاری ڕۆیشتنی لە یانە ئیتاڵییەکە بووە. بن عەتییە، لەمبارەیەوە لێدوانی بۆ ماڵپەڕی(کالچیۆ میرکاتۆ) دا و وتی:" کاتێک زانیم بونۆچی دەگەڕێتەوە یۆڤی، چووم قسەم لەگەڵ ئەلێگری کرد. سەبارەت بە ڕەوشی من لە وەرزی ئێستادا". وتیشی:"پێی وتم تۆ و جۆرجیۆ کیلینی، لە پێکهاتەی سەرەکییدا دەبن، بۆنۆچیش، دەبێت کار بکات، بۆ ئەوەی پێگەی جارانی خۆی بەدەست بهێنێتەوە، پێش ئەوەی لە یۆڤانتس بڕوات".هەروەها وتی:" هەرچەندە ئەلێگری بەلێنی پێدام، بەڵام بینیم یەدەگم، بڕیە شێت بووم و بەکارگێڕی یانەکەم وت، دەمەوێت یاری بکەم، ئەگەر نا دەڕۆم". ئەو بەرگریکارەی دحێلی قەتەڕی وتیشی:" یاریزانەکانی یۆڤی، هەوڵیان لەگەڵم دا هەڵوێستی خۆم بگۆڕم و نەڕۆم، بەڵام ئەوەیان درەنگ بوو، چونکە من بڕیاری ڕۆیشتنم دابوو". مەهدی لە بارەی چوونی کریستیانۆ ڕونالدۆ بۆ یۆڤانتس وتی:"کریستیانۆ ڕونالدۆ ؟ ئەو خاوەن بەهرەیەکی ناوازەیە، ئەی لەو یاریزانە نایابە لە جیهانی تۆپی پێدا. یۆڤی دەستەوارەیەکی زۆر باشی ئەنجام دا".

ڕەمزی میرەکانی

دوای کاسیاس خێزانەکەشی کەوتە نەخۆشخانەوە

هاوکات لەگەڵ دەرچوونی ئیکەر کاسیاسی گۆڵچی یانەی پۆرتۆی پورتوگالی لە نەخۆشخانە دوای بوونی گرفت لە دڵی، ئەمجارە سارا کاربۆنی هاوسەری داخیلی نەخۆشخانەکرا.

سارا کاربۆنی راگەیەندنکار و خێزانی کاسیاس بەهۆی بوونی کیسەیەک لە ڕەحمی گەیەندرایە نەخۆشخانەو چاوەڕوانی ئەنجامدانی نەشتەرگەری لێدەکرێت، بەر لەئەنجامدانی نەشتەرگەرییەکەشی کاربۆنی لە ئەکاونتی خۆی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان پۆستێکی کردووە و دڵنیایی دەداتە هەوادارانی خۆی و رایدەگەینێت کە ئەو لە حالەتێکی باشدایە و دڵنیاشە هەموو شتێک بەباشی تێپەڕدەبێت، دڵنیام رێگاکەمان دووڕە بەڵام دواجار بەختەوەری بەدوادایە، هەروەها دەڵێت: گرنگ ئەوەیە خانەوادە و خێزانەکەم لەدەورمن، و پشتیوانیم دەکەن، هەروەها تیمێکی پزیشکیش لە نزیکەوە چاودێریم دەکەن.



سێیەمی پاڵەوانی ئەورووپا لە دیدارێکی خەبات

کراستیڤا: شەترەنج باشترین هۆکاربووە بۆ خۆدەرخستنی تواناکان

خەونی من ئەوەیە نازناوی پاڵەوانێتی شەترەنجی جیهانی بەدەست بهێنم



دیمانە: هاوار مورتکەیی

بیلۆسلاڤا لیودمیلۆڤا کراستیڤا ئەو کچە شەترەنجزانەی وڵاتی بولگاریایە خاوەنی باشترین دەسکەوت تا ئێستا لە ژیانی شەترەنجی کە توانی پلەی سییەم لەسەر ئاستی پاڵەوانێتی شەترەنجی ئەورووپا بەدەست بهێنێت، ئەوەش بۆ خوودی راهێنەرەکانی دەگەڕێتەوە کە هەردووکیان خاوەن بڕوانامەی گراند ماستەرن، بیلۆسلاڤا لە دیمانەیەکی لاپەڕەی وەرزشی رۆژنامەی خەبات ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە شەترەنج تاکە ریگا بووە بۆ ئەوەی خۆی دەربخات.

هاتووم خۆم بسەلمێنم

کراستیڤا لە 3/5/2004لە سۆفیای پایتەختی بولگاریا لە دایک بووە و ئێستا قوتاپی پۆلی هەشتە و لەبارەی خۆشەویستی بۆ شەترەنجەوە دەڵێت: ئەگەرچی هیچ لە ئەندامانی خێزانەکەمان شەترەنج نازانن و تەنانەت باوکم نازانێت چۆن داشەکانیش بجوڵێنی، بەس ئەو بۆ من پشتیوانییەکی گەورەیە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا حەزم چووە سەر یاریی شەترەنج و خولیای بووم، بۆ ئەوەش شەترەنجم هەڵبژارد تا بتوانم بیسەلمێنم کە من کێم لە سەر بۆردی شەترەنج، لەڕێگای شەترەنجەوە ویستوومە هیزی خۆم و سیفاتەکانی خۆم بەدەربخەم، لەمەشدا تا ئێستا سەرکەوتوو بووینە، بەڵام بەو مانایە نا کە ئەوەی ویستبێتم بەدەستم هێنابێ.

تەمەنم 8 ساڵ بوو


بیلۆسلاڤا کراستیڤای Beloslava Lyudmilova Krasteva کچە لاوی بولگاری لەبارەی خەون و باشترین دەسکەوتی وەرزشی گوتی: لەگەڵ یاری شەترەنج زۆر ئاسوودەم و هیچ کاتێک لیی بێزار نەبووینە و هەمیشە وەک بەشێکی ژیانی خۆم سەیرم کردووە، من لەتەمەنێکی زۆر زووەوە خۆم فێری شەترەنج کرد بێ ئەوەی کەس ریگاکەم بۆ هەلبژێرێت، بەشداری زۆرێک لە پاڵەوانێتییەکانم کردووە بەڵام دیارترینیان پاڵەوانێتی شەترەنجی ئەورووپای 2012بوو کە ئەوکات تەمەنم 8ساڵ بوو، خۆشبەختانە لەیەکەم بەشداری کردنی پاڵەوانێتییەکی لەم شێوەیە توانیم پلەی سییەم لەسەر ئاستی ئەورووپا بەدەست بهێنم، ئەمە نەوەک هەر بەختەوەری کردم بەڵکو ئەرکی قورستر کردم کە زیاتر بایەخ بەخۆم بدەم و راهێنانەکان چڕتر بکەمەوە.

تواناکانی پێشخستووم

لە کۆتاییدا بیلۆسلاڤا لیودمیلۆڤا کراستیڤا کچە تەمەن 15ساڵییەکەی بولگاریا باسی لە خەون و گرنگیی شەترەنج کردو گوتی: شەترەنج فیری بردنەوە و دۆڕانی کردووم، تواناکانی پێشخستووم، سەرنجی بۆ سەرلایەنەکانی ژیان قوولتر کردووە، سوود لە شیکردنەوەکانی فێرکردووم، لەهەمووی گرنگتر شەترەنج زۆرێک لە هاوڕێی پێ ناساندووم، ئاشنای کردووم بە کلتوری گەلانی دونیا، شەترەنج باشترین هۆکار بووە بۆ خۆدەرخستن، هەوڵ دەدەم و بەردەوام دەبم بۆ ئەوەی ئاستم زیاتر بەرزبکەمەوە و ببمە یاریزانیکی پیشەگەر، خەونی گەورە شم ئەوەیە نازناوی پاڵەوانی شەترەنجی جیهان بۆ ئافرەتان بەدەستبهێنم، ئەمانەش هەمووی بە هەوڵ و راهێنانی بەردەوام و بڕوا بەخۆبوونەوە دێنەدی، لەگەڵ ئەمەش دەمەوێ سوپاسی هەردوو گراند ماستەر ڤلادیمێر دیمیترۆڤ و دیان بۆجکۆڤ بکەم GM Vladimir Dimitrov and GM Dejan Bojkovکە وەک راهێنەر و مامۆستا پشتیوانم بووینە و مانیان گەیاندۆتە ئێرە.



بەر لەیاریەکەی چێلسی بۆچی فێرگسۆن قژی بێکهامی تراشی؟



هەمیشە ئەلیکس فیرگسۆنی راهێنەری پێشووی یانەی مانچستەر یونایتدی ئینگلیزی بەوە بەناوبانگ بوو کە لە بڕیارەکانیدا زۆر توند بوو، لەهەمان کاتیش زەحمەت بوو بەرامبەرەکەی بتوانێ گفتوگۆی لەبارەوە بکات، ئەمە بەرامبەر بەهەموو یاریزانەکانی مان یونایتد بەبێ جیاوازی وابوو، کاتێک بڕیارێکی دەرکردبا دەبوا جێبەجێ بکرێت و دەرفەتی کەسی نەدەدا کە گفتوگۆی لەبارەوە بکرێت و لەبڕیارەکەی پەشیمانی بکاتەوە.

رۆژنامەی دیلی میلی بەریتانی ئاشکرای کرد کە فیرگسۆن بەر لەهەر یاریی و یەکەیەکی راهێنان فەرمانی توندی بەسەر ئەستێرەکانی مان یونایتددا دەسەپاند، تەنانەت لەدەرەوەی یاریگاش دەیویست یاریزانەکان لەژێر فەرمانی ئەودا بجوڵێنەوە و هەڵسوکەوت بکەن، یاریزانەکانیش بەمە تێدەگەیشتن کە چەند راهێنەرێکی خاوەن هێز و لەخەمی تیپەکەیدایە.

رۆژنامەکە دەگێڕێتەوە و دەڵێت: فیرگسۆن بەرلەیاریەکەی چێلسیان لە یاریگای ویمبلی لە ساڵی 2000 بەخۆی مقەس و شانەی هێناوە قژی بێکهامی بڕیوە، ئەوکات بێکهام لەو یارییە کلاوێک لەسەر دەکات تەنها بۆ ئەوەی فیرگسۆن نەیبینێت، دوای راهێنان لەکاتی گەڕانەوەمان بۆ خواردنی نانی ئێوارە کلاوەکەم لەسەر نەهێناخوارەوە، دواتر بە پاس بەرەو یاریگای ویمبلی بەڕێکەوتین، کاتێکیش خۆمان بۆ یاریەکە ئامادەدەکرد کلاوەکەم هێنا خوارەوە و فیرگسۆن قژە درێژەکەمی بینی و یەکسەر داوای لێکردم هەر ئێستا قژم ببڕم، زانیم ئەو لەبڕیارەکانی زۆر تونەدە بڕیە جگە لە بەڵێ هیچیترم نەگوت، ئەوەبوو بەپەلە خۆم گەیاندە سەرتاشخانەکەی ناو ویمبلی و قژم تراشی.

هاوار مورتکەیی

چاڤی: هێشتا زووە ببمە راهێنەری بەرشلۆنە



چاڤی هێرناندێز، ئەفسانەی پێشووی یانەی بەرشلۆنە، پاساوی بۆ نەبردنەوەی نازناوی خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەورووپا، لەلایەن یانەی بەرشلۆنە، لە سالانی دوایی هێنایەوە، بۆ ئەمەش یەک هۆکاری دیاری کرد. چاڤی لە لێدوانەکەیدا، کە رۆژنامەی مارکا بڵاوی کردووەتەوە وتی:"وابزانم دەبێت بەرشلۆنە دووبارە بگەڕێتەوە سەر شێوازی کۆنترۆڵکردنی تۆپ، ئەگەر نا مەحاڵ دەبێت، بتوانێت جارێکی دیکە خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەورووپا بەدەست بێنێت". هەروەها وتی:"میژوو پێمان دەڵێت، کە بەرشلۆنەخولی یانە پاڵەوانەکان بەدەست دێنێت، براوەی لیگا دەبێت و کۆنترۆڵی یاریەکانیش دەکات، بەڵام ئێستا نابینم ئەوە بکات". چاڤی لەبارەی بوونە راهێنەری بەرشا وتی:"ئێستا خۆم بە راهێنەری یانەکە نابینم، ناتوانم لەو پۆستەوە دەست بە کاروانی راهێنەرایەتیم بکەم، چونکە ئەوە شتێکی سروشتی نییە".وتیشی:"دەبێت خۆم وەکو راهێنەر بسەلمێنم و لە خاڵی سفرەوە دەست پێ بکەم، بۆیە گەڕانەوە بۆ بەرشلۆنە، یان بوون بە راهێنەری تیپەکە لە لیگا، هێشتا زووە". چاڤی ئەوەشی وت:"بەدڵنیاییەوە بوون بە راهێنەری بەرشلۆنە ئامانجی منە، بەڵام دەبێت زۆر ئامادە بم، ئەوەش هێشتا کاتی نەهاتووە". چاڤی لە بارەی کاروانی خۆی وەکو یاریزان وتی:"وەکو چیرۆکێکی خەیاڵی وا بوو، ئەوەی لەسەر ئاستی تاکەکەسی و تۆپانێ بەدەستمهێنا، بەدەستهێنانی ئەو هەموو نازناو و ئەزموونە، ئەو چێژەی لەسەر یاریگە وەرم گرت و،هەستکردن بە گرنگیم لە بەرشلۆنە و هەڵبژاردەی ئیسپانیا، لەنێو وردەکاریەکانی ئەو چیرۆکە دایە".

رەمزی میرەکانی

بۆ ڕێکلام کردن پەیوەندی بکەن بە:
0750 906 9595
یان ئیمەیڵی:
reklam@xebat.net
بەشی ئاگادارییەکان:
0750 588 1616

سەرنووسەر
سەلام عەبدوڵڵا
tel: 0750 445 9940 selam@xebat.net
0770 2969696
بەڕێوەبەری هونەری
شکار نەقشبەندی
shkaraffan@gmail.com

خاوەنی ئیمتیاز
عەلی عەبدوڵڵا
سکرتێری نووسین
دڵشاد مستەفا وەسانی
dilshadmstafa@yahoo.com

KHABAT Daily Newspaper Kurdistan - Iraq
Organ of KDP
Concessioner: Ali Abdulla
Editor-in-chief: Salam Abdulla
info@xebat.net
www.xebat.net

خەبات XEBAT
Thu, 23. Apr. 2019 No: (5756)
ناونیشان: هەولێر- شەقامی سەرەکی مەسیف سەلاحەدین - بەرامبەر وەزارەتی پێشمەرگە . میدیا سەنتەر

هێسار هاوکار: هونەرمەند بۆ ناوبانگ کار دەکات بێ ئەوەی بیر لەوە بکاتەوە لە دواتردا کارەکە تا چەنێک سەرکەوتوو دەبێت

پێویستە تا مردن پێشمەرگە لە یاد نەکەین کە هەمیشە پارێزەری گیان و ماڵی ئێمەبوونە



دیمانە: وریشە عومەر

هێسار هاوکار محەمەد لەشاری سلێمانی لە دایکبووم ... دەرچووی پەیمانگای هونەرە جوانەکانم بەشی موزیک ژەنیاری ئامێری عودم چەندین کار و چالاکیم هەیە لە کاتی پەیمانگام تا ئێستاش بەردەوامم. لەم دیمانەیەدا تەواوی وەڵامەکانی ئەم خاتونە بخوێنەوە:

بۆچی مۆسیقات هەڵبژارد؟

چونکە مرۆڤ ناتوانێت بێ موزیک بەردەوام بێت.

عود لای تۆچی دەگەیێنێت؟ جگە لەئامێری عود چ ئامێرێکی دیکە دەژەنیت؟

هەموو ئامێرێکی موزیک تایبەتمەندی خۆی هەیە لەلای من، بەڵام عود بۆ من خۆشەویسترینە، جگە لە ئامێری عود ئامێری پیانۆ وەک ئامێرێکی لاوەکی دەژەنم.

مەرجە عازف لەهەموو ئالەتەکان شارەزابێت؟

پێویستە ژەنیار زیاتر لە ئامێرەکەی خۆیدا شارەزابێت و گرنگی پێبدات ، دواتر ئاشنابوون بە ئامێرەکانی دیکە.

هۆکاری نە مانەوەی بەرهەمی هونەرمەندان لە ناوخەڵک لە سەرزاری خەڵک بۆچی دەگەڕێنیتەوە؟

لە ئێستادا زیاتر هۆکارەکەی ئەوەیە هونەرمەند بۆ ناوبانگ کار دەکات بێ ئەوەی بیر لەوە بکاتەوە لە دواتردا کارەکە تا چەنێک سەرکەوتوو دەبێت و لەناو خەڵکیدا دەمێنێتەوە..

وەکو لاوێک خەون بە چی دەبینیت؟

خەونی من ئەوەیە گرنگییەکی زیاتر بە موزیک بدرێت وەک هەر وڵاتێکی تری جیهانی، تا ڕادەیەک بوار بۆ ئێمە ڕەخساوە و چالاکی خۆمان ئەنجام دەدەین.

توانا و بەهرەی ئافرەتە دەنگبێژەکان چۆن دەبینی بەبەراورد لەگەڵ سالانی پێشووتر ؟

بێگومان دەنگی هونەرمەندانی سالانی پێشوتر زۆر تایبەتتربوون کە تا ئێستاش لە گوێی خەڵکیدا ماوە.

دەتەوێت چی بکەیت کەئافرەتانی هونەرمەندی پێشو نەیان کردووە؟

ئەوەندەی لە توانام دا هەبێت هەوڵی خۆم ئەدەم کە بتوانم کەم و کوڕیەکانی هونەرمەندە ئافرەتەکانی پێشوتریش پڕ بکەمەوە.

شەهیدان و پێشمەرگە لەکوێی خەونی داهاتوی تۆن؟

ئێمەی کورد پێویستە تا مردن پێشمەرگە لەیاد نەکەین کە هەمیشە پارێزەری ڕۆحی ئێمەبوون.

بەکارهێنانی ئافرەت لە کلیپ چۆن سەیر دەکەیت؟

شتێکی ئاسایە ئەگەر سنوور نەبەزێت.

تاچەند گلەیت لەکەنالەکانی ڕاگەیاندن هەیە لەبڵاوکردنەوەی هەمووجۆرە گۆرانییەک؟

بێگومان بڵاو کردنەوەی هەر کلیپێک کاریگەری باش و خراپی هەیە لەسەر تاکەکانی کۆمەڵگە ناکرێت هەموو جۆرە کلیپێک پەخش بکرێت

تا چەند ڕەسانایەتی هونەر پارێزراوە؟

ڕەسەنایەتی هوونەر ڕۆژ بە ڕۆژ لە کاڵبوونەوەدایە.

چی بکرێت بۆ ئەوەی ڕەسانایەتی هونەر لەناو نەچێت؟

باشترە بۆنەو و یادەکانمان بە جلی کوردی و سیمای کوردەوارییەوە بێت و لەیادی نەکەین ئێمە نەتەوەی کوردین.




پڕۆژەیەکی وەبەرهێنان لە بواری سینەما و دراما ڕاگەیەندرا

خەبات: رانیار دلشاد

دوای ئەوەی لە لاپەڕەی هەفتانەی هزر و هونەر لە ڕۆژنامەکەمان، تۆژەر و چاودێری سینەمایی "هاوار مستەفا خان" بابەتێکی نووسی بەناونیشانی ڕۆژی سینەمای کوردی و خەڵاتی یەڵماز گونەی-تان پیرۆز، بە سێ بەش بڵاوکرایەوە ،لە ئێستادا نووسەر ئەو بابەتەی خۆیان لە شێوەی کتێبێکدا چاپ کردووە و کردوویەتی بە پڕۆژەیەکی وەبەرهێنان لە کەرتی سینەما و دراما. ئەو پڕۆژەیە دەبێتە پردی پەیوەندی و متمانە لە نێوان دەوڵەت و سەرمایەدار و هونەرمەند و ئەدیب و میدیاکار و بینەرانی کورد و کوردستانی، بۆ وەبەرهێنان لە کەرتی سینەما و هونەر و میدیا لە سەرانسەری کوردستان و دەرەوە، هەنگاوێکی مەزنیشە بۆ بڵاوکردنەوەی هۆشیاری و زیندوو ڕاگرتنی کولتوور و فەرهەنگی کوردی.

نووسەر لەپاڵ بڵاوکردنەوەی بابەتەکەیاندا، سوپاس و پێزانین و نووسخەیەکی ئەو پڕۆژەیەی پێشکەش بە کتێبخانەی ڕۆژنامەی خەبات کرد.





گوێز.. باشترین ڕێگەیە بۆ دابەزاندنی کۆڵسترۆل

لە ماڵپەری میدیکال نیوز تودێی بابەتێکی زانستی بە ناونیشانی " گونجاندنی گوێز لەڕژێمی خۆراکی باشترین ڕێگەیە بۆ دابەزاندنی کۆڵسترۆل"، بڵاو کراوەتەوە کە لە چەند بەشێکیدا هاتووە. بە هۆی بوونی ڕێژەیەکی زۆر ئومێگا3 و باقی تورشییە چەوربیە زەروورەکان بۆ چالاکی جەستە و زۆربوونی کاری سووتانی چەوری و شیرینی بە سوودە.

بەوتەی تۆێژەران گوێز لە ڕێژەیەکی زۆر مینیزیۆم پێکهاتووە کە دەبێتە هۆی ڕێکخستنی لێدانی دڵ و بۆ کارایی دڵ زۆر بە سوودە.

هەروەها گوێز لە ڕێژەیەکی زۆر ڤیتامین ئیی پێکهاتووە کە ئەو ڤیتامینە دەبێتە هۆی جوانی و سەرنجراکێشی پێست .ئەنجامی تۆێژینەوەکان پیشانی داوە کە ئەو کەسانەی کە لەگەڵ ڕژێمی خۆراکی هێنانەخواردەوە کۆڵسترۆل گوێز دەخۆن ڕێژەی کۆڵسترۆلی نێو خوێنیان کەم دەبێتەوە و خواردنی ڕۆژانەی یەک تا دوو گوێز لە ماوەی ڕۆژدا زۆر بە سوودە .ئەنجامی تۆێژینەوەکان پیشانی داوە کە خواردنی گوێز بە شێوەیەکی ڕێک و پێک دەتوانێت هاوکاری پاراستنی کۆئەندامی بەرگری لەش بکات و ژەهری نێو جەستە خاوێن بکاتەوە .



بۆدروم ـ باکووری کوردستان.. هاووڵاتیان بەهۆی هاتنی گەرماوە، ڕوو لە کەنار دەریاکان دەکەن



بەهای وەرزشکردن

لە مانگی ڕەمەزاندا

ئەو مانگە پیرۆزە تایبەتمەندییەکی جیاوازی لەگەڵ مانگەکانی دیکەی ساڵدا هەیەن ئینجا چ سەبارەت بە شێوازی ژیان و چالاکییە جیاوازەکان، لەبەکارهێنانی خۆراکە جۆراوجۆرەکان. بێگومان وەرزشکردن لەکاتی بەڕۆژووبوندا مەترسی دیاریکراوی هەیە، چونکە لەکاتی ڕۆژوو شلەمەنی و ووزەی جەستە کەم دەبێتەوە، ئەمەش دەبێتە هۆی ووشکبوونی لەش و بەرزبوونەوەی گوشار و دارمان و لەناوچوونی خانەکانی جەستە، کە لەکاتی وەرزشکردن بنیات دەنرێن. لەکاتی بەڕۆژوبوون لەماوەی 8-10 کاتژمێر، بڕی گلۆکۆجین لە جەرگدا کەم دەبێتەوە هەروەها لەجەستەش بەڕێژەی 50٪ ، کەمبوونەوەی گلۆکۆجین دەبێتە هۆی گۆڕانی بۆ ترشی ئەمینی لە شەکر. بەڵام بەئەنجامدانی وەرزش لەڕەمەزان لەسەر گەدەیەکی بەتاڵ و لەدوای ڕۆژوێکی 10-8کاتژمێری دەبێتە هۆی سوتاندنی چەوری کەسەرچاوەی ووزەیە، کە کاریگەری لەسەر پرۆتینی جەستە دەبێت، کە بەهۆی ماندووبوون لەدەست دەدرێت.

نەبەز ڕوستایی

جێنیفەر لوپێز لە ئانتالیا کۆنسێرت سازدەکات



گۆرانیبێژی بەناوبانگی جیهانی، جێنیفەر لوپێز لە چوارچێوەی "Regnum Live in Concert" کۆنسێرت لە شاری ئانتالیا ڕێکەدخات. بەپێی ڕوونکردنەوەیەک کە لە لایەن Regnum Carya ەوە بڵاوکراوەتەوە، باس لەوە کراوە کە Regnum Live in Concert ئەمساڵ پێشوازی لە جێنیفەر لوپێز دەکات کە ساڵی ڕابردوو دەستیپێکردووە و میواندارای ئەستێرە جیهانییەکان دەکات.کۆنسێرتەکەی لوپێز لە شەشی ئابی داهاتوو لە ئانتالیا سازدەکرێت.